
سیاسەت

لە بادیناندا..
پاڵێوراوان ناوی عەشیرەت بۆ پڕوپاگەندە بەکار دێنن 16


کۆمەڵایەتی

دەمەوێ خزمەتی ژنانی باشوور بکەم 24

کار

٢٦٪ی ژنانی فەرمانبەر بیریان لە وازهێنان کردووەتەوە 27


وەرزش

جوانترین ١٥ ژنە وەرزشوان لە ئۆلمپیادی زستانەی ٢٠١٠ 37


تەندروستی

نەخۆشی ڤایرۆسی جگەری (هیپاتایتیس B) 44


کەلتوور

ئارەزووی هونەرمەندان 56






**ناونیشان:** هەولێر - شاری خەونەکان
warvin.press@yahoo.com

**خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەر:** لەنجە عەبدوڵڵا Lanjaebdulla@yahoo.com
**سەرپەرشتیاری ڕۆژنامەوانی:** عەبدولڕەحمان عەلی ebdulrehmaneli@yahoo.com
**جێگری سەرنووسەر:** تەنیا کوردی tanya_kurdy@yahoo.com
**بەڕێوەبەری نووسین:** بەهرە حەمەڕەش behre2009@yahoo.com
**راوێژکاری یاسایی:** فەوزیە فەقێ ڕەشید
**راوێژکاری دەروونی:** د. توانا عەبدولڕەحمان
**راوێژکاری کۆمەڵایەتی:** م. هەتاو کەریم

**فایلەکان**
**تەندروستی:** شیلان یاسین shelan_yasen@yahoo.com
**کۆمەڵایەتی:** ئاڤان فارس جاف avanfarsjaf@yahoo.com
**وەرزش:** ئەرسەلان عەبدوڵڵا arsalansport@gmail.com

**نووسینگەکان**
**کەرکوک:** سەمام سەمەد
**دهۆک:** هەڵز عەلی
**ئامەد:** دیلار سەولەدار
**قامیشلۆ:** لاڤە خالید

**بەڕێوەبەری کارگێڕی**
ڕێبار عەبدوڵڵا
07504624506

بۆ ڕیکلام پەیوەندی بەم ژمارە بکەن:
mob:07504624506
Normal: 0662647813

**Designed by** - Wshyar Muhammad mustafa
Mob: 0750 -794-38-38 Email: m.wshyar@yahoo.com













## مێردەکەی سکاڵای لەسەر ٣ پزیشک تۆمار کردووە

# کەمتەرخەمی پزیشك ژنێك دەکوژێت

وارڤین- دهۆک: بەهۆی مردنی ژنێک لەکاتی منداڵبوون و کەمتەرخەمی پزیشکان، مێردی ژنەکە سکاڵا لەسەر سێ پزیشکی نەخۆشخانەی ئازادی دهۆک تۆمار دەکات.

پارێزەری ئەو کێشەیە لەلێدوانێکی تایبەتدا بەوارڤینی راگەیاند کە بەگوێرەی قسەی شاهیدحاڵەکان ئەو سێ پزیشکە ئەرکی خۆیان جێبەجێ نەکردووەو وەک پێویست یارمەتی ئەو ژنەیان نەداوە. یەکێک لەو پزیشکانە بەرپرسی بەشی منداڵبوونی نەخۆشخانەی ئازادی دهۆکەو یەکێکی دیکەشیان موقیم و ئەویتریان پزیشکی پسپۆڕی بواری (جملە الع×بیە)یە.

پارێزەر کامیران سلو سمو، لەوبارەیەوە گوتی: "لەرۆژی ٢٠٠٩/١١/٨ هاوسەری بریکارەکەم پاش ئەوەی ژانی منداڵبوون گرتوویەتی لەلایەن کەسووکارەکەیەوە بۆ بەشی منداڵبوونی نەخۆشخانەی ئازادی گوازراوەتەوە. لەو رۆژەدا بەرپرسی بەشی منداڵبوون کە پزیشکێکی ژنانە لەوێ نەوبەتدار بووە، بەگوێرەی قسەی شاهیدحاڵەکان لەکاتێکدا کە رەوشی ئەو ژنە تێکچووەو زەختی بەرزبووەتەوە، پزیشکی موقیم بەچوار ئامێر پشکنینی نەخۆشی شەکرەی بۆ کردووەو هەر چوار ئامێرەکەش دەریانخستووە کە شەکرەی فولە، بەڵام پزیشک گوتوویەتی: "وا نییە، ئەو ئامێرانە لە کارکەوتوون" و بەگوێرەی قسەی شاهیدحاڵەکان ئامێرەکان نیشانیانداوە کە شەکرەکەی زۆر بەرزە.

ئەو پارێزەرە وەها درێژەی بەقسەکانی دا: "بۆیە ئەو پزیشکە تۆمەتبارە. پاش ئەوەش پزیشکی ژن پەیوەندی بە بەرپرسی نائامادەبووی نەخۆشخانەوە کرد و رەزامەندی بۆ نەشتەرگەری لێ وەرگرت. دوای ئەوەی نەشتەرگەری کۆتایی هات پزیشکەکە وایدەزانی کە ژنەکە مردووە، بەڵام ئامێرە کارەباییەکەی لەسەر سنگی دانا جارێکی دیکە هۆشیار بووەوە، بەڵام رەوشی گەلەک خراپ بوو، بۆیە یەکسەر رەوانەی (ئینعاش)ی کرد، بەڵام پاش رۆژێک تەقەڵی نەشتەرگەرییەکە لێ بووەوە. ئەو رۆژەش بەرپرسی بەشی نەشتەرگەری چووبووە دەرەوەی وڵات، بەڵام بەتەلەفۆن گوتی کە پێنج رۆژی دیکە پێویستە دووبارە نەشتەرگەری بۆ بکرێتەوە. بەڵام ژنەکە پاش نەشتەرگەری دووهەم گیانی لەدەست دا".

پارێزەر کامیران، ئاشکرای کرد کە تۆمەتباری سێهەم، پزیشکێکی پسپۆڕە، لەبواری (جملە الع×بیە) دا، بەگوێرەی گوتەی شاهیدحاڵەکان: "کاتێک تیشکی ژنەکە دەرچووە، کەسووکارەکەی لەنەخۆشخانە بەدوای ئەو پزیشکەدا گەڕاون تا سەیری تیشکەکە بکات، بەڵام بۆیان نەدۆزراوەتەوەو ناچاربوون بچنە کلینیکی تایبەتی ئەو پزیشکە، بەڵام لەوێ کەسووکاری ژنەکەیان بە تیشکەکەوە دەرکردووەو رێگەیان نەداوە پزیشکەکە ببینن".

بەپێی زانیارییەکانی وارڤین (د.ج ع) مێردی ئەو ژنە (ە.م.) لە پۆلیس سکاڵای لەسەر هەر سێ پزیشکەکە تۆمار کردووەو چاوەڕوان دەکرێت پاش تێپەڕاندنی قۆناغەی ئاساییەکانی لەداهاتوویەکی نزیکدا دۆسیەکە بگاتە دادگا.

هێژا شێخ مەمی



دەلاقەیەک بـ



# دەمانچەکە لەبیرکە!

**وارڤین – هەولێر:**

دەرهێنەر ئەمیر تەها لەدوایین کاری خۆیدا کۆتایی بەوێنەگرتنی کورتە فیلمی"دەمانچەکە لەبیرکە" هێنا. ئەمیر تەها، لەوبارەیەوە لەلێدوانێکی تایبەتدا بەوارڤینی راگەیاند:"کورتە فیلمی دەمانچەکە لەبیرکە کە سیناریۆکەی هی موحسین محەمەدە خۆم کاری وێنەگرتن و دەرهێنانم بۆ کردووە". ناوەڕۆکی فیلمەکە باس لەکچێکی پاک دەکات کە ژیانی خۆشدەوێت، بەڵام براکەی کە کەسێکی خێڵەکییە بڕیاری داوە خوشکەکەی بکوژێ و..

هەریەک لە (دلڤین موحسین، هێرش حەمەد، نەجیبە هەولێری) وەک ئەکتەر لەو کورتە فیلمەدا بەشدارییان کردووە.

(دەمانچەکە لەبیرکە) بۆ دووهەمین فێستیڤاڵی داربەڕووی زێڕینی هەولێر بەرهەم هاتووە.

**ڕۆشنە عومەر**

# ڕۆژی ڤالانتاین کچێکی ئێزدی ون بوو

**وارڤین – دهۆک:**

لەڕۆژی ڤالانتاین ١٤-٢-٢٠١٠ کچێکی ئێزدی تەمەن ١٨ ساڵ بەناوی ف. ق لەماڵ دەرچووەو تائێستاش کەس نازانێت لەکوێیە.

بەپێی ئەو زانیارییانەی کە لە سەرچاوەیەکی نزیک لەبنەماڵەی ف.ق دەست وارڤین کەوتووە ئەو کچە هیچ کێشەیەکی لەگەڵ بنەماڵەکەی نەبووە. ئەو سەرچاوەیە هەروەها رایگەیاند کە پاش ونبوونی ئەو کچە پۆلیس و شوێنە پەیوەندیدارەکان لەو بزربوونی ئاگادار کراونەتەوە، بەڵام تا ئێستا هیچ زانیارییەک لەوبارەیەوە بەدەست نەهاتووەو کەس نازانێت بەرەو کوێ چووەو پەیوەندی بە چ کەسێکەوە کردووە.

**هێژا شێخ مەمی**



# دهۆک: ٢٢٤ حاڵەتی جیابوونەوە

**وارڤین – تایبەت:**

بەپێی ئامارێکی تایبەت کە لەدادگای دهۆکەوە دەست وارڤین کەوتووە، لە ١-١-٢٠٠٩ تا ٣١ .١٢. ٢٠١٠ دووسەدوبیست و چوار حاڵەتی جیابوونەوە لەو شارەدا روویانداوە.

بەپێی ئەو ئامارەی دادگای دهۆک کە کۆپییەکی دەست وارڤین کەوتووە، لەساڵی رابردوودا ١٠٥ حاڵەتی جیابوونەوە، ٨٢ حاڵەتی تەڵاق و موخالعە، ٣٧ حاڵەتی تەڵاقی دەرەکی روویانداوە. کۆی ئەو حاڵەتانە دەکاتە ٢٢٤ حاڵەت. هاوکات سەرچاوەیەکی ئاگادار لەدادگای دهۆک بەوارڤینی راگەیاند کە ئەو ئامارە ژمارەی راستەقینەی جیابوونەوە نییە، چونکە دەیان نموونەی دیکەی تەڵاق هەیە کە لەدەرەوەی دادگاکان ئەنجامدەدرێت و عەشیرەت رۆڵێکی نەرێنی لەو پرسەدا دەگێڕێت.

**هەڵز عەلی**




www.netewe.com







## پاکستان: ساڵی رابردوو ١٠٥٢ ژن کوژراوه

**وارڤین – زنیت:**
بەپێی هەواڵێکی ئاژانسی دەنگوباسی زنیت لەساڵی ٢٠٠٩دا ١٠٥٢ ژن لە پاکستان کـوژراوەو هەروەها ژمارەی سکاڵا لەبارەی کوشتنی ژنانەوە ١٣٪ بەرز بووەتەوە. هەواڵەکەی ئاژانسی زینەت، خۆی بە راپۆرتێکی دەزگای مافەکانی ژن بەناوی (عورات) سپاردووە کە تێیدا هاتووە زۆر حاڵەت هەیە کە ئاشکرا نابن چونکە بۆ دۆسیەیان بۆ ناکرێتەوە. بەپێی ئاماری دەزگای عەورات، لەساڵی ٢٠٠٩دا لە پاکستان ١٠٥٢ ژن کوژراون. لەوانە ٧١ ژن لەکاتی دەستدرێژیدا مردوون، ٣٥٢ ژن دەستدرێژیی سێکسییان کراوەتە سەر، ٢٦٥ ژن رووبـەرووی دەستدرێژی بە کۆمەڵ بوونەتەوە، ١٤٥٢ ژن ئەشکەنجە کـراون و ١١٩٨ ژنیش رووبەرووی رفاندن بوونەتەوە.

## سزای توندوتیژی دەروونی ٣ ساڵ و ٧٥ هەزار یۆرۆیە



وارڤـین – فرانس پرێس: پەرلەمانی فەرەنسا بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی هەنگاوێکی مێژوویی هەڵگرت و سزای توندوتیژی دەروونـی زیاد کرد. بەپێی ئـەو یاسایەی پەرلەمانی فەرەنسا کە لەمانگی حوزەیرانەوە جێبەجێ دەکرێت ئەو پیاوانەی کە توندوتیژی دەروونی بەرامبەر بەژنەکانیان بەکاردێنن، دەتوانرێت تا ٣ ساڵ زیندانی بکرێن و بەپێی ئەو تاوانەی کە ئەنجامدراوە تائاستی ٧٥ یۆرۆ سزا بدرێن. ئەو یاسایە لەلایەن پەرلەمانتارێکی پارتی سۆشیالیستەوە پێشنیار کراوەو بۆ ئامادەکردنیشی رای دەروونناسی بەناوبانگ (ماریە فرانجە هیرۆگۆین) وەرگیراوە. بەگوتەی هیرۆگۆین، توندوتیژی دەروونی هەنگاوێک لەپێشەوەی توندوتیژی جەستەیی دێت و ئەگەر رێ لەو جۆرە توندوتیژییە بگیرێت، توندوتیژی جەستەییش کەم دەبێتەوە. جێی ئاماژەیە، قسەی ناخۆش، سووکایەتی و بچووک بینین وەک توندوتیژی دەروونی هەژمار دەکرێت.

## عەرەبستان: ژنانی پارێزەر دەچنە دادگا



وارڤین – شرقولئەوستەت:
عەرەبستانی سعودی بەنیازی دانانی قانوونێکە کە بەپێی ئەو یاسایە بۆ یەکەمینجار لەمێژووی ئەو وڵاتەدا رێگە بە پارێزەرە ژنەکان دەدرێت، بۆ بەرگریکردن لە بریکارەکانیان لە دادگاکاندا ئامادە بن.

وەزیـری دادی عـەرەبسـتـان محەمەد ئەلعیسا لەوبارەیەوە بە رۆژنامەی شەرقولئەوسەتی راگەیاند کە ئەو قانوونە نوێیە لەچوارچێوەی بەشێک لە هەوڵەکانی مەلیک عەبدوڵڵای پاشای ئەو وڵاتەدا دێت بۆ بەرەوپێشبردنی سیستەمی حقوقی سعودیا. ئەو گوتی: "رەشنووسی ئەو یاسایە لەرۆژانی داهاتوودا بۆ پەسەندکردن دەخرێتە بەردەست مەلیک عەبدوڵڵا". ئەو یاسایە رێگە بە ژنانی ژارێـزەر دەدات کە لە دادگاکانی خێزاندا ئامادەبن و دۆسیەگەلی وەک تەڵاق و پرسی بەخێوکردنی منداڵان بگرنە دەست.

www.netewe.com



www.netewe.com

سەرۆکی پەرلەمانی عێراق (ئەیاد سامەڕائی) بۆ وارڤین:

# کێشەی کەرکووك بەبڕیاری کەرکووکییەکان چارەسەر دەکرێت

بەغدا

سەرۆکی پەرلەمانی عێراق د. ئەیاد سامەڕائی، لەهەڤپەیڤینێکی تایبەتدا بەوارڤینی راگەیاند کە کێشەی کەرکووک تەنیا بەبڕیاری دانیشتوانی ئەو شارە کۆتایی پێدێت. سامەڕایی هەروەها ئاماژەی بەوە کرد کە ئەگەر حکوومەتی داهاتووی عێراق، لەساڵی یەکەمدا نەیتوانی کێشەکان چارەسەر بکات، شکست دەهێنێت.

سەرۆکی پەرلەمانی عێراق، ئەیاد سامەڕائی کە لە کەسایەتییە سیاسییە سەرەکییەکانی حزبی ئیسلامی عێراقە، لەهەڤپەیڤینێکی تایبەتدا لەگەڵ وارڤین، چەند تێڕوانینێکی لەبارەی حکوومەتی داهاتووی عێراق و چارەسەر کێشەی کەرکووکەوە

خستەڕوو و دووپاتیکردەوە کە کێشەی کەرکووک و دۆسیە هەڵپەسێراوەکانی نێوان بەغدا و هەرێمی کوردستان، تەنیا بەدیالۆگ چارەسەر دەکرێت و بەپێویستیشی دەزانێت ڕێکەوتنی سیاسی لەبارەوە بکرێت.

هەروەها دەڵێت پێویستە چارەسەرکردنی کێشەی کەرکووک بۆ خەڵکی شارەکە جێبهێڵین و بەغدا و هەولێر، چارەسەرکردنی کێشەکە رادەستی بڕیاری خەڵکی شارەکە بکەن، تا خۆیان بڕیار لەبارەی چارەنووسی شارەکەیانەوە بدەن. ئەو پێی باشە کە نوێنەرانی ئەو شارە بەهەموو پێکهاتەکانییەوە لەپەرلەمانی عێراق و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، چارەسەرێکی گونجاو بۆ کەرکووک بدۆزنەوە، تا ئەو مشتومڕەی لایەنەکان لەبارەی کەرکووکەوە هەیانە نەمێنێتەوە. سامەڕائی، بەدڵنیاییەوە دەڵێت: "ئەگەر ئەو بەرپرسیارێتییە بخەینە ئەستۆی خەڵکی کەرکووک، ئەوکات دەگەینە چارەسەر، بەڵام پێش ئەو چارەسەرکردنە، پێویستە ئەو ناکۆکی و بارگرژییەی لە کەرکووک هەیە نەمێنێت". سامەڕایی، هۆکاری لەئەستۆنەگرتنی چارەسەری کێشەی کەرکووک و بوونی بارگرژییەکانیش کە ناوەناوە لەبارەی کەرکووک لەلایەن پێکهاتە سیاسییەکانی عێراقەوە دەخرێنەڕوو، بۆ جێگیرنەبوونی رەوشی ئاسایشی عێراق و خراپی باری ئابووری دەگەڕێنێتەوە و رەخنە لەحکوومەتی عێراق، دەگرێت کە نەیتوانیوە زەمینە بۆ چارەسەری بارگرژییەکان، خۆش بکات.

سەبارەت بە ناوچە جێناکۆکەکان، سەرۆکی پەرلەمانی عێراق، گوتی: "پێوەرێکی گونجاو بۆ ناوچە جێناکۆکەکان نییەو ماددەی ١٤٠ هەروەک لەدەستووردا هەیە، باس لەمیکانیزمی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم شوێنانە دەکات، بەڵام ئەو شوێنانەی دیارینەکردووە کە کام شار و شارۆچکەو شارەدێیە، بەڵکو تەنیا کەرکووکی دیاریکردووە. چارەسەرکردنی ئەم کێشانەش پێویستە دوای هەنگاوی سەقامگیری، ئارامی و گەشەسەندنی کەرکووک بکرێت، تا دانیشتوانی شارەکە هەڵوێستی خۆیان دیاری بکەن و دوور لەهەموو کاردانەوەیەکی خراپی وەک ئێستا کە لەئارادایە، بۆ چارەسەری کێشەکە پشت بەراستییە مێژووییەکان و بەرژەوەندی نیشتیمانی و حەزی دانیشتووانی شارەکە ببەسترێت و ئەمەش پێویستی بە کاتە".

سەبارەت کێشەی گرێبەستە نەوتییەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان، سەرۆکی پەرلەمانی عێراق، جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەم پرسە لەرێگەی ڕێککەوتنی سیاسییەوە چارەسەر دەکرێت "ڕێککەوتن لەبارەی ئەوە هەبوو کە ئەنجومەنێکی باڵای نەوت و گاز، لەحکوومەتی ناوەندی و ئەو پارێزگایانەی نەوتی تێدا بەرهەمدەهێنرێت، دروست بکرێت و ئەم ئەنجومەنە خاوەنی بڕیاری ئەو گرێبەستانە بێت، تا ئەو ناکۆکییەی لەبارەی نەوت لە عێراقدا هەیە چارەسەر بکرێت". سامەڕایی گوتیشی ئەم هەنگاوە پێویستی بە نیازپاکی و فێڵنەکردن و گفتوگۆ هەیە "تا بەو شێوەیە چارەسەرێکی هاوبەشی هەمەلایەنە بێتە ئاراوەو مافی هەموو لایەنێکی تێدا رەچاو بکرێت".

لەبارەی ئەو پرسیارەی کە ئایا پەرلەمانی داهاتوو توانای چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەولێر و بەغدای هەیە؟ سامەڕائی دەڵێت، پەرلەمانی ئێستا نەیتوانی هەندێ لە کێشەکان، چارەسەر بکات، پەرلەمانی داهاتوو دەتوانێت چاوی پێدا بخشێنێتەوە، بەڵام چارەسەرکردنی ئەو پرسانە چەند ساڵێک دەخایەنێت. ئەو ئاماژە بە وڵاتی ئیسپانیا دەکات کە کێشەی هەرێمی باسکی هەیە، سەرباری ئەوەی حکوومەتێکی پەرلەمانی و سیستەمێکی فەرمانڕەوایی فرەڕەنگی هەیە، بەڵام کێشەکان هێشتا چارەسەر نەکراون. هەروەها سەرەڕای ڕێککەوتنی بەریتانیا لەگەڵ ئێرلەندا، بەڵام کێشەی ئێرلەندا ناوەناوە سەرهەڵدەداتەوە "ئەم جۆرە کێشانە تەنانەت لەو وڵاتانەی کە لەزۆر ڕووەوە سەقامگیری تێدایە چارەسەر نەکراوە. بۆیە چاوەڕوان ناکرێ بەو خێراییە لەرێگەی پەرلەمانی داهاتووەوە چارەسەر بکرێت. ئێمە دەڵێین کێشەمان هەیە، بەڵام پێویستە لەبەردەم ئەو کێشانە دەستەوەستان نەوەستین و بەردەوام لەهەوڵی دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەک بین". هەر لەبارەی کێشەی کەرکووکەوە جەخت لەوە دەکاتەوەو دەڵێ، نابێ کێشەکان بەهەڵپەسێردراوی جێبهێڵین، کات و دیالۆگ، دەمانگەیەنێتە میتۆدێکی هاوبەش کە بەو شێوەیە بەرژەوەندی شارەکەی تێدا پارێزراو دەبێت.

لەبارەی هەڵبژاردنی یەکشەممەی داهاتووی پەرلەمانی عێراق، سامەرایی، روونیکردەوە کە ئەم هەڵبژاردنانە گرنگی خۆی هەیە، چونکە لە کاتێکدا ئەنجامدەدرێت کە وڵات تائاستێکی باش ئارامی تێدا سەقامگیرەو خەڵکانێکی زۆر کە پێشتر لەبەشداریکردنی هەڵبژاردن دەترسان، ئەمجارە بەگوڕوتینەوە بەشداری دەکەن. گوتیشی، سەرباری ئەوەی ئەم هەڵبژاردنە کراوەیەو ئەمەش ئەڵقەیەکە لەزنجیرەی پێشکەوتنی دیموکراسی لەعێراق و گرنگی لەو ئەنجامەوە دەبێت کە لێی دەکەوێتەوە. سەرۆکی پەرلەمانی عێراق، ئاماژەی بەوە کرد کە لەبەر ئەوەی کە تائێستا ئەنجامەکان روون نین، نازانێت ئەم هەڵبژاردنە تاچەند رەوتی سیاسی عێراق دەگۆڕێت: "رەنگە جێگەی نیگەرانی بێت لەوەی ئەگەرەکان چی دەبن و لایەنە باش و خراپەکانیش چی بەداهاتوو دەڵێن؟".

لەبەشێکی تری هەڤپەیڤینەکەدا سامەڕائی، پشتیوانی خۆی بۆ هەوڵەکانی ئەو لایەنانە دووپاتکردەوە کە دەیانەوێت پاش هەڵبژاردن هاوپەیمانییەکی سیاسی بەرفراوان دروست بکەن کە مەبەستی لیستە کوردستانییەکان بوو و گوتی: "حکوومەتی داهاتوو لە عێراقدا دەبێ حکوومەتێکی ئیتیلافی بێت و هاوپەیمانێتی هێزە سیاسییەکانیش بەشێکە لەو هەوڵانە کە سوودی بۆ پاراستنی دەستکەوتەکان دەبێت". سامەڕائی، لەوە دڵنیایە کە داوی هەڵبژاردنەکان گۆڕانکاری بەسەر نەخشەی سیاسی عێراقدا دێت و گوتی: "پێشبینی دەکەم کە گۆڕانکاری بێتە ئاراوە، بەڵام پێشبینی جۆر و قەبارەی ئەو گۆڕانکارییانەو مانەوەی هاوپەیمانییەکان بەپتەوی و بەهێزی ئەستەمە. چەند لەو قەوارانە وەک خۆیان دەمێننەوەو هەڵناوەشێنەوە، یان کەرتبوونیان تێدا روونادات و ئەگەری ئەوەی لێ دەکەوێتەوە کە حکوومەتی داهاتوو سەقامگیری بەخۆیەوە نەبینێت، پێشبینییەکی زەحمەتە".

سامەڕایی دەڵێت، ئەگەر حکوومەتی داهاتوو، سەرکەوتنی گەورە بەدەست نەهێنێت، ئەوە مانای وایە کە قەوارەسیاسییەکانی عێراق لەیەکتر ناگەن: "حکوومەتی ئێستا زۆر شت دەربارەی ورووژێندرا و زۆر کەس باسی گۆڕانکارییان کرد، بەڵام لەبەر کۆمەڵێک هۆکار بەجێگیری مایەوە".

سامەڕایی، جەختی لەوە کردەوە کە ئەگەر حکوومەتی داهاتووی عێراق لەساڵی یەکەمدا سەرکەوتوو نەبێ ئەوا شکست دێنێت.


حەلا ناسر باوی

# پاشخان و مافی دەنگدانی ژنان

ئامادەکردنی: سیروان رەحیم

یەکەمین وڵاتی ئەورووپایی فینلەندا بوو کە ژنان لەرۆژی ١-٦-١٩٠٦دا مافی دەنگدانیان لێ بەدەست خست. سویسرا کە وڵاتێکە پاشخانێکی سەرنجراکێشی لەگەڵ دیموکراسی و مافی کەمینەدا هەیە، کەچی درەنگ دەستەبەرکردنی مافی دەنگدانی ژنان کەلێنی گەورەی خستۆتە پاشخانی دیموکراسی ئەو وڵاتەوە. ژنانی ئەفغانستان لە ٢٠٠٣ بەدواوە مافی دەنگدانیان هەیە. ژنانی کوەیتیش لە ٢٠٠٥ بەدواوە مافی دەنگدانیان هەیە.

### سەرەتایەکی کورت

مافی دەنگدانی ژنان ئەوە دەگەیەنێت کە ژنانی پێگەیشتوو، واتە تەمەن ١٨ ساڵ (دیارە لەهەندێک وڵات لەسەرووی ئەو تەمەنەوەیە)ی وڵاتێک لانیکەم بتوانن بەشداری هەڵبژاردن و راپرسی سیاسی بکەن، ئەوانیش هەمان مافیان لەو بوارەدا هەبێت وەک چۆن پیاوان ئەو مافەیان هەیە.

### پاشخانێک

بەدەستختستنی مافی دەنگدان لەلایەن ژنانەوە شەرێک بووە ژنان و بزووتنەوەکەیان رۆژگارێکی درێژ و بێکۆتایی بۆی تێکۆشاون. تێکۆشانێک لەسەدەی هەژدەوە دەست پێدەکات. یەکەمین ژنە تێکۆشەر کە شەری بەدەستختستنی مافی دەنگدانی ژنانی دەکرد، خاتوو ئۆلمپە دو گوگە (١٧٤٨-١٧٩٣) بوو. ئەو ژنێکی فەرەنسی بوو، تێکۆشەر، داکۆکیکار لەمافی ژنان، نووسەر و شانۆنامەنووس بوو. ئەو لەدەمی شۆرشی فەرەنسادا (١٧٨٩-١٧٩٩) کتێبی "راگەیاندنی مافی ژنان و ژنانی هاووڵاتی"ی بڵاوکردەوە. ساڵی ١٧٧٦ ژنانی ویلایەتی "نیو جەرسی" لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا مافی دەنگدان بەدەست دەخەن، بەڵام ساڵی ١٨٠٧ دیسان ئەو مافەیان لێ زەوت دەکرێتەوە. دورگەی "پیتکێرن" کە دەکەوێتە باشووری زلەریای ئارام، یەکەم شوێنە لەساڵی ١٨٣٨دا ژنان مافی دەنگدانیان لێ بەدەست




پۆستەری دەنگدانی پارتی سۆسیال دیموکرایت
ئەڵمانیا . ساڵی ١٩١٩
لەسەری نووسراوە: "مافی هاوبەش-ئەرکی هاوبەش"




> یەکەمین وڵاتی ئەورووپایی فینلەندا بوو کە ژنان لە رۆژی ١-٦-١٩٠٦ دا مافی دەنگدانیان لێ بەدەست خست. ئەودەمە فینلەندا میرنشینییەکی گەورەی سەر بە رووسیا بوو. ساڵی ١٩١٥ لەچوارچێوەی گۆڕانکاری لەدەستووری وڵاتەکەدا ژنانی دانیمارک بۆ یەکەمجار توانیان مافی دەنگدانیان هەبێت

خستووە، مافی دەنگدانی بەردەوام. شاری "ڤێلەز"یش یەکەم شاری جیهانە کە ساڵی ١٨٥٣ مافی دەنگدانی ژنانی تێدا بەدەست هاتووە. "ڤێلەز" شارێکە لە وڵاتی کۆلۆمبیا.

لەدەمی هاوچەرخدا ویلایەتی "ویمینگ" لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ساڵی ١٨٦٩ یەکەمین قەوارەی سیاسی بوو کە ژنان توانیان مافی دەنگدانی لێ بەدەستبخەن. ساڵی ١٨٧١ شارەوانی پاریس مافی دەنگدانی بۆ ژنان دەستەبەر کرد. بەڵام پاش ئەوە لەلایەن لەشکرەوە ئەم مافە لە ژنان زەوت کرایەوە. لەساڵی ١٨٩٣دا لەوڵاتی نیوزێلاند کە ئەو دەمە داگیرکراوی ئینگلیزان بوو، ژنان بۆ یەکەمجار مافی دەنگدانیان بەدەستخست. ساڵی ١٨٩٤ لەئوستورالیا کە ئەودەم وڵاتێکی داگیرکراو بوو ژنان بۆ یەکەمجار لەباشووری ئەو وڵاتە توانیان بەشداری لەدەنگدان دا بکەن و بوون بەخاوەنی بەکارهێنانی دەنگی خۆیان. ساڵی ١٩٠٢ کاتێک ئوستورالیا لەژێر داگیرکاری ئینگلیزان رزگار دەبێت، مافی دەنگدان بۆ ژنان دەستەبەر دەکات، بەوجۆرە ئوستورالیا دەبێت بە یەکەم دەوڵەتی هاوچەرخی سەربەخۆ کە ژنان مافی دەنگدانیان تێدا هەیە.

یەکەمین وڵاتی ئەورووپایی فینلەندا بوو کە ژنان لە رۆژی ١- ٦-١٩٠٦ دا مافی دەنگدانیان لێ بەدەست خست. ئەودەمە فینلەندا میرنشینییەکی گەورەی سەر بە رووسیا بوو. ساڵی ١٩١٥ لەچوارچێوەی گۆڕانکاری لەدەستووری وڵاتەکەدا ژنانی دانیمارک بۆ یەکەمجار توانیان مافی دەنگدانیان هەبێت. ١٩١٨ ,١١ ,١٢ ژنانی نەمسا "ئۆتریش" مافی دەنگدانیان بەدەست خست. ئەویش لەچوارچێوەی چەسپاندنی ئەو مافەدا لەیاسای دەوڵەت و شێوازی بەڕیوەبردنی "ئەڵمان-نەمسا"دا. کاتێک کۆماری نەمسا راگەیەندرا یەکێک لەبەندەکانی دەستووری وڵاتەکە ئەوە بوو، هەموو هاووڵاتیان:مافی "گشت، هاوبەش، راستەوخۆ و بەنهێنی دەنگدان" یان هەیە بەبێ جیاوازی رەگەزی نێر و مێ. لەهەمان رۆژدا لەئەڵمانیایش هەمان بڕیار رادەگەیەندرێت کە لە ئێستەوە هەموو هاووڵاتیان مافی دەنگدانی راستەوخۆ و بەنهێنییان هەیە، بە ژن و بە پیاوەوە بەمەرجێ، تەمەنیان گەیشتبێتە بیست ساڵان. پاش ئەوە بەماوەیەکی کەم لە ٣٠-١١-١٩١٨ دا مافی دەنگدانی ژنان لەدەستووری ئەڵمانیادا چەسپێندراو تۆمار کرا. بەمەیش بۆ جاری یەکەم ژنان لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی وڵاتەکەدا لەرۆژی ١٩- ١-١٩١٩دا ئەو مافەی خۆیان بەکارهێنا و دەنگیان دا. بەڵام بەهاتنەسەر دەسەڵاتی نازییەکان مافی دەنگدانی ژنان رووبەڕووی ئاستەنگی سەخت بووەوە.

ژنانی ئەمەریکا ساڵی ١٩٢٠ مافی تەواوی دەنگدان بەدەست دەخەن. ژنانی بەریتانیا ٢ -٧ -١٩٢٨ ئەو مافە بەخۆوە دەبینن، پاش ئەوەی لەساڵی ١٩١٩ بەدەواوە مافی دەنگدانی مەرجداریان هەبوو. لەتورکیا ژنانی ئەو وڵاتە لەساڵی ١٩٣٠ بەدواوە مافی دەنگدانیان هەیە. پاش ئەوەی ساڵی ١٩٤٤ فەرەنسییەکان بەیارمەتی و کۆمەکی هاوپەیمانان لەدەستی نازییەکان رزگاریان بوو، ژنانی وڵاتەکە تەواوی مافی دەنگدانیان بەدەست خست، مافی دەنگدان و مافی خۆهەڵبژاردنیش. پاشان لەساڵی ١٩٤٦ دا ژنانی بەلجیکا و لەساڵی ١٩٤٦ یشدا ژنانی ئیتالیا، بەهەمانشێوە هەموو مافێکی دەنگدانیان بەدەست خست. لە هندستان ١٩٥٠ و لەئێران ساڵی ١٩٦٣ ژنان ئەو مافەیان وەرگرت. بەڵام سویسرا کە وڵاتێکە پاشخانێکی سەرنجڕاکێشی لەگەڵ دیموکراسی و مافی کەمینەدا هەیە، کەچی درەنگ دەستەبەرکردنی مافی دەنگدانی ژنان کەلێنی گەورەی خستۆتە پاشخانی دیموکراسی ئەو وڵاتەوە. ژنانی سویسرا پاش ژنانی هیندستان، تورکیا، ئێران و زۆر شوێنی دیکە ئەو مافەیان بەدەست خست. ژنانی ئەو وڵاتە بۆ یەکەمجار لە ١٩٧١ ,٢ ,٧ دا دەنگیان دا. ژنانی "لیشتەنشتاین" لەساڵی ١٩٨٤ بەدواوە دەنگ



رێپێوان بۆ مافەکانی ژن لە نیویۆرک– ئەمەریکا ساڵی ١٩١٢

دەدەن. ژنانی ئەفغانستان لە ٢٠٠٣ بەدواوەو ژنانی کوەیتیش لە ٢٠٠٥ بەدواوە مافی دەنگدانیان هەیە.

## مافی دەنگدانی ژنان لە ئەورووپا

دەستپێکی داخوازییەکان

لەئەورووپا یەکەمین دەنگدان پاش بەشداری سیاسییانەی ژنان بوو لەشۆڕشی فەرەنسا دا. پاش ئەوەی خاتوو ئۆلمپە دو گوگە روونکردنەوەی سەبارەت بەمافی ژنان راگەیاند. هەروەها لەدەمی هەردوو شۆڕشی ساڵی ١٨٣١ و ١٨٤٨دا ژنانی فەرەنسا داوای مافی دەنگدانیان خستە رۆژەڤەوە.

لەئینگلستان ساڵی ١٨٣٢ ژنانی بۆ یەکەم جار داخواز و ویستی خۆیان بۆ بەدەستخستنی مافی دەنگدان خستە بەردەست. بەچاوپۆشین لەو دیرۆکانە، ژنانی وڵاتگەلی ئیسکەندەناڤیا زۆر زوو، واتە لەهەشتاکانی سەدەی ١٩ دا ویست و داخوازی مافی سیاسیانەی خۆیان راگەیاند. بەرانبەر بەوە لە وڵاتگەلی نێوەندی ئەورووپا یەکەمین داخواز و ویستەکان پاش ١٩٠٠ دێن و لەهەندێک وڵاتگەلی سەر زەریای سپی ناوەڕاست پاش شەڕی یەکەمی جیهانی دێت.

هۆکارگەلێکی زۆر هەبوون بۆ ئەوەی ژنان تا دەهات بە"هەنگاوی گورج و درێژ" لەئامانجەکانی نزیک و نزیکتر ببنەوە. گرنگترین ئەو هۆکارانەی بوون بەزەمینەسازکەری بەدەستخستنی مافی دەنگدان لەلایەن ژنانەوە:

١. چاکسازی لەمافی هەڵبژاردندا، پێشتر مافی هەڵبژاردن و یاساکانی تەنیا لەبەرژەوەندی پیاواندا بوون و ئەو یاسایانە ژنانیان پشتگوێ دەخست.

٢. چاکسازی لە یاسای هەڵبژاردندا. یاساکانی هەڵبژاردن مافی دەنگدانیان لەو ژنانەیش دەسەندەوە، وەکو ژنانی بریتانیا و نەمسا "ئۆتریش" کە پێشتر و بەشێوەیەکی نەریتخوازانە"سونەتی" ئەو مافەیان هەبوو.

٣. بەهێزبوون و بەگوڕکردنی بزووتنەوەکانی ژنان، ئەو بزووتنەوانە لەروانگەی چالاکی و کارەکانی خۆیانەوە نەک هەر مافی هاووڵاتیبوون، بەڵکو داوای مافی سیاسیشیان بەرزکردەوە.

لە وڵاتگەلی ئەورووپایی کە لەژێر دەسەڵاتدارێتی رووسیا، نەمسا و بروسیا دا بوون، هیچ بزووتنەوەیەکی سەربەخۆی ژنان دروست نەبوون. لەو شوێنانە چەند دەنگێکی زۆر کەم سەبارەت بە مافی ژنان هەبوون. لەو وڵاتانە شەڕ و تێکۆشان بۆ سەربەخۆیی نەتەوەیی لە پێشی هەموو شتەکانی دیکەوە بوون.

## ستراتیژی و شێوازەکانی تێکۆشانی ژنان

لەهەموو ئەو وڵاتانەی ژنان داخوازییەکانی خۆیان بەرز دەکردەوە. سەرەتا لەرێگەی رۆژنامەو بڵاوکراوەی سەر دیوارەوەو پاشان بەرێگەی باوی گوشار خستنە سەر. هەروەها پێشکەشکردنی داخوازینامەو دەستپێشخەری یاسایی کارەکانیان دەبردە پێشەوە. ژنان لەو وڵاتانە زۆر چالاکانە سەرقاڵی کۆکردنەوەی واژۆ بوون بۆ بەدەستخستنی مافی سیاسی و مافی دەنگدانی خۆیان. بۆ نموونە لەساڵی ١٩٠٧ دا کۆمەڵەی مافی دەنگدانی ژنان لە ئیسلاند توانی یازدەهەزار واژۆی ژنان کۆبکاتەوەو بیخاتە بەردەست. هەموویشی واژۆی خانمان بوون. لەوڵاتانی وەکو بەریتانیا و هۆڵندایش لەسەرەتای سەدەی بیست دا ژنان بۆ بەدەستخستنی مافی سیاسی و مافی دەنگدان رژانە سەر شەقام و گۆڕەپانەکان. چالاکی ژنان بۆ بەدەستخستنی مافەکانیان لەشێوەی سازکردنی سیمینار و بەرهەمی شانۆییدا لە وڵاتی سوید شێوەیەکی فراوانی بەخۆوە بینی. لەسویسرا لەبیستەکانی سەدەی بیست دا شێوازی نوژەنی چالاکیان بەکارهێنا وەکو پێشکەشکردنی فیلم و رێکلام. هەروەها بەشێوازی جۆراوجۆری وەها کە سەرنجراکێش بێت ژنان لەپێناوی بەدەستخستنی مافەکانیان دا درێژەیان بەچالاکی خۆیان دا.

ژنانی فەرەنسا بۆ مەبەستی دەستەبەرکردنی مافەکانیان ماوەیەک باجیان نەداو کۆمەڵێ چالاکی جیاوازیان ئەنجام دا، وەکو سووتاندنی ناسنامە. بەڵام ژنانی فەرەنسا پشتگیرییان بۆ ئەو چالاکیانەیان بەدەست نەخست. هەرچی ژنانی بریتانیایە، چالاکی

www.netewe.com

و نارەزایی ژنان لەو وڵاتە شێوەیەکی فراوانی بەخۆوە بینی و بەکۆمەڵ چالاکی و نارەزاییان دەردەبڕی.
بەگشتی بۆ چالاکڤانان بەدەستخستنی مافی دەنگدان گرنگ بوو داخوازیگەلی خۆیان لەچوارچێوەی کاری کەلتووریدا پێشکەش بکەن. چونکە رەگەزی بەرانبەر بەئاسانی ئەوەی پەسەند نەدەکرد ژنان ئەو مافانە بەدەست بخەن،. بۆ بەیاساییکردنی داخوازیگەلی سیاسی و مافی دەنگدان دەبوو ناسنامەی نوێ بێتە ئاراوە.

## ژنانی کوردستان و مافی دەنگدان

خۆشبەختانە لەو رۆژەوە کە لە کوردستان "باشوور"هاووڵاتیان مافی دەنگدانیان لەوڵاتی خۆیاندا هەیە، ژنانیش هەر لەو رۆژەوە هاوشانی پیاوان ئەم مافەیان هەیەو ناچار نەبوون وەکو زۆر لەمافەکانی تریان بۆ ئەم مافەیش بکەونە خەبات و تێکۆشان. واتە هەر لەرۆژی ١٩, ٥, ١٩٩٢ بەدواوە کە رۆژی هەڵبژاردنی یەکەمین پەرلەمانی کوردستان بوو، ژنانی کوردستانیش بۆیان هەبووە وەکو پیاوان دەنگ بدەن و خۆیان وەکو بەرئەندامی پەرلەمان بپاڵێون. بەڵام ئەوەی تائێستا جێگەی سەرنجەو دەبوو ژنانی کوردستان بەگشتی و بەتایبەتیش هەڵسووڕاوانی بواری کێشەی ژن بەتایبەتی بیریان لێبکردایەوە، ئەوەیە دەبوو بزووتنەوەی سەربەخۆی ژنان لەهەڵبژاردنەکاندا هەبووبا. یا ئەم بزووتنەوەیە هاوپەیمانیش بێت لەگەڵ لایەنێک بەتایبەتی یان لایەنە کوردستانییەکانی تر بەگشتی، بەڵام دەبوو کارێکی وەها بکرێت دەنگی ژن و دەنگی داکۆکیکار لە ژن لەپەرلەمانی کوردستاندا بەشێوەیەکی جیاواز هەبێت، نەک تەنیا لەچوارچێوەی کارنامەو پلانی سیاسی پارتەکاندا قەتیس بێت.

راستە ژنانی کوردستان مافی دەنگدان و خۆپاڵاوتنیان هەیە. راستە ژنە پەرلەمانتار لەپەرلەمانی کوردستان زۆرن و تەنانەت ژنگەلی وەزیریش هەن، بەڵام پێویستە ژنانی کوردستان بیرکردنەوەیان ئازاد بکەن، تێڕوانینان بۆ کێشەکانی کۆمەڵ، بۆ وڵات و بۆ پرسگەلی دیموکراسی، یەکسانی و هەروەها جیهانبینیان بگۆڕن. ئەمانەیش کاری گەورەن، مافی پێویستن و تێکۆشانی گەورەیان پێویستە.

ژنانی کوردستان بەهەموو توێژ و ئاستەکانیانەوە، لەخوێندەواری شارنشین و خاوەنکارەوە تا ژنانی لادێنشین،کەمخوێندەوار، نەخوێندەوار و جوتیاریان دەبێ ببن بەکەرەستەی راستەقینە بۆ بەدیموکراسیکردنی کۆمەڵ و بۆ هەژاندنی ئەو کۆمەڵگایەی بەدەستی خۆی وەزەی گرینگی ژن لەناودەبات. با خانمانی کوردستان لەم بوارەدا


فۆتۆ: AP

بزووتنەوەی ژنان لە ئێران و تورکیا بکەن بەنموونەیەک بۆ هەوڵدان و چالاکی خۆیان، بەتایبەتیش بزووتنەوەی ژنان لەئێران لەژێر چ رەوشێکی دژوار و ترسناکدا کار دەکەن و زەمین لەژێر پێی دەسەڵاتداری زۆردەست و سەرەڕۆدا دەهەژێنن. هەموومان دەبینین ژنان چ وزەیەکی کاریگەری بزووتنەوەو راپەڕینەکانن.

ژنانی کوردستان پێویستە لە پای بەدەستخستنی مافەکانیان شەڕێکی دیموکراسیانە دەست پێبکەن، دیموکراسیانە بەهەموو واتەیەک. دوور لەتوندوتیژی و هەروەها دوور لەدروشمی رەنگاورەنگ. دروشمگەلێکی بێناوەرۆک و بێبەرهەم کە ساڵانێکی زۆر ژنانی بەناو "فەمینیستی کوردن" بەردەوام دووپاتی دەکەنەوە. دیارە زۆرتر ئەو ژنە فەمینیستانەی ئێمە زیانیان بە پرسی ژنان گەیاندووەو هیچ دەستکەوتێکی شایستەی باسیان نەبووە. بریا ژنی کورد گوێ لەو فەمینیستانە ناگرن کە ساڵانێکە بوون بەبارێکی گران بەسەر کێشەی ژنەوەو تەنیا بیر لەخۆیان دەکەنەوە. گوێنەگرتن لەهەموو ئەوانەی کێشەی ژنی کورد بۆ مەبەستی تایبەتی خۆیان بەکاردەهێنن. دیارە ژنی کوردیش هەن ساڵانێکە چالاکانەو دڵسۆزانە کار بۆ کێشەی خۆیان دەکەن و پێشتریش ژنانمان هەبوون تەنانەت کۆڵیان بۆ رژێمێکی ترسناکی وەک بەعس نەداوەو تەنانەت سەربەرزانە بەژێر ئەشکەنجەو ئازاریشدا تێپەڕین.

ژنی کورد دەبێ بزانێ، ئەو لەوە بەنرختر و گرنگترە خۆی بکات بەکەرەستەی خۆسووتاندن و خۆکوشتن. دەبێ ئەو دەستبەرداری ئەو رێگەچارانە ببێت. ژنی کورد دەتوانێ رۆڵی گەورە لە بەدیموکراسیکردنی نیشتماندا ببینێت و بەراستی ببێت بەهەوێنی یەکسانی کۆمەڵ.

بەهیوای ئەوەی هەوڵەکان بەردەوام دەبن تا ئازادبوون لەبواری هزر و بیرکردنەوەدا. تا ئەو رۆژەی هەموو ژنانی کوردستان هەست بەوە دەکەن بەشداری ئەوان لە پرۆسەی سیاسیدا چەند کاریگەرە، هەروەها بەکارهێنانی مافی دەنگدان و بەشداریان لە پەرلەمان، لە دامەزراوەی سیاسی و لەدەزگاگەلی بەڕێوەبەرایەتیدا چەند پێویستە.

www.netewe.com

# کوردە عومەر وەک یەکەم بەرپرسی ژن

# سەرمایەی خۆی بۆ نەزاهە ئاشکرا دەکات

هەولێر

بەڕێوەبەری گشتی بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بە ژنان لە وەزارەتی ناوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کوردە عومەر، لە دیمانەیەکی وارڤیندا رەخنە لەچەمکی خانمان دەگرێت و بە وشەیەکی گشتگیر بۆ ژنانی نازانێت. هاوکات ئاشکرای دەکات کە خۆشەویستی نەکردووە، بەڵام عاشقە.

وارڤین: پلانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بە ژنان چییە؟

-پێشتر بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەبووە، بەڵام ئەو کارمەندانەی کە لێرەبوون، کاری باشیان بۆ کێشەی ژنان کردووە، بەڵام بەهەوڵی زیاتر پێویستە. ئەدای کارەکانیش وەک هەیکەلە ئیدارییەکە دەگۆڕێت. ئەمساڵ راپۆرتێکی ساڵانەی باش لەبارەی توندوتیژیی ئامادەکراوە، هیوادارم ساڵی داهاتوو باشترین و زیاتر بتوانین ژنان، ئاشنای بەڕێوەبەرایەتییەکان بکەین.

وارڤین: چالاکوانانی بواری ژنان دەڵێن، توندوتیژی کەم نەبووەتەوە؟

لەناو هەموو نەتەوەیەک توندوتیژی هەیە، بەتایبەت لەوڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە کەلتووری و عەقڵیەتی پیاو سەردەستەو بەئاسانی ناگۆڕێت و گۆڕینیشی کاتی دەوێت. کارێکی ئاسان نییەو پێویستمان بەهۆشیارکردنەوەی خەڵک هەیە. پێویستە پیاوان زیاتر هۆشیار بکرێنەوە.

وارڤین: پێشتر لە بواری بەدواداچوونی توندوتیژی دژی ژناندا کارت کردووە پسپۆڕییەتیت لەو بوارەدا هەیە؟

- نەخێر تەنیا لە یەکێتی ژنان کارمکرووە و پسپۆڕیم لەو بوارەدا نییە.

وارڤین: ئەی بە چ پێوەرێک بۆ ئەو پۆستە هەڵبژێردراون؟

بەگشتی لەبواری کاری رێکخراوەییدا کارم کردووە شارەزاییم تێیدا هەیەو لەپۆستی قایمقامیەتیشدا بەحووکمی ئەوەی ژن بووم، زۆرجار کێشەی ژنم چارەسەر کردووە.

وارڤین: لە پۆستی حیزبیدا خۆت بە سەرکەوتوو دەزانیت یان لەپۆستی حکوومی؟

لەهەموو دنیا حیزب بۆ چوونە نێو پۆستەکان و خزمەتکردن رێگەیەکە، تا بەو هۆیەوە خزمەت بەمیللەت بکرێت. گرنگ نییە تۆ پۆستەکەت حزبییە یان حکوومی، گرنگ ئەوەیە بیرکردنەوەیەکی تەسکی حزبیت نەبێت. لەدامودەزگا حکوومییەکاندا رێژەیەکی زۆری ژنمان هەیە. حەز دەکەین لەپۆستە باڵاکانیشدا ئەو رێژەیە هەبێت.

وارڤین: دەگوترێت کاتێ ژن بەپۆستێکی حزبی بەرز گەیشت، پۆستێکی حکوومی پێدەدرێت، واتە لە حزبدا پۆستی باڵاتری پێنادرێت. رات لەوبارەیەوە چییە؟

من پێشتر قایمقام بووم. پێویست بوو ژن ئەو پۆستە وەربگرێت، تا پیاوانیش متمانە بەتواناکانی ژن بکەن. ژن دەتوانێت پۆستەکانی وەک، مدیر ناحیە، قایمقام، وەزارەت و دادوەری بەڕێوەبەرێت. ئەمەش دەیسەلمێنێت کە دەتوانێت پۆستەکان لەحیزب و حکوومەت بەشێوەیەکی پراکتیکی بەڕێوەبەرێت.

وارڤین: تۆ یەکەم ئافرەت بووی چوویتە پرسەی پیاوان، ئەوە چۆن بوو؟

بەهۆی پۆستەکەمەوە دەبوو بەشداری سەرجەم خۆشی و ناخۆشی خەڵکی شارەکە بکەم. بۆیە بۆ سەرجەم مزگەوتەکان دەچووم. ئێستا لەشاری کۆیە تاراددەیەک ئەوە ئاساییە. لەسەرەتادا ئەوهەنگاوە بۆم سەخت بوو.

وارڤین: زۆرجار دەگوترێت، لەبەرئەوەی فلان کەس خوشک و کچی شەهیدە، پۆستی وەرگرتووە. تۆ بە چ پێوەرێک پۆستت وەرگرت؟

پێویستە هەموو کاتێک کەسووکاری ئەنفال و شەهیدان و زیندانیانی سیاسی لەسەرەوەی خۆمانەوە دابنێین. برا و مامم شەهیدە، رەنگە بەهۆیەوە لەزۆر شتدا کارئاسانیم بۆ کرابێت. بەڵام کەسووکاری شەهیدیش هەیە کە هیچ پلەیەکی وەرنەگرتووە. پێموانییە، تەنیا لەبەرئەوەی کەسووکارم شەهیدە پۆستم پێدرابێت. لەهەشتاکانەوە کاری حزبیم کردووەو زیندانی سیاسی بووم. لەدوای راپەڕین بەردەوام کارم کردووە و وەک ژنێک توانای خۆم بۆ خزمەتی میللەت و خۆسەلماندن بووە.

وارڤین: دەگوترێت لەکۆیە، بە فەرمانی ئێوە فەرمانگەیەکی کارەبا هەڵوەشێندرایەوە، لەکاتێکدا خەڵک پێویستیان بەو خزمەتگوزارییە هەیە؟

لەکاتی دووئیدارەییدا، پارێزگا لەکۆیە هەبوو، جیا لەقەزاکانی تر فەرمانگەی کارەباو بەڕێوەبەرایەتی کارەبای لێ بوو. بۆ نموونە فەرمانگەی ئاو و بەڕێوەبەرایەتی ئاو هەبوو. بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەو تەندروستیش هەبوو. بۆیە بەپێی هەیکەلە ئیدارییەکە پێویستبوو لەکۆیە بنکەی کارەبا هەبێت. من زۆر هەوڵم لەگەڵ بەڕێوەبەرەکەدا کەوەک بنکەیەکی سیانە کاربکات، بەڵام لەوکاتەدا کۆیە گەڕایەوە سەر پارێزگای هەولێر و ئەو بەڕێوەبەرایەتییانە نەمان.

وارڤین: دەڵێن، کۆیی و خۆیی. تاچەند کۆیی و خۆییت کردووە؟

کاتی گەنجیم لەگەڵ گەنجەکاندا بەکوردییەکی پەتی قسەمان دەکرد، تا کەس نەزانێت خەڵکی کام شارین. من باوەڕم بەمەسەلە نەتەوایەتییەکە هەیە. هەموو دارو بەردی کوردستانم خۆشدەوێت. بەڵام نایشارمەوە کۆیەو خەڵکی کۆیەم، لەهەموو شارەکانیتر خۆشتر دەوێت. هەموو شارەکان و هەولێرییەکان لەئێمە زیاتر خۆیەتی دەکەن،

www.netewe.com

بەڵام ناوی کۆیە دیارە. لەکۆیە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان زۆر بەهێزەو تائێستاش ئەوە هەیە. بۆیە ئەو قسەیان پێگوتراوە. بەپێکەنینەوە " ئەگەر کۆیە نەبێت، وڵات بەڕێوەناچێت".

وارڤین: ڕەخنەی ئەوەت لێدەگیرێت کە لەکاتێکدا قایمقام بووی، زەوی زۆرت بەکەسووکاری خۆت داوە؟

کوردە عومەر: لە مانگی ٧ی٢٠٠٤ بوومە قایمقام و ئەوساڵیش ١٦٠٠ زەوی لەکۆیە دابەشکرا، دووسەد تا سێسەد لەو ژمارەیە بۆ کەسووکاری ئەنفالکراوان بوو. ئەوەی تریش بۆ فەرمانبەران. لەو ١٦٠٠ کەسە تاکە خزمێکی منی تێدانەبوو. لە ١٩٩٩پارچە زەوییەکم وەرگرت و بە ٢٠٠٠ دیناری پارەی سویسری فرۆشتمەوە. برایەکم زیندانی سیاسییە، ئەویش لە ١٩٩٩ زەوی وەرگرت. برایەکی تریشم ئەفسەری ئاسایشە، دووبراو یەک خوشکی ترم هەیە. من بەوپەڕی بەرپرسیارێتییەوە دەڵێم هیچ کەسی من لەو ماوەیەی کە پۆستم هەبوو، ١مەتر زەوی وەرنەگرت. بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییە دەتوانن لەشارەوانی کۆیە بەدواداچوونی بۆ بکەن.

وارڤین: بەپێی زانیارییەکان لەساڵی ٢٠٠٨-٢٠٠٩، بڕی ٦٠٠ ملیار دینار لەلایەن حکوومەتەوە، بۆ کۆیە تەرخان کرابوو، بەڵام وەک پێویست خزمەتگوزاریی دیار نییە؟

کوردە عومەر: کۆیە، لەسەردەمی ڕژێمی بەعسدا، شارێکی وێران بوو. لە١٩٨٨ بۆ ١٩٩١ ڕژێمی بەعس کردی بە ناحیەو یەک دوو گەڕەکی تێکدا. هەروەها بەنیازبوو بیکاتە گوندی عومەری خەتاب، بۆیە هیچ پێشکەوتنێک لەو شارەدا نەبوو. لەدوای ڕاپەڕینیش بەهۆی شەڕی ناوخۆیی هەمیشە هەوڵدراوە لەو بەشەی ئێمە بڕێک پارە بۆ ئاوەدانکردنەوەی کۆیە خەرج بکرێت. بەڵام هەبوونی ١٦٤ گوند لە کۆیەو دروستکردنی ڕێگاوبان، قوتابخانە، بنکەی تەندروستی، پرۆژەی ئاو و ٣ شارەدێی تازە، کارێکی ئاسان نییە. ئەگەر لە ئەورووپاو ئەمریکاش بێت ئەو ئامارانەی لای منە، بیدەمە ئەوان پێیان سەیرە کە چۆن بەماوەی ٨-٩ ساڵ ئەو هەموو کارە کراوە. بیرمان نەچێت، دوای ئازادکردنی عێراق، تارادەیەک پارە پەیدابوو، لەوکاتیش ماوەی ٢ ساڵ بودجەی کۆیە لەنێوان ئیدارەی هەولێر و سلێمانیدا دیار نەبوو. لە٢٠٠٨ کۆمەڵێک کاری گەورەی وەک، بواری شوێنەوار و ڕێگاوبان، وەک، ڕێگای هەرمۆتەو هەنارەو ڕێگای کانی سۆرک، ئەنجامدرا.

وارڤین: هیچ پرۆژەیەکت بەنیوەچڵی بەجێهێشتووە؟



فۆتۆ: وارڤین

**کوردە ئەحمەد**

کوردە عومەر: بەڵێ، ئێستا کاری لێ دەکرێت. ئەگەر دووسەد ملیاری تریش خەرج بکرێت، ئێنجا دەڵێم، کۆیە شتی بۆ کراوە. هاوکات ٦٠٠ملیار دینار، بۆ بودجەی ساڵێک کەم نییە.

وارڤین: باس لەدامەزراندنی ئەنجوومەنی باڵای خانمان دەکرێت، زۆرکەس دەڵێن هەڵبژاردنی ناوی خانم، لەئەنجامی کێبڕکێی ژن و ئافرەتدا هاتووەتە ئاراوە. ڕات تۆ لەوبارەیەوە چییە؟

ئەگەر وشەگەلی ژن و ئافرەت ڕاست نەبن، خانمیش ڕاست نییە. وشەی خانم لە وشەی ژن گشتگیرتر نییە. ئەگەر لەسەر ناوی ژن و ئافرەت کۆک نەبین، پێموایە لەسەر ناوی خانمیش کۆک نابین.

وارڤین: دەگوترێت بۆ دامەزراندنی ئەنجوومەنی باڵای خانمان، ڕای ژنانی چالاک لەوبارەیەوە وەرگیراوە. ڕای تۆ چی بوو؟

کوردە عومەر: ڕام وەرنەگیراوەو ئاگادارنیم.

وارڤین: چۆن پێناسەی شەرەف، دەکەی؟

کوردە عومەر: شەرەف لە داوێنی ژندا کۆ ناکرێتەوە. زۆجار پێمدەڵێن، کوردە وەک، پیاوە. ئەو قسەیەم پێناخۆشە، چونکە من وەک ژنێک کاردەکەم و پیاو نیم.

وارڤین: دەتوانی سەرمایەی خۆتمان بۆ ئاشکرا بکەیت؟

کوردە عومەر: هەمیشە گوتوومە خۆزگە لیژنەیەکی نەزاهە هەبێت، تا سەرمایەی هەموو بەرپرسان ئاشکرا بکرێت. خۆم و کەسی نزیک بنەماڵەی خۆشم هیچیان نییە. من لە هەموو کوردستان بستێک زەویم نییە. خانوویەکمان لە حەماموک هەیەو هی هەموو خێزانەکەمانەو لە باپیرمەوە بەجێماوە. هەموومان لەوخانووە بەیەکەوە دەژین. تەنیا مووچەم هەیە، بەڕاستی تا ئێستا نازانم چەندە، لە حیسابات بۆم دەنووسن.

وارڤین: دیارە زۆرە بۆیە نازانی چەندە؟

کوردە عومەر: وابزانم ملیۆنێک و چوارسەدهەزار دینارە.

وارڤین: دەڵێن کچی کۆیە زۆر حەزیان لە زێڕە، تۆش وای؟

کوردە عومەر: من لەرێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەران بووم. بڕوام بەئاڵتوون نەبووە. چەندجاری تریش چاوپێکەوتنم لەگەڵدا بکەن، قەت نابینرێت پارچە زێڕێکم لەبەردابێت. چونکە حەزم لەزیوە. کە دەچمە بازاڕیش تەنیا ڕوو لەشوێنی ئاسەوار وقاپ و قاپاغی کۆن و کتێبخانە، دەکەم.

وارڤین: ژیانی خێزانیت پێکهێناوە؟

کوردە عومەر: نە

وارڤین: خۆشەویستیت کردووە؟

کوردە عومەر: بەداخەوە. لەهەشتاکان کە پەیوەندیم بە ڕێکخستنەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە کرد تەمەنم ١٨ ساڵان بوو. تەمەنی ئەوکات هەرەتی خۆشەویستیی بوو. لەگەڵ نیشتمان خۆشەویستیم کردووە.

وارڤین: عەشق لای تۆ واتای چییە؟

کوردە عومەر: من عاشقم. عەشق زۆر پیرۆزە. ئیتر هەر جۆرە عەشقێک بێت. وەک، عەشقی نیشتمان و دایک.

وارڤین: ئەی بۆ ڕەگەزی بەرامبەر؟

کوردە عومەر: تاقیم نەکردووەتەوە. بەڵام من کەسێکی عاشق بەهاژەهاژی ڕووبارم، هەروەها عەشقی بۆنی خاکم، بەتایبەت پایزان کاتێ باران دەبارێت چەند کاتژمێرێک لەدەرەوە دەبم، چونکە بەلای منەوە خۆشترین بۆنە.

وارڤین: وەرزش دەکەیت؟

کوردە عومەر: بەڵێ شەوانە نیوکاتژمێر بەپێ دەڕۆم.

وارڤین: حەزت لەچ خواردنێکە؟

کوردە عومەر: خواردنی کوردەواریی وەک، کەشک و دۆینەو هەموو جۆرەکانی کفتە.



**بەهرە حەمەڕەش**

www.metewe.com


جوان فوئاد


چیمەن محەممەد


شوکریە شێخانی

# ژنان بە دەنگی خۆیان روو لە بەغدا دەکەن

هەولێر

پاڵیوراوانی ژن لە لیستە کوردستانییەکاندا جەخت لەوە دەکەنەوە کە بەهۆی پاڵپشتیکردنیان لەلایەن حزبەکانیانەوە دەتوانن بۆ ئەندامی پەرلەمانی عێراق دەنگی پێویست بهێنن. هاوکات پاڵێوراوێکی ژن، دەڵێت کە لەلایەن حزبەکانەوە جیاوازی جەندەرییان پێ دەکرێت و زیاتر پاڵپشتی لەدەرچوونی پاڵێوراوە پیاوەکان دەکرێت.

چیمەن محەممەد رەشید، کە پاڵێوراوی لیستی گۆڕانە لە پارێزگای سلێمانی، پێیوایە کە بزووتنەوەی گۆڕان لەچاو تەمەنی خۆیدا، رێژەیەکی زۆر لە کاندیدی ژنی هەیەو هاوکات رەخنە لە پارتەکانی دیکەی کوردستان دەگرێت و دەڵێت:"حزب هەیە چەندین ساڵە دامەزراوە، بەڵام رێژەیەکی کەم لە ژنانی بەشداری پێکردووە". بەڕای چیمەن، تائێستا پارت و لایەنەکانی کوردستان نەیانتوانیوە بەباشی ژنان پەروەردە بکەن. ئەو پاڵێوراوەی لیستی گۆڕان هەروەها گوتی کە هەندێ لەپاڵێوراوانی ئەو حزبانە لەسەر بنەمای حزبایەتی و بنەماڵەیی کاندیدکراون، بەڵام لەسەربنەمای تاک هەموو لیستەکان خەڵکی باشیان تێدایە. هاوکات ڤیان دەخیل کە خەڵکی شنگالەو لەسەر لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ ئەندامێتی پەرلەمانی بەغدا پاڵێوراوە، دەڵێ ژنی کورد لە بەغدا لەدوو سەنگەردا کار دەکات، لەلایەکەوە وەک پەرلەمانتارێکی کورد بەرگری لەمافی نەتەوەیی کورد و لەلایەکی دیکەشەوە وەک ژنێک بەرگری لەمافی ژنان دەکات. نەسرین ئەنوەر، کە پاڵێوراوی پارتییە لە هەولێر بەپێچەوانەی رای چیمەن، دەڵێت کە دەستنیشانکردنی پاڵێوراوانی ئەمجارە، لەسەربنەمای لێهاتوویی و پرۆفیشناڵی بووە. هەندێک لە پاڵێوراوانی لیستەکان و بەتایبەتیش لیستی هاوپەیمانی کوردستان ئاستی زانستییان نزمەو بڕوانامەی ئامادەییان هەیە. بەڕای نەسرین، بڕوانامە پەیوەندی بەلێهاتوویی و توانایی کەسەکانەوە نییە، کەسی خاوەن بڕوانامەش هەیەو هیچی پێ نییە.

لەلایەکی دیکەوە، پاڵێوراوی لیستی یەکگرتووی ئیسلامی لەهەولێر جوان فوئاد، لەرێژەی پاڵاوتنی ژنان لەلایەن حزبەکەیەوە بۆ پەرلەمانی بەغدا رازییەو دەڵێت:"لە ٢٨ کەسی پاڵێوراو لە هەولێر ٧ کەسیان ژنن". پاڵێوراوی لیستی کۆمەڵی ئیسلامی لە پارێزگای هەولێر د. نەرمین تەها، دەڵێت کە دەبێ ژن، بۆ چوونە پەرلەمان پشت بەتواناو لێهاتوویی خۆی ببەستێت نەک بە کۆتا. هەندێکجار دەگوترێت کە لیستی کراوە، زیان بە پاڵێوراوانی ژن دەگەیەنێت و دەبێتە هۆی ئەوەی کە دەنگی کەمتر بێنن، پاڵێوراوی لیستی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان لەهەولێر شوکریە شێخانی، ئەوە رەت دەکاتەوە دەڵێت:"حزبەکەمان وەک چۆن کار بۆ پاڵێوراوانی پیاو دەکات وەهاش کار بۆ پاڵێوراوانی ژن دەکات". هاوکات نەسرین ئەنوەر، پاڵێوراوی پارتی باس لەوە دەکات کە لە حزبەکەیدا" هیچ جیاوازیمان پێنەکراوە". پاڵێوراوی حزبی شیوعی کوردستان پەخشان زەنگەنەش پێیوایە، ئەمجارە دەنگهێنان بۆ تواناو ئاستی خودی پاڵێوراوان دەگەڕێتەوەو ئەو پرسە بەپێگە جەماوەرییەکەی خۆیانەوە پەیوەستە.

چیمەن رەشید، لەگەڵ ئەوەدایە کە جیاوازی جەندەری بکرێت، بەڵام بەلایەنە ئەرێنییەکەی"ئەگەر ژن و پیاوێک بۆ پۆستێک دەستنیشانکران و تواناکانیان وەک یەکبوو، ژنەکە دابنرێت".

بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق ٤ لیستی کوردی بۆ بەدەستهێنانی ٣٢٣ کورسی کێبڕکێ لەگەڵ قەوارە سیاسییەکانی عێراق، دەکەن. لەکۆی ٦٣٤ پاڵێوراوی هەر ٤ لیستی کوردی (هاوپەیمانی کوردستان، بزووتنەوەی گۆڕان، کۆمەڵی ئیسلامی و یەکگرتووی ئیسلامی) بۆ هەڵبژاردنی بەغدا، ١٦٤ پاڵێوراویان ژنن کە ٧٥ ژن لە لیستی هاوپەیمانی و ٤٦ لە لیستی گۆڕان و ٣٣ لە لیستی یەکگرتوو و ١٠ لەلیستی کۆمەڵەی ئیسلامین.

سەبارەت بە رکابەری نێوان پاڵێوراوانی ژن و پیاو، زۆربەی پاڵێوراوەکان، جەخت لەسەر نەبوونی رکابەری نێوان خۆیان و رەگەزی پیاو دەکەنەوە. یەکێک لە ژنە پاڵێوراوانی لیستی هاوپەیمانی کوردستان کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت، ئاماژەی بەهەبوونی جیاوازی لەنێوان پاڵێوراوانی ژن وپیاو لە لیستەکەیاندا کرد و گوتی:"حزبەکانی نێو هاوپەیمانی، ئەوەندەی گرنگی بەپاڵێوراوانی پیاو دەدەن، بەئێمەی نادەن".

www.netewe.com

# ژنە پاڵێوراوەکان دەپارێزن

## ئەندامێکی دەستەی هاوڕێیانی ئاشتی:

# ٥ ژنی پاڵێوراو سووکایەتییان پێ کراوە

سلێمانی

ژنە پاڵێوراوەکان بۆ پەرلەمانی عێراق رووبەرووی توندوتیژی دەبنەوەو لیژنەیەک بۆ بەرگریکردن لەو کاندیدانە پێکدەهێنرێت و تائێستا چەندین حاڵەتی توندوتیژییان بەرامبەر بەکاندیدە ژنەکان تۆمارکردووە.

لەگەرمەی بانگەشەکردنی لیستە رکابەرەکانی هەڵبژاردن لانە محەمەد، کاندیدی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لەپارێزگای سلێمانی رووبەرووی هێرشی هەوادارانی بانگەشەکاری هەڵبژاردن بوویەوە لەلایەن کۆمەڵێک کەسەوە ئۆتۆمبیلەکەی هێرشی کرایەسەرو جامی ئوتومبێلەکەی شکێنراو زیانی گەورەی پێ گەیەندرا.

هەڵسووڕاوانی بواری مافەکانی ژنان ئاماژە بەوە دەکەن بەشێوەی جۆراوجۆر ژنانی کاندیدکراو رووبەڕووی توندوتیژی بوونەتەوەو دیارترینیان خستنەپاڵی تۆمەتی ئەخلاقی و هێرشی راستەخۆیە بۆ سەریان.

دەستەی هاوڕێیانی ئاشتی کەدەستەیەکە لەکۆمەڵێک ژن و چالاکوانی بواری مافەکانی ژنان پێکهێنراوەو چەندین رۆشنبیریش تێیدا ئەندامن، جەخت لەوە دەکەنەوە بۆ بەدواداچوونی توندوتیژی بەرامبەر بەپاڵێوراوە ژنەکان لیژنەیەکیان پێکهێناوە.

لەوبارەیەوە ئەندامی دەستەی هاوڕێیانی ئاشتی مەهاباد شێخ محەمەد ئەمین، بەوارڤینی راگەیاند:"کارکردنمان لەسەر ئەو ژنانەیە کە ناویان دەزڕێندرێت و ناحەقیان بەرامبەر دەکرێت، بەتایبەت لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا. کاتێک دەیانەوێت بێنە پێشەوەو خۆیان بۆ پۆستی حکومی یان پەرلەمان ئامادە بکەن".

لەبارەی ئامانجی دروستبوونی دەستەکەوە، مەهاباد گوتی:"ئامانج ئەوەیە کە داکۆکی لەو ژنانە بکەین کە رووبەرووی ململانێ سیاسییەکان دەبنەوە. دیارە ئەمەش دەبێت لەڕێگەی پارتە سیاسییەکانەوە کاریان لەسەر بکەین ئەوە ئامانجی یەکەممانە، ئامانجی دووهەمیشمان ئاشتییە".



مەهاباد شێخ محەمەد ئەمین

دەستەی هاوڕێیانی ئاشتی بۆ کاراکردنی بڕیاری ١٣/٢٥ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی نەتەوەیەکگرتووەکانە لەپێناوی پاراستنی مافەکانی ژنان و منداڵان بەشێوەیەکی گشتی لەو بارودۆخە سیاسیانەی کە بەرەورووی دەبنەوە.

بەپێی ئەو ئامارەی دەستەی هاوڕێیانی ئاشتی کە لەبارەی توندوتیژی بەرامبەر پاڵێوراوە ژنەکانەوە تۆماریان کردووە، ئەوان تائێستا لەسەرانسەری هەرێمی کوردستان پێنج حاڵەتیان تۆمار کردووە، بەڵام وەک گوتیان بەهۆی ئەوەی تۆمەتی ئەخلاقی خراوەتە پاڵ هەندێکیان ناتوانن ناوەکانیان ئاشکرا بکەن.

لەبارەی جۆری توندوتیژییەکانەوە ئەو ئەندامەی دەستەی هاوڕێیانی ئاشتی گوتی:"بەداخەوە لەم رۆژانەدا بینیمان یەکێک لەکاندیدەکان لانەخان بوو هێرشێکی زۆر نادیموکراتییانەی کرایەسەر. ئەوەش بۆ نەزانی ئەو کەسانە دەگەڕێتەوەو ئێمەش وەک دەستە ئەو هێرشە مەحکووم دەکەین".

مەهاباد، هەروەها گوتی کە ئەوان لایەنی هێرشکاریان لەو هێرشە ئاگادار کردووەتەوەو یادداشتێکیان ئاراستە کردوون و داوایان لێ کردوون کە رێگە نەدەن جارێکی دیکە هێرشێکی لەوجۆرە دووپات ببێتەوە.

مەهاباد گوتی:"پێنج حاڵەتمان تۆمار کردووە، بەس ناتوانین لێرەدا ناویان بەرین، هەرچەندە یەکێکیان ناوی بەئاشکرا بڵاو بووە کێشەکەی بووە کێشەیەکی گەورەو ئێستا چووەتە ئاستێکی نێودەوڵەتی و کاری جدی لەسەر دەکرێ".

دەربارەی ئەو حاڵەتانەی دەستەی هاوڕێیانی ئاشتی تۆماریان دەکەن وشێوازی کارکردنیان لەسەر حاڵەتەکان، مەهاباد، گوتی:"ئێمە دوای راگەیاندنی خۆمان، لە حزبە سیاسییەکانەوە دەستمان پێ کرد و حاڵەتەکانمان لەگەڵیان باس کردووە. هەروەها لەهەفتەی رابردوودا سەردانێکی د.بەرهەم ساڵح سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانمان کرد و ئەویش پشتیوانی لەدەستەکەمان کرد و ئامادەیی خۆی بۆ هاوکاریکردنی دەستەکە دەربڕی.

www.netewe.com

# له بادیناندا..

# پاڵێوراوان ناوی عەشیرەت بۆ پڕوپاگەندە بەکار دێنن

دهۆک

لەپارێزگای دهۆک، پاڵێوراوان ناوی عەشیرەتەکانییان دەکەنە پاشگری ناوەکانیان و ئەوەش بووەتە جێی رەخنەی هەندێ کەس، چونکە پێیانوایە، ئەوە بۆ سەرنجراکێشانی خەڵکەو ناوی عەشیرەت، دەکرێتە ئامرازی بەدەستهێنانی دەنگ.

بەپێی بەدواداچوونێکی وارڤین، لەکۆی ٥٩ پاڵێوراوی لیستەکانی هاوپەیمانی کوردستان، کۆمەڵ، یەکگرتوو و گۆڕان لەدەڤەری بادینان، ٣٦یان ناوی عەشیرەتیان کردووەتەوە پاشگری ناوەکانیان و بۆ پرسی هەڵبژاردن بەکاریان هێناوە. لەکۆی ١٦کاندیدی لیستی گۆڕان، لەدەڤەری بادینان١١یان پاشگری ناوی عەشیرەتیان بەکارهێناوە. لیستی یەکگرتووی ئیسلامی لەکۆی ٢٠ پاڵێوراو ١٢، و کۆمەڵی ئیسلامیش لە٣ پاڵێوراوا و لەکۆی ٢٠ پاڵێوراوی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لەکۆی١٢یان پاشگری ناوی عەشیرەتیان بەکارهێناوە. وێڕای ئەوەی کە هەندێکیشیان ناوی شارەکانیان نوسیووەو لەم بوارەشەوە ژمارەی پاڵێوراوانی لیستی گۆڕان لە لیستەکانی دیکە زیاترە.

پاڵێوراوی لیستی گۆڕان حەلیما سندی، یەکێک لەو پاڵێوراوانەیە کە ناوی عەشیرەتەکەی نوسیووە لەوبارەیەوە دەڵێت:"مەبەستمان عەشیرەتگەری نییە، بەڵام گۆڕان تائێستا نەیتوانیووە، بەئاشکرا خۆی دەربخات، بۆیە هەرپاڵێوراوێکی گۆڕان، ناوی عەشیرەتەکەی نوسیووە، تادوایی بەرگری لەعەشیرەتەکەی خۆی بکات". هاوکات سەرۆکی لیستی گۆڕان لەدهۆک، د. بورهان یاسین، پێیوایە، ئەوە راستییەکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کۆمەڵگە تەقلیدییەکانە، بۆیە پێویستە رەچاوی ئەوە بکرێت. بەرای د. بورهان، پاڵاوتنی کاندیدانی گۆڕان، لەسەر ئاستی عەشیرەت نەبووە، بەڵکو بەپێی ئاستی تواناو بەرنامەی لیستەکە بووە.

لەپارێزگای دهۆک، لیستەکان کێبڕکێ لەسەر بەدەستهێنانی ١٠کورسی دەکەن. بەپێی ئەنجامی چەند راپرسییەک کە لەلایەن دەزگای موکریانی و پەیمانگای کوردستان بۆ پرسە سیاسییەکانەوە ئەنجامدراوە، دەرکەوتووە کە ٧٥٪ ی هاووڵاتییان دەنگ بە لیستی هاوپەیمانی کوردستان دەدەن.

وەک لەراپرسییەکاندا هاتووە، پێشبینی دەکرێت لیستی کوردستانی بێ رکابەر یەکەم بێت و پارتی ٨ کورسی بەدەست بێنێت. لیستی کوردستانی لەدەڤەری بادینان ٢٠ کاندیدی هەیە، کە ١٣پارتی، ٤ یەکێتی، ١شیوعی ١سوسیال دیموکرات، ١ زەحمەتکێشان. هەروەها ٥ لە پارتی، ٤ یەکێتی، ١ شیوعی، ١ سوسیال دیموکرات، ناوی عەشیرەت و شارەکانیان، نووسراوە. کاندیدی لیستی کوردستانی زاهیدا وەلید، یەکێک لەو پاڵێوراوانەیە کە ناوی لەپۆستەرەکەیدا عەشیرەتی لەگەڵ نەنووسراوەو خۆی بەنوێنەری میللەتی کورد دەزانێت، بەڵام گوتی، من بە عەشیرەت سندیم و ئەوەشی نەشاردەوە کە ناوی عەشیرەت، کاریگەری لەسەر بەدەستهێنانی دەنگ هەبێت.




ئەو دیاردەیە لای سەرۆکی لیستی هاوپەیمانی (موئەید تەیب) لەدهۆک" نامۆ نییە" و بەسروشتی دەزانێت، بەڵام بەرای ئەو، ناوی عەشیرەت، کاریگەری لەسەر دەنگدەران نابێت"ئەو کەسانەی دەردەچن کە بتوانن لە بەغدا، کار بۆ پرسی نەتەوەیی کورد، بکەن". موئەید تەیب، پێیوابوو دەنگدەران لەچینی جیاجیان و ئاستی هۆشیارییان بەرزە. پاڵێوراوانیش، پاڵێوراوی حزبن، نە وەک عەشیرەت.

لیستی یەکگرتوو ئیسلامی، ٢٠ کاندیدی لەم دەڤەرە هەیە کە ١١یان ناوی عەشیرەتەکانیان لە پشت ناوەکانیانەوە نووسیوە. کاندیدی ئەو لیستە لەزاخۆ، مەلا تەها گولی، دەڵێت:"ناوی عەشیرەت کاریگەری بەسەر دەنگدەرانەوە دەبێت". ئەم دیاردە بووەتە جێگەی نیگەرانی هەندێ عەشیرەت و دەڵێن، نابێت ناوی عەشیرەت، بۆ بەرژەوەندی تاکەکەسی بەکار بهێنن. بەبۆچوونی محۆ حەسەن٦٠ساڵ، ئەوە کارێکی باش نییە"نابیت عەشیرەت بکریتە ئامرازی بەدەستهێنانی دەنگ. ئەم دیاردەیە ئەنجامی خراپی لەسەر پەیوەندی عەشیرەتەکان دەبێت. نابێ هیچ حزبێک، خۆی بەخاوەنی عەشیرەت بزانێت". بەبڕوای ئارین ئیسماعیل، ٢٢ساڵ:"پێویستە پاڵێوراوان بۆ خزمەتکردن بەمیللەت، خۆیان کاندید بکەن، نە وەک عەشیرەت". هاریوان عەلی ٣٠ ساڵان کە عەشیرەتی برادۆستە، جەخت لەوە دەکاتەوە کە دەنگ بۆ عەشیرەت نادات"دەنگ بەکەسێکی لێهاتوو دەدەم".

**بەرهەڤان ئەحمەد**

www.netwe.com

# ژن و دەنگدان



کاتێک باسی مافەکانی ژن دەکەین، وەک ئەوەیە سەمفۆنیایەکی دووروودرێژ بەئاوازێکی خەماوی لێبدەین، چونکە ژن هەر لەکۆنەوە پەراوێزخراوەو مافی خوراوە. سەرەرای ئەوەی رۆشنبیران، چەندینجار ویستوویانە پەرە بەمافەکانی ژنان بدەن، بەڵام هەمیشە بەربەستیان بۆ دروست کراوە. ژن هەمیشە بەدڵێکی فراوانەوە بەهێمنی ماڵ و منداڵ و کارەکانی، بەرێوەبردووە. پێدانی مافی ژن لەروانگەی ئیسلامەوە بۆ زیاتر لە ١٤٠٠ ساڵ، دەگەرێتەوە کە چەندینجار لەقورئانی پیرۆز و فەرموودەی پەیامبەر محەممەد (د.خ)، ناوی ژن هاتووە. هەروەها پەیامبەر، خۆی لەهەندێک کاروباردا راوێژی بە خەدیجەی هاوسەری کردووە. ژنی موسڵمان لەتەنیشت پیاوەکان مبایعەی پێغەمبەریان دەکرد و لە عەقەبەو حدیبیەش شانبەشانی پیاوان مبایعەیان دەکرد.

لەپاش شەهیدبوونی عومەری کوری خەتاب، عەبدولرەحمانی کوری عەوف، بۆ دیاریکردنی خەلیفەی موسڵمان، راوێژی بەژنان کرد، تارای خۆیان لەهەڵبژاردنی خەلیفەدا دیاری بکەن، بۆیە دەتوانین بڵێین ئیسلام یەکەم ئایین بووە کە مافی دەنگدانی بە ژن داوە.

ژن، لە کۆنەوە مافی بەشداریکردنی لەسیاسەت پەراوێز لێ زەوت کرابوو. لەگەڵ هەموو ئەو پێشکەوتنەی کە لەسەردەمی فەیلەسوف و زاناکان تۆمارکراوە، بەڵام هەندێکیان ژنیان بەشیاوی هیچ شتێک نەزانیوە. ئەرستۆ، یەکێک بوو لەو فەیلەسوفانەی کە دەیگوت:"ژن کەم عەقڵەو شیاوی هیچ نییە، بەبەڵگەی ئەوەی ژمارەی ددانەکانی لەژمارەی ددانی پیاو کەمترە". لەهەمووی سەیرتر ئەوە بوو ئەرستۆ، خۆی دوو ژنی هەبوو، بەڵام هیچ کاتێک بیری لەوە نەکردبووەوە کە ددانیان بژمێرێت. کە ژن لەوڵاتانی رۆژئاوا هەستیان بەپەراوێزخستن و جیاکاری کرد، دەستیان بەخەبات و تێکۆشان کرد، تا لەو رێگایەوە مافەکانیان دەستەبەر بکەن، بەتایبەت مافی دەنگدان لەهەڵبژاردنەکاندا. لەساڵی ١٨٦٦ یەکەم داواکاری کە لەلایەن (جۆن ستیوارت) فەیلەسوفی بەریتانی پێشکەش بەدەسەڵاتدارانی بەریتانیا کرا، دامەزراندنی یەکەم کۆمەڵەی ژن و پێدانی مافی دەنگدان بە ژنان بوو. بەڵام داواکارییەکە قبووڵ نەکرا. ئەمەش وایکرد ژنان، بەخۆپیشاندان رووبەرووی دەسەڵات ببنەوە. لەساڵی ١٩٠٩، نارەزایی ژنان گەیشتە لوتکەو لەپاڵ خۆپیشاندانەکاندا چەندین دامودەزگای وەزارەتی ناوخۆ و دەرەوەیان سووتاند. یەکێک لە ژنەکان، لەساڵی ١٩١٢ خۆی فرێدایە بەردەم ئەسپی شای بەریتانیا ئەسپەکە بەسەریدا چوو و لەئەنجامدا مرد. دواتر فەرمانرەوای بەریتانیا فەرمانی بەدەستگیرکردنی ژنانی داو ئەو ژنانەی کە لە خۆپیشاندانەکان بەشداربوون خرانە بەندیخانەوەو ئەوانیش وەک کاردانەوەیەک مانیان لەخواردن گرت. بۆ سووکایەتیکردن بەژنان، پزیشکی بەندیخانە بۆرییەکی بۆ نێو زاری ژنەکە رەت دەکرد و لەو رێگایەوە خواردنی ئاودیوی گەدەیان دەکرد، ئەمەش وەک گاڵتەکردن بە مانگرتنی ژنان بوو.

باروودۆخی بەریتانیا، تاساڵی ١٩١٨ بەرامبەر بە ژن، بەم شێوەیە بوو، ئینجا مافی دەنگدان بەژنانی سەرووی تەمەنی ٣٠ ساڵییەوە درا. یەکەم وڵاتی ئەورووپی کە مافی دەنگدانی بە ژن دا فلندا بوو(١٩٠٦). فەرەنساش دوای جەنگی یەکەمی جیهانی مافی دەنگدانی بەژنان بەخشی و وەزیری ژنانی دامەزراند کە ئەویش (ایرین جولیو) بوو کە بووە وەزیری کاروباری زانستی، هاوکات ئەو ژنە لە کیمیا خاوەنی خەڵاتی نۆبڵ بوو. لەساڵی ١٩١٤ لە ئەمریکا مافی دەنگدان بەژنان درا یەکەم ژنی ئەمریکی کە بۆ کۆنگریس هەڵبژێردرا (جینیت رانکین) بوو کە رۆڵێکی زۆری لە ورووژاندنی دەستەبەرکردنی مافی ژنان و بەشداریان لە سیاسەتدا هەبوو. لەچارەکی کۆتایی سەدەی بیستەم لە ١٩٧٩/١٢/١٨، نەتەوە یەکگرتووەکان رێککەوتنامەی کۆتاییهێنان بەهەموو جۆرێک هەڵاواردنی دژ بەژنانی راگەیاند کە ١٤٠ بەندی لەخۆگرتبوو. لەبەندی حەوتەمی ئەو رێککەوتننامەیەدا هاتووە کە ژن بۆی هەیە بەشداری لەهەڵبژاردنەکاندا بکات و خۆیشی بپاڵێوێت.

کابان عەبدولکەریم

www.netewe.com

# بۆ ئەو ژنانەی باری شەڕیان هەڵگرتووە



ڕەیهان یالچینداغ:

لەهەموو شوێنێکی جیهان تێبینییەکانی پارێزەرانی مافەکانی مرۆڤ وەک تێبینیگەلێکی مێژوویین. لەگەڵ ئەوەدا کە ناویشیان نازانن، بۆ ئەوەی هیچ مرۆڤێک لە دەستگیرکردندا ون نەبێت، زۆرجار دەڕژێنە سەر شەقامەکان، جارجاریش دەبنە هاریکار و یارمەتیدەری ئەوانەی کە کەسووکاریان لەسەر چیاو لەناو گۆڕە بەکۆمەڵەکاندایە. جارجاریش لـەدژی تاوانانە دژە مرۆڤییەکان دەبنە پاڵپشت، دەبنە هاواری زوڵملێکراوان. لەم جوگرافیایەی ئێمەشدا لەمیانەی ئەو شەڕەی کە ٣٠ ساڵە بەڕێوەدەچێت، زیاتر لەهەر کەسێکیتر پارێزەرانی مافەکانی مرۆڤ بوونەتە شاهیدی دەردو کوڵی ئەو ژنانەو هەوڵیانداوە برینەکانیان سارێژ بکەن.

ئەمڕۆ لەرەفەکانی دادگای مافەکانی مرۆڤدا، مرۆڤ دەتوانێ تراژیدی، وەحشییەت، کۆمەڵکوژی، دەستدرێژی و بەکورتی هەموو ئەو تاوانانە ببینێت، لەنەوەدەکاندا بەرامبەر بە کورد، پێکهاتووە. ئەو ڕەفانە خانەخوێی لاپەڕەکانی داهاتوومانن. بەڵام ئەوەی بەسەر ژنانی ئەم جوگرافییەدا هاتووە هۆش و عەقڵی مرۆڤ تێکدەدات. لەنیوەشەودا، کاتێک گوندەکانیان سووتا، لەگەڵ هەموو بیرەوەرییەکانیان، کاتێک دەستیان بەکۆچبەری کرد، کۆرپەکانی هەندێک لەو ژنانە لەباوەشیان و لەئەنجامی برسێتی و سەرمادا گیانیان سپارد...

هەندێک لەو ژنانە لەئەنجامی پەلاماری سەربازاندا ڕووبەڕووی دەستدرێژی و ئەشکەنجە بوونەوەو کوڕە ٨ ساڵانەکانیان ناچارکردن کە سەیری دەستدرێژیکردنەسەر دایکیان بکەن. ئەو منداڵانەی کە ئەو وەحشییەتەیان بینی، لەهەموو جیهان تووڕەبوون و تـۆران، بێدەنگ بوون و هەرگیز جارێکی تر قسەیان نەکرد...

هەندێکیان لەگەڵ هـاوسـەر، بـرا و باوکیاندا دەسـتـگـیـرکـران و بـە بـەرچـاوی ئـەوانـەوە دەستدرێژییان کرایە سەر. وەها بوو کە بەتۆمەتی دەستدرێژیکردنە سەر ژنێک بەناوی (ش.ئ) دۆز لەدژی ٤٠٥ سەرباز کرایەوە، بەڵام هیچ ئەنجامێکی نەبوو و دادگا بکەرانی ئازاد کرد. بەڵام بکەرانی ئەو کردەوەیە هەرگیز لەویژدانی ئەو مرۆڤانەی کە لەم وڵاتەدا دەژین نەبەخشران.

ژنانی ئەم جوگرافیایە، لەکۆڵانەکانی دەوروبەری گەورەشارەکاندا کە هەرگیز لە زمانیان تێ ناگەن، لەژێر خێوەت و لەبەرامبەر هەژاری و برسێتی و بێ خاوەنیدا، هەوڵیاندا کە منداڵەکانیان لەسەر پێ بهێڵنەوەو بەخێویان بکەن.

کچ و کوڕی هەندێک لەو ژنانە لەدەستگیرکردندا ون بوون و گۆڕێکیش نەبوو کە بچنە سەری و بۆیان بگرین. ئەوان هەمیشە ئەو ئازارەیان لەدڵ و هەناوی خۆیاندا هێشتەوە. لەگەڵ هەر لێدانی دەرگایەک و زەنگی تەلەفۆنێکدا بە دیانجار مردن و زیندوو بوونەوە. دواتر هەندێک خوێنمژی ڕەش کە سەردەمانێک لە کۆڵانەکانی ئەم جوگرافیایەدا دەگەڕان دەستیان بەقسە کرد:

"... ئێمە ئەوانەمان لێرەدا دەستگیر کرد، ئێمە لێرەدا پرسیارمان کرد، ئەشکەنجەمان دا، پاش ئەوەی کوشتمان لێرە شاردمانەوە...".

بەو شێوەیە ئێمە لە دۆڵ و گردەکان، لە باخچەی کڵێسە کاولکراوەکانی سریانییەکان، لەناو ئەو تەرمانەی کە شاردراونەتەوە، بەدوای منداڵی ئەو ژنانەدا گەڕاین. کاتێک تەرمەکانمان دۆزییەوە، نەماندەزانی چییان پێ بڵێین. هەر چەندە ئەوان دەیانگوت: "ئیتر گۆڕێکمان هەیە کە بچینە سەری و بگرین، ناسۆری دەروونمانی بۆ هەڵڕێژن"، بەڵام ئێمە لەسەر ناوی مرۆڤایەتی شەرمان دەکرد، نەماندەتوانی سەیری ڕوخساریان بکەین. لەوە گەیشتین کە بە سەدان ژن کە مێردەکانیان بە گوللەیەکی بێبەخت لەدەست داوە، یان چووەتە چیا، لەنیوەشەودا لەلایەن تارماییگەلێکەوە کە چەرمی مرۆڤیان لەبەرکردبوو، لەماڵەکانیان ڕفێندرابوون و ئیتر نەگەڕابوونەوەو هەموویان دووگیان ببوون.

باشە ئەو ژنانە چییان بەو منداڵانەیان دەگوت کە ٢ یان ٥ یان ٦ مانگی دیکە لەدایکدەبوون؟ ئەو پرسیارە هەم وەڵامی هەیەو هەمیش نییەتی. بەڵام ڕاستییەک هەیە، ژنەکان ئەو پرسەیان تا مردن لەگەڵ هەژاری خۆیاندا گەورە دەکرد. دەبوایە بەرسقی ئەو پرسیارە چی بووبا؟

یەکێک لەو ژنانە ئەمینە تەکین بوو. ١٨ ساڵی تەواو بە دوای وەڵامی ئەو پرسەدا گەڕا. ئەمینە لە١٦ی ئەم مانگی شوباتەدا، هاتە کۆمەڵەی مافەکانی مرۆڤی ئامەد و داوای بینینی منی کرد.

ئەو ژنە جوانە، جلی ڕەشی لەبەر کردبوو، لە جلەکانیەوە دەردەکـەوت کە گەڵەک بە ئازارەو کوڵ و دەردی زۆرەو لەگەڵ ئەوەشدا سەربەرزە:

"مـن و هاوسەرکەم ئەمین خەڵکی (دەهـێ) بووین. لەنەوەدەکاندا لەبەر زوڵمزۆری دەوڵەت، ناچاربووین کۆچ بۆ مێرسین بکەین. بەڵام بەهۆی

www.netewe.com




فۆتۆ: وارڤین

ئـەوەی دەوڵـەت لەوێش زوڵمی لێ دەکردین، ئەمینی هاوسەرم بڕیاریدا کە ڕوو لە چیا بکات. خۆ ئەگەر نەچووبا، یـان لەدەستگیرکردندا دەکـوژرا یانیش بەشێوەیەکی بکوژ نادیار کۆتایی بە ژیانی دەهات. کاتێک ئەو لەشەوێکی ڕێبەندانی ١٩٩٢دا چوو، من بەمنداڵی سێهەمی خۆم دووگیان بووم و دوو مانگ دواتر کچەکەم لەدایک دەبوو. ئەو دەیزانی کە هەرگیز کچەکەی کە دوو مانگ دواتـر لەدایک دەبـوو، نابینێت. ئەوە ١٨ ساڵ بەسەر ئەو ڕووداوەدا تێپەڕی و بەردەوام هەر سێ منداڵەکەم پرسیاری باوکیان دەکەن. دوو ڕۆژ لەمەوپێش واتە ١٤ی شووبات، ڕۆژی ڤالانتاین، زانیم کە ئەو لە چۆلترا (گوندێکی فارقین) لەمیانەی پێکدادانێک لەگەڵ سەربازانی تورکدا گیانی لەدەست داوە. پێموابوو کە ئەو هێشتا زیندووە. بەڵام پاش ١٨ ساڵ زانیم کە هاوسەرەکەم لە ١٩٩٦دا کوژراوە. سەد حەیف و مەخابن، لەڕۆژێکدا کە هەموو کـەس (ڕۆژی خۆشەویستی) پیرۆزبایی دەکات، من هەواڵێکی وەهـام پێگەیشت. بەڵام هەر دەبێ بچمە ئەو گوندەو گۆڕەکەی بدۆزمـەوە. بۆ ئـەوەی هیچ نەبێت بە منداڵەکانم بڵێم"ئەوە باوکتان لێرەیە!" دەبێ بڕۆم و گۆڕەکەی بدۆزمەوە...".

ڕۆژێک دواتر ئێمە چووینە دۆزگەری و دۆسیە و وێنەکەی (ئەمین)مان دۆزییەوە. لەڕۆژێکدا کە هەندێک کـەس گوڵی سـووریـان دەدایە خۆشەویستەکەیان هەواڵی مردنی هاتبۆوە...

شتێکی دی کە لێی دڵنیام ئەوەیە: ئیتر ئەو ژنانەی کە بە ساڵانە فرمێسکی چاو دەبارێنن، نایانەوێ بگرین و نایانەوێ دڵی هیچکەسیش ئازاری پێ بگات. لەبەر ئەوەش ئەمڕۆ ٨ی ئادار بۆ ئاشتی، عەدالەت و یەکسانی ڕوو لە چالاکی و خۆپیشاندان دەکەن. ڕۆژی جیهانی ژن لەهەموو ئـەو ژنانەی کە خۆشەویستی، زەردەخـەنـەو حەسرەتیان تێکەڵەو بۆ داهاتوویەکی ڕووناک ڕوو لە کۆڵان و شەقامەکان دەکەن پیرۆز دەکەم.

# گەنجان دەنگ بەکام لیست دەدەن؟

تایبەت

دەنگدان لە کۆمەڵگەدا مافێکی سروشتی هەر تاکێکەو گەنجانی هەرێمی کوردستانیش بەکۆمەڵێک بۆچوونی جیاوازەوە لەئامادەباشیدان، تا یەکشەممەی داهاتوو روو لەسندووقەکانی دەنگدان بکەن. ئەوەی کە گرنگە بزانرێت، ئایا گەنجان بەگوڕوتینەوە روو لەهەڵبژاردن دەکەن؟ یا لەبنکەکانی هەڵبژاردن دووردەکەنەوە دەنگدان بایکۆت دەکەن؟ هەڵوێستیان لەبارەی ئەو دروشمانەوە چییە کە لیستە جیاوازەکان دەیانخەنەروو؟ ئایا لێپێچینەوە لەو بەڵێنانە دەکەن کە لەکاتی هەڵبژاردندا پێیاندراون؟ بۆ وەڵامی ئەو پرسیارانە وارڤین، بۆچوونی چەندین گەنج لەپارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، دەخاتەڕوو.

پێنجشەممەی داهاتوو، هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق دەستپێدەکات. لە هەرێمی کوردستاندا ٤ لیستی جیاواز (هاوپەیمانی کوردستان، بزووتنەوەی گۆڕان، یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامی) بەشداری ئەو هەڵبژاردنەن.

بە بەراورد لەگەڵ پارێزگاکانی دیکەی هەرێمی کوردستان بانگەشەی هەڵبژاردن لە هەولێر بەئارامی بەڕێوەدەچێت و لەگەڵ ئەوەدا کە زۆرینەی خەڵک خۆیان بۆ دەنگدان ئامادە دەکەن، بەڵام هەندێک لەدەرچووانی زانکۆش باس لە نەچوونەسەر سندووقەکان دەکەن. سۆزان عابد، دەرچووی کۆلێژی ئابووری و کارگێری زانکۆی سەلاحەدینە. ئەو دەڵێت:"دەنگ نادەم، چونکە هیچ لایەنێک بەتەنگ داواکارییەکانمەوە نەهاتووە، چەند ساڵە چاوەڕوانی دامەزراندن دەکەم". حەنان سەروەت، (٢٥)ساڵ کە قوتابی پەیمانگای تەکنیکی هەولێرە وەک دەڵێت، متمانەی بەهەڵبژاردن نەماوە:"بەشداری لە هەڵبژاردن ناکەم، لەکاتی هەڵبژاردندا، بەڵێن بەخەڵک دەدرێن و دواتر جێبەجێناکرێن. خەڵک هۆشیار بووەتەوە، کاروخزمەتی دەوێت، نەوەک دروشم".

لەلایەکی دیکەوە سەعید حەسەن، تەمەن (٢٢) ساڵ، دانیشتووی شاری دهۆکەو قوتابی زانکۆیە، دەڵێ رەنگە بەشداری هەڵبژاردن نەکات"لەهەموو هەڵبژاردنێک دەڵێن، ئەمجارە کێشەکانی گەنجان وەک نیشتەجێبوون، یان دامەزراندن چارەسەر دەکرێت. هەڵبژادن تەواو دەبێت و بەڵێنەکانیش جێبەجێ ناکرێن".

بەڵام بەشێکی زۆر لەو گەنجانە سەرەڕای ئەو کێشانە، دەڵێن دەچنە هەڵبژاردن و بۆ بەشداریکردن لەم هەڵبژاردنەدا بۆ پاراستنی دەستکەوتەکانی گەلی کورد بەپێویست دەزانن. هۆشەنگ عەلی، کە فەرمانبەری بانکێکی ئەهلیە لە هەولێر، دەڵێت"کەسێک بەشداری نەکات، بەرامبەر بەنەتەوەکەی هەڵەیەکی گەورە دەکات، چونکە لەملمانێی کورد و عەرەبدا، بەهەدەردانی دەنگێک زۆرە". هۆشەنگ، جەخت لەوە دەکاتەوە کە دەنگ بەلیستی گۆڕان دەدات. لەبەرامبەردا دیلان هەورۆ، هاووڵاتییەکی شاری هەولێرەو تەمەنی١٨ساڵە، دەڵێت:"دەنگ بەلیستی هاوپەیمانی دەدەم. بەرنامەی لیستەکە، داهاتووی هەموو کوردێک گەش و روونتر دەکات".

لەپارێزگای کەرکووکیش بانگەشەی هەڵبژاردن، گەرمەو گەنجانی ئەو شارە بەو هیوایەن کە ئەو هەڵبژاردنە ببێتە هۆکارێک کە گۆڕانکاری ئەرێنی لەشارەکەدا بکرێت. هێمن محەممەد ئەمین، تەمەن ٣١ ساڵ، کە دەرمانسازەو دانیشتووی شاری کەرکووکە، هیوادارە کە کاندیدەکانی ئەمجارە نوێنەری راستەقینەی خەڵک بن و کورسییەکانیان بۆ بەرژوەندی تایبەت بەکار نەهێنن. هێمن وەک گوتی ناوی ئەو لیستەی ئاشکرا نەکرد کە دەنگی بۆ دەدات، بەڵام جەختی لەوە کردەوە کە دەنگ بە لیستێک دەدات کە خزمەتی گەل بکات.

دوکاندارێکی گەنجی شاری دهۆک کە تەمەنی ٢٣ ساڵە، دەڵێت کە لەم هەڵبژاردنەدا بەشداری دەکات"دەنگ بەلیستی هاوپەیمانی دەدەم، چونکە هەزارەها شەهیدیان لەپێناو رزگاری کوردستان داوە". بەڵام ئەمیرە حەسەن کە کچێکی ئەسمەرەو دانیشتووی هەولێرە، دەڵێت حکوومەت جیاکاری لەنێوان تاکەکان دەکات، برایەکم شەهیدە، بەڵام لەبەرئەوەی شەهیدی حیزبێکی دەسەڵاتدار نییە، مووچەکەی زۆر کەمە". ئەمیرە حەسەن، بڕیاریداوە بەشداری هەڵبژاردن نەکات و وەک خۆی گوتی بڕوای بەبەڵێنی حزبەکان نەماوە". هەروەها لەیلا جەعفەر، کە دانیشتووی پارێزگای سلێمانییەو خوێندکارێکی زانکۆیەو تەمەنی٢٠ ساڵە، ئاماژە بەوە دەکات کە تائێستا نازانێت دەنگ بەکام لیست بدات"کەسیان کار بۆ خەڵکی هەژار ناکەن و هەموو لایەنەکان، هەر خەریکی بەرژوەندی خۆیانن".

شیلان مستەفا، تەمەنی ٢٧ ساڵەو خەڵکی دهۆکە. ئەو دەڵێت:"دەنگ بەلیستی هاوپەیمانی دەدەم، چونکە مافەکانم پارێزراو دەکات". هاوکات سەباح محەممەد تەمەن ٣٩ ساڵ، دانیشتووی شاری کەرکووک و فەرمانبەری حکوومەتە، بەشداریکردن لەهەڵبژاردندا بەپرسێکی نیشتیمانی دەزانێت، بەڵام دەڵێت ئەمجارە دەنگ بۆ لیستە نوێیەکان دەدات"لیستە کۆنەکان مومارەسەی کاری خۆیانکرد بەبێ ئەوەی بەخەمخۆرییەوە کار بۆ مەسەلە نەتەوایەتیەکان بکەن".

لەدەقەری پشدەرو بیتوێن، رێژەیەکی زۆری گەنجان، خۆی بۆ رۆژی دەنگدان ئامادەکردووە. شیرین، ١٩ساڵەو خەڵکی قەڵادزێیە. ئەو بەشدارینەکردن لەهەڵبژاردن بە"خیانەت بەرامبەر بە نیشتمان" وەسف دەکات. بەبڕوای شیرین، وێڕای

www.netewe.com



هەموو گلەییەکان ناکرێت، بەشداری لەهەڵبژاردنێکی چارەنووسسازدا نەکرێت. شیرین، لەگەڵ ئەوەی کیمیاباران و هەڵەبجەی نەدیوە، بەڵام بەهێزبوونی سەنگی کورد، لەپەرلەمانی بەغدا بەدووبارەنەبوونەوەی ئەو کارەساتانە دەزانێت و دەڵێت: "لەدژی ئەوانەی کە کوردیان کیمیاباران و ئەنفال کرد بەشداری هەڵبژاردن دەکەم". یەسرا کەمال تەمەن ٣٠ساڵ، دانیشتووی شاری کەرکووکەو لەیەکێک لە فەرمانگەکانی حکوومەت بەگرێبەست دامەزراوە. ئەم کچە بەو هیوایە کە بەشداریکردنی لەهەڵبژاردندا ببێتە هۆکارێک کە لە فەرمانگەکەی بەشێوەیەکی بەردەوام دابمەزرێت.

پەیمان محەمەد، ٢٣ ساڵ، لەگەڵ ئەوەی گلەیی لەدەسەڵات هەیە، بەڵام پێداگرە لەوەی کە بەشداری هەڵبژاردن دەکات. هەندێ بۆچوونی کۆکراوەی ئەو گەنجانەی لەو ریپۆرتەدا باسیان لەوەکرد کە بەشداری هەڵبژاردن ناکەن، لەو خاڵەدا هاوڕابوون کە بەهۆی بوونی گەندەڵی لەسیستەمی حوکمرانی هەرێمدا روو لەدەنگدان ناکەن، بەڵام خەبات ساڵح، کە تەمەنی ٢٧ساڵەو دانیشتووی شاری هەولێرە، بایکۆتکردنی دەنگدان، بەچارەسەرکردنی گەندەڵییەکان نازانێت. خەبات، بۆچوونی وایە کە بەشدارینەکردن لە هەڵبژاردن، گەندەڵییە. هاوکات گوڵەباخ، ٢٣ساڵەو خەڵکی قەڵادزێیە. هەندێ لەبنەماڵەکەی ئەو، بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتوون و شارەکەشی چەندینجار وێران کراوە. ئەو هاوڕای خەبات ساڵحەو، سەرسوڕمانی خۆی بەرامبەر بەو کەسانە پیشاندەدات کە دەڵێن، دەنگ نادەین"گلەییمان لەحکوومەت هەیە، بەڵام دەنگنەدان زیانێکی گەورە بەدۆزی نەتەوەیی کورد دەگەیەنێت".

www.netewe.com



ڕەفیق شوکری

www.newewe.com

# مەدینا مەمۆ



کچێک بوو تەمەن شازدە ساڵ. لە شارۆچکەی کۆلک-ی سەر بەشاری ئادیامەن دەژیا. دە خوشک و برا بوون. مەدینە سێهەمین منداڵی خێزانەکەیان بوو. ئەویش دەیویست وەکو هەموو کچە هاوتەمەنەکانی خۆی جلی جوان و ئاڵووالا لەبەر بکات. حەزی دەکرد چاوانی بە کل برێژێت و لێوانی سوور بکات و لەبەر دەرگای ماڵ راوەستێ.

مەدینە تەمەنی شازدە ساڵ بوو، واتە لە دەستپێکی بەهاری تەمەنی خۆیدا بوو. وەک دەڵێن: دڵگیر بوو. قژ زەرێکی کورد بوو. قژ زەرێکی بێ گوناە و بێ بوار.

هێشتا زوو بوو مەدینە لە کۆمەڵگاکەی خۆی تێبگات. ئەو نەیدەزانی کە ئەم کۆمەڵگایە زاڵمە. بڕوای بە خۆشەویستی دایک و فەرزەند کرد. ئەو نەیدەزانی لەنێو ئەو کۆمەڵگایەدا دایک و باب زۆرن کە بکوژی منداڵەکانی خۆیانن. نەیدەزانی لەنێو ئەو کۆمەڵگایەدا دایک و باوکان منداڵی زۆر بەرهەم دەهێنن، بەڵام زۆریان لەهەستی دایک و باوکێتی بێبەشن. کاتێک بابەتی "ناموس و شەرەف" دێتە پێشەوە ئەوان گوێ بەجگەرگۆشە نادەن.

مەدینەی لاو هەستی بەو لایەنە دڕندانەیە نەدەکرد کە شاراوە بوو. ئەو وایدەزانی دایک و بابی لەبەر خۆشەویستی دە منداڵیان بەرهەم هێناوە.

مەدینە نەیدەزانی. ئەو کەسێک بوو نەخوێندەوار. نەزانیان کردبوو. لەبەر ئەوەی دایک و باب تەنانەت باپیریشی نەخوێندەوار بوون. ئەو وا تێگەیشتبوو کە مرۆڤ بە خوێندن ناگاتە هیچ ئامانجێک. هەروەها ئەو وا حاڵی ببوو کە گوناهێکی گەورەیە کچان بچنە قوتابخانە. مەدینەیان لە ماڵدا هێشتەوە. سەرەتا لەسۆنگەی بیر و باوەڕەوە لەچکیان کردە سەر. پاشانیش دەستوپێیان گرێ دا. بەهۆی ئەو لێدانانەوە کە باپیری لێیدەدا هەموو جەستەی رەش و شین ببوو. خۆی دەشاردەوە نەیدەهێشت کەس بەو حاڵەوە ببینێت. لەئەنجامدا گورچ دایە خۆی و بوێرانە رووی کردە پۆلیسخانەی نزیک ماڵەکەیان. کێشەی خۆی بەپۆلیسان ئاشکرا کرد. باپیر و باوکی بیانوویان ئەوە بوو بۆیە لەمەدینە دەدەن چونکە ئەو لەگەڵ کوڕاندا قسە دەکات. نە جارێک و نە دووجار و نە سێ جار، توندوتیژی ببوو بەبەشێک لەژیانی مەدینە.

مەدینە خۆی خستە باوەشی دادپەروەری دەوڵەتەوە، بەڵام دەوڵەتیش سمێڵی هەبوو. چیرۆکەکە درێژە نامەوێ سەرتان بیەشێنم. مەدینەی شازدە ساڵی کە دایکی لەئەنجامی ژانێکی دژوارەوە ئەوی بەرهەم هێنابوو، لەکولانەیەکدا بە مردوویی دۆزرایەوە. ئێوە دەزانن مرۆڤ مریشک لەکولانەدا بەخێو دەکات. دەست و پێی مەدینە بەسترابوونەوە. لەناو ئەو کولانەیەدا لەچاڵێکی دوو مەتریدا بەدانیشتنەوە خستبوویانە ژێر گڵ. بەڵام دڕندەیی ئەوەیە کە مەدینە زیندەبەچاڵ کرابوو. ئەنجامی پشکنینی تاقیگە ئەوەی دەرخست کە گڵ لە گەدە و جگەریدا بووە، ئەوەیش واتەی ئەوەیە کە زیندەبەچاڵ کراوە.

تاوانی مەدینە چییە؟ وەکو پێشتر گوتم، قسەی لەگەڵ کوڕاندا کردووە.

بکوژانی مەدینە باب و باپیرین، ئەوان لە زینداندان، بەڵام پاش چی؟

دایکی دەڵێ: ئاگام لەرووداوەکە نەبووە. ئەز باوەڕ ناکەم.

پێش هەموو کەس دایک هەست بەرەوشی منداڵەکانی خۆی دەکات. بەڵام ئێمە کۆمەڵگایەکی زاڵمان هەیە، دایکیش دەکەین بە بکوژ. من ئیتر ناتوانم بەهۆشێکی تەندروستەوە رووداوی لەم جۆرە شرۆڤە بکەم.

من تێناگەم مرۆڤ چۆن دەتوانێ منداڵی خۆی زیندەبەچاڵ بکات. یان رووی چەکی تێبکات و کۆتایی بەژیانی جگەرگۆشەی خۆی بهێنێت. دوای ئەوەی مرۆڤ تاوانێکی وەها دەکات، کۆمەڵگا چۆن دەتوانێ ئەو مرۆڤە بپارێزێ و بەچاوی قارەمانێک یان بەچاوی مرۆڤێکی "بەناموس و شەرەف" تەماشای بکات؟ ئایا کۆمەڵگایەک بکوژی کەسانێک کە منداڵی خۆیانن وەکو قارەمان تەماشا بکات، ئەو کۆمەڵگایە چەند تەندروستە؟

ئێمە چۆن دەتوانین هاوسێیەتی، دۆستایەتی و هاوڕێیەتی کەسانێک بکەین کە بەدەستی خۆیان کۆتاییان بەژیانی منداڵەکانیان هێنا بێت؟

کۆتایی بەپرسیار نایەت. بەڵام لەرووداوی وەهادا ئایا تاوانی گەورە هی ماڵباتە؟ یان هی کۆمەڵگایە؟ یان تاوانی گەورە هی دەوڵەتە کە ناتوانێ بە رێگەی یاسا هاووڵاتیانی خۆی لەو دڕندەییە بپارێزێت؟

**هێڤیدار زانا**

www.newe.com

## نەباهەت ئاککوچ بۆ وارڤین:

# دەمەوێ خزمەتی ژنانی باشوور بکەم

ئامەد

لەوکاتەی کە رۆژانە، یەک دوو کەس لە کۆلان و شەقامەکانی ئامەد دەکوژران، بەئەزموونی خۆی لەساڵی ١٩٩٧، ناوەندی ژنانی"کامەر"ی دامەزراند. نەباهەت ئاککوچ کە هاوسەرەکەی لەچوارچێوەی ئەو زنجیرە تیرۆرەی دەوڵەتی تورک لە باکووری کوردستان کە بە "کوشتنەبکوژ نادیارەکان" ناسراوە، گیانی لەدەستداوە باسی توندوتیژی دژ بەژنان و شێوازی چارەسەری کێشەی ژن دەکات. ئەو دەیەوێت ئەزمونی خۆی لە ناوەندی "کامەر" بخاتە خزمەت ژنانی باشووری کوردستانەوە.

وارڤین: کەی پرسی توندوتیژی لەسەر ژنان سەرنجی راکێشای؟

نەباهات: پرسیاری من لەسەر توندوتیژی لە کودەتای ١٩٨٠ دەست پێدەکات. پاش کودەتا، وەک ژن و هاوسەر لەماڵەوە دانیشتم. هاوسەرەکەم لەگرتووخانەی ئامەد زیندانی بوو. بەردەوام سەردانم دەکرد. ئەوکات لەبەر دەرکەی زینداندا لەگەڵ چیرۆکی ئەو ژنانە ئاشنا بووم. لەناو بنەماڵەی ئێمەدا نهێنییەک (رازێک) هەبوو، ئەویش ئەوەبوو کە هەوڵیاندەدا کە لەگەڵ خەڵکانی دەرەوەدا تێکەڵ نەبم. بۆ ئەوەی لەگەڵ کۆمەڵگادا تێکەڵ بم هەوڵمدەدا لەدەرەوەی ئەوان بژیم. لەسەردانێکی گرتووخانەدا بە گرنگی زمانی دایکم زانی. تێگەیشتم، کاتێک مرۆڤ بە زمانی دایکی لەگەڵ رۆڵەکانیدا قسە نەکات، چەندە زەحمەتە. من ئەو ئازار و ژانەم بینی. لەسەرەتای چاوپێکەوتنەکانەوە ئەسات ئۆکتای یەڵدرم (فەرماندەی ئەوکاتی گرتووخانەی ئامەد) دەهات و چاودێری چاوپێکەوتنەکەی دەکرد. ئەو قسەکردنی بە کوردی قەدەغە کردبوو.

وارڤین: دوای ئەوەی مێردەکەت گیرا چیت کرد؟

نەباهات: من جارێکی تر نەگەرامەوە ماڵ. لەبەر دەرگای گرتووخانە دەوەستام و داواکارییەکانی ژنانی کوردم بە تورکی دەنووسی. لەگەڵیان دەچوومە دادگا. زازاکی و کرمانجیم دەزانی و تورکیەکەشم باش بوو. بەهەموو شێوەیەک هەوڵی هاوکاریکردنی ژنەکانم دەدا. بەو شێوەیە لەگەڵ پرسی ژناندا، ئاشنایەتیم پەیداکرد. لەساڵی ١٩٨٠ وازم لە ژیانێکی ئایدیالیستی هێناو هاتمە ناو ژیانێکی راستەقینەوە. لەساڵی ١٩٨٠دا هەموو رێکخستنەکان هەڵوەشانەوە. ئەگەر دوو سێ کەس پێکەوەدانیشتبان و قسەیان کردبا، تاوان بوو. بۆیە تەنیا ئەوەمان لەدەست دەهات. لەکۆتایی هەشتاکاندا، جموجوڵی رێکخستن سەری هەڵداو منیش دەستم بەهەوڵدان کرد.



نەباهەت ئاککوچ

وارڤین: چیت کرد؟

نەباهات: لەبەر ئەوەی مامۆستا بووم، بوومە ئەندامی سەندیکای مامۆستایان (سەندیکای مامۆستایانی کورد و چەپگەرا). کە سەندیکای نوێ کرایەوە، بەرپرسیارێتییەکی نوێم پێ سپێردرا. بەڵام نەماندەوێرا بە ئاشکرا لەسەر پەروەردە هیچ

www.netewe.com

شتێک بکەین. چونکە بەردەوام مامۆستا دەکوژران. لەکاتی خەباتی مندا ١٦ هەڤاڵی مامۆستام کوژران و کە ١٦مین کەسیان هاوسەرەکەی من بوو. لەساڵی ١٩٩٢دا کە سەرۆکی سەندیکای مامۆستایانی ئامەد بووم. کۆمەڵێک مامۆستای ژن یەکیانگرتبوو و هاتنە لام. داوایان لێکردم کە پێکەوە بۆ ٨ـی ئادار ڕۆژی جیهانی ژنانی کرێکار و ڕەنجدەر شایی یان چالاکی بکەین. من هاوڕا نەبووم و گوتم، لەهەموو شوێنێک خوێندەڕژێت، کوا ئێستا کاتی ٨ـی ئادارە؟ زانیاری ئەوکاتم، لەسەر پرسی ژنان ئەوەندە بوو.

وارڤین: دوای کوژرانی هاوسەرەکەت، بیرۆکەی کارکردن لەسەر توندوتیژیت بۆ هات؟

نەباهات: بەر لەکوشتنی هاوسەرەکەشم بیرم لەتوندوتیژی دەکردەوە. ئەگەر مرۆڤ بیربکاتەوە، بۆی دەردەکەوێت کە توندوتیژی، لەسیستەمی خێزان و پەروەردەشدا، بەکاردەهێنرێت. دەستپێک تەنیا لەتوندوتیژی ورد بوومەوە، نەک توندوتیژی دژی ژنان. دوای کوژرانی هاوسەرەکەم، جارێکیتر بنەماڵەکەم گوتیان"تۆ بێوەژنی، ئاگات لەهەڵسوکەوتی خۆت بێت. نابێ بچیتە هەموو شوێنێک". دوای ئەوە لە کۆمەڵەی مافەکانی مرۆڤ و سەندیکا کارم دەکرد. ئەو هەڤاڵانەی کە پێکەوە ڕێگای فیداکاری و مردنمان هەڵبژاردبوو، زۆر کەم هاتووچۆی ماڵی ئێمەیان دەکرد. ئەوەش ئازارێکی گەورەبوو بۆ من. بۆیەش"توندوتیژی و ژنبوون" لەسەرەتاوە بوونەوە یەک. بۆ یەکەمجار لەساڵی ١٩٩٤ دەستگیرکرام و خراپترین گیرانیشم بوو.

وارڤین: لە زیندان، توندوتیژییان لەدژت بەکارهێنا؟

نەباهەت: دوای ئەوە ١٥ جار گیراوم، بەڵام ئەوەی یەکەمجار ژیانی منی گۆڕی. ١٠ ڕۆژ ڕاگیرام. لەماوەی ئەو ١٠ ڕۆژەدا من ١٠ کیلۆ لاواز بووم. زۆر ئەشکەنجەیان دام. کە هاتمە دەرەوە ٧ جار چوومە لای پزیشک وپشکنینم، بۆ کرا. لەگەڵ ١٧ پیاودا دەستگیر کرام. ئێستاش کاتێک کە هەندێک لەو پیاوانە دەبینم پێمدەڵێن"هێشتا دەنگی قیژەت لە گوێماندا ماوە". لەبەر ئەوەی لە گرتندا وەک ژن ئازاریان دام. سەرلەنوێ ژنانی ١٩٨٠ـی بەر دەرگای گرتووخانەی ئامەدم بەبیرهاتەوە. هەموویان بۆ هاوسەرە زیندانیکراوەکانیان دەگریان. زیاتر لەهەمووی پیاوەکان ئازاریان بینیبوو. هەندێکیان ڕفێندراو و هەندێکیان بەزۆر بەشوودرابوون. ئێمە هەموومان ژن بووین و بۆ ئەو پیاوانە دەگریاین کە زیندانیبوون. لەساڵی ١٩٩٧دا ناوەندی ژنانی (کامەر)مان دامەزراند. لە١٩ شاردا لقمان کردەوە. پاشان ژمارەی لقەکانمان گەیاندە ٢٣.

وارڤین: ئەگەر ئێستاو ئەوکات بەراورد بکەین، ژنی کورد چۆن نارەزایی دەردەبڕی؟

نەباهات: پێشتر هەموو ژنانی کورد، توندوتیژییان قبووڵ دەکرد. بە شتێکی سروشتی تێگەیشتبوون"پیاوە، دەتوانێ لێم بدات، دەشتوانێ خۆشیبوێم". هەندێک دەیانگوت"ملی شکاندووم. بەڵام هەندێجار خۆشیدەوێم". ٩٥٪ـی ژنانی ئەوکات لەگەڵ توندوتیژی ڕاهاتبوون و ببووە بەشێک لەژیانیان. بیریان لەبەرەنگاربوونەوە نەدەکردەوە. ئەوانەی دەشیانوویست نارەزایی دەربڕن، شوێنێکیان نەبوو، ڕووی تێ بکەن. لەو ڕووداوانە گەیشتینە٢ ئەنجام. یەکیان هۆشیاربوونەوە، دووهەمیان هەستکردن بەتوندوتیژی. بۆ ئەو مەبەستە، دەستمان بەدامەزراندنی ئەو بنکەو سەنتەرانە کرد.

وارڤین: لەکوێی کێشەکانەوە دەستتان بەکارکرد؟

نەباهات: ویستمان هۆشیاری، کۆمەڵایەتی دروست بکەین. ژنبوون وپیاوبوون چییە؟ ئەو ناسنامەیە، بنج و بناوانی ئێمە نییە. منداڵ بێ جیاوازی لەدایک دەبێت. کۆمەڵگە دەیخاتە قاڵبی ژنبوون و پیاو بوونەوە. بۆ ئەو مەبەستە لەتەمەنی ٣ ساڵییەوە دەستپێدەکەین کە زیاتر سەرنج لەسەر شتەکان دورست دەبێت.

وارڤین: ژنی کورد ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە؟

نەباهات: ئەو توندوتیژییەی کە لەبەرامبەر ژنی کورد دا هەیە جیاوازە. پێموایە، ئەگەر بەجێی زمانی کورد هی ئینگلیز قەدەغە کرابا، سیاسەتی فەرمی لەدەرەوەی بیهێشتبانەوە، ئینگلیزەکانیش ئەوەندە توندوتیژیان بینیبایەت، ڕەوشیان وەک ئێستای کورد دەبوو. دیاردەی توندوتیژی دژی ژنان پەیوەندی بە کوردبوونەوە نییە. توندوتیژی دژی ژنان جیهانییە. بەڵام شتێکی حاشاهەڵنەگەرە کە لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین و باکووری کوردستان توندوتیژی زیاترە. پێویستە ئەوە بەسەر کورد دا ساغ نەکرێتەوە. چونکە هۆکارەکە سیاسەتی فەرمی وڵاتەکەیە.

وارڤین: کوشتنی"نامووسی" لێرەو ئەنکەرە وەکو یەکن؟

نەباهات: لێرەو لەوێش ژن، دەکوژرێت. بەڵام کەلتوور شتێکی چەقبەستوو نییە، لێرەش ژن دەکوژرێت و لەوێش. کاتێک مرۆڤ سەیری ئەوێ دەکات شتانێک کە ٢٠٠ ساڵ لەهەموو شوێنێکی جیهان هەبووە، تێیدا ڕووی دەدات. ئەوە لە بەریتانیا و فەرەنساش هەبووە هەمیشە لەگۆڕاندایە. بەپێی ستانداردەکان ڕێکدەخرێت. بەڵام لە تورکیا، ئەوە جێبەجێ ناکرێت.

وارڤین: ئەو شتانەی کە ئێوە باسی دەکەن، لە کێشەی ژنانی باشووری کوردستان دەچێت، بۆ چارەسەری ئەو کێشانە لە باشوور، چ بەرنامەیەک پێویستە؟

نەباهات: پێویستە مرۆڤ سیستەمە کۆنەکان بەباشی بناسێت. بە تێکدانی ئەو سیستەمانە درێژە بەکارەکانی بدات. بۆ نموونە ئێمە ڕۆڵی پرەنس و پرەنسێسمان لە چیرۆکەکاندا گۆڕی. پرەنسێس دێت، پرونس لە کۆت و بەند ڕزگار دەکات. کێشەی ئێمە نەئافراندنی ڕێبازە (میتۆد). دوای دۆزینەوە ڕێبازەکەمان، بە دەسەڵاتداران دەڵێین، فەرموو ئەوە مۆدێل و تۆش جێبەجێی بکە. ئەو نموونەیەی پەروەردە کە لە سەرەوە باسم کرد، دەتوانرێت لە زۆربەی باخچەکانی ساوایاندا جێبەجێ بکرێت. دەتوانرێت ئەو سیستەمە لە باشوور بەرەوپێش ببرێت. دەمەوێت ئەزموونی خۆم بخەمە خزمەت هەڤاڵانی هەولێر.

وارڤین: ئایا خێزان، ئەو شێوازەی پەروەردە، ڕەت ناکەنەوە؟

نەباهات: لەدەستپێکدا زەحمەتە. بەڵام دوای پێداگیری و کارکردن، گۆڕانێکی ئەرێنی لەلایەن منداڵەوە بۆ دایک وباوک دروست دەبێت.

وارڤین: هەندێک کەس دەڵێن، کاتێک مرۆڤ بووکێکی پلاستیک بداتە دەست منداڵی کوڕ و ئۆتۆمبیلێکیش بداتە دەست منداڵێکی کچ، هەڵبژاردنی سروشتی ناڕێکوپێکی ڕوودەدات؟

نەباهات: هیچ کێشەیەک ڕوونادات. کارێکی لەو جۆرە، دەبێتە هۆکاری ئەوەی منداڵ، کە گەورە بوو ببێتە پیاو و توندوتیژیش بەکار نەهێنێت.

وارڤین: تۆ فیمینیستی؟

نەباهات: بەڵێ، بەڵام دوژمنی پیاو نیم. هاوسەرگیریم کردووە، ٢ منداڵ و ٣ نەوەم هەیە. کاتێک مرۆڤ فیمینیست بێت، هاوسەرگیرییەکەی پەیوەندی بۆ دروست دەکات. شەڕ و پێکدادانی دەسەڵات کۆتاییان دێت. چونکە مرۆڤ فێری هاوڵاتی دەبێت. لەجیهاندا فیمینستگەلێک هەن کە پیاو ڕەت دەکەنەوە. ئێمە وەها نین. پێویستە ئەو هۆکارە خراپانەی کە زیان بە منداڵ و ژن دەگەیەنێت لە کەلتووری خۆمان لابەرین و بریتیان بۆ بدۆزینەوە.



دیلار سەولەدار

www.metewe.com


کار
فۆتۆ: وارڤین

راپرسی وارڤین ٢٦٪ی ژنانی فەرمانبەر بیریان لە وازهێنان کردووەتەوە

## ژنانی فەرمانبەر لەنێوان دوو هەڵبژاردندا:

# ماڵەوە یان فەرمانبەرێتی

هەولێر

بۆچی ژنان دەیانەوێت واز لەکارەکانیان بهێنن و روو لەماڵەوە بکەن؟ ئایا هۆکارەکە بوونی جیاوازی جەندەری، گوشارە کۆمەڵایەتییەکان، هاوسەرگیری و نەبوونی داینگەیە بۆ منداڵ؟ یان کەمی مووچەی فەرمانبەری و جیاوازی رەگەزی و کێشەی نیشتەجێبوونە؟ لەم راپرسییەدا کە لەلایەن دەزگای وارڤین بۆ کاروباری ژنان ئەنجامدراوە، تێیدا ١٤٠ژنی فەرمانبەر لەدامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە شاری هەولێر فۆرمی راپرسییان پڕکردووەتەوەو وەڵامی پرسیارەکانیان داوەتەوە.

### ئەنجامەکان

لەکۆی ئەو ١٤٠ژنە فەرمانبەرەی داموودەزگاکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەشاری هەولێر کە فۆرمەکانی راپرسی دەزگای واڤینیان پڕکردووەتەوە ٣٦ کەسیان بیری لەواز هێنان لەکار کردووەتەوە کە رێژەکەی دەکاتە٢٦٪. هەروەها ١٠٤کەسی دیکەیان ویستی درێژەدان بەکارەکەیان هەبووە کە رێژەکەی دەکاتە ٧٤٪.

سەبارەت بەشێواز و چۆنیەتی پلاندانانی بۆ وازهێنان لەکارەکەیان،٩٥ ژن کە رێژەکەی دەکاتە ٦٨٪، پلانی خانەنشینیان بۆ وازهێنان دەستنیشان کردووە. هەروەها٤٥ ژن کە رێژەکەی دەکاتە ٣٢٪، رێگای دەستلەکارکێشانەوەیان بۆ وازهێنان لەکار دەستنیشان کردووە. لەبارەی ٦٨٪ی ئەو ژنانەی کە دەیانەوێت بەرێگەی خانەنشینکردن واز لەکارەکانیان بهێنن، بەڕێوەبەری ناوەندی بەهێزکردنی تواناسازی ژنان لەسلێمانی، مامۆستا بەسمە محەممەد، ئەم هەنگاوە بەرێگەیەکی باش نازانێت:"بۆ خانەنشینکردن حکوومەت تەمەنی ١٥ ساڵی دیاریکردووەو ئەو تەمەنش بۆ ژنێک کە بیەوێت بچێتە ماڵەوە دابنیشێت، زۆر زووە وەک ئەوە وایە کە ژنەکە بەدەستی خۆی بریاری راگەیاندنی مەرگی خۆی بدات". بەسمە، هەروەها وازهێنانی رێژەی ٣٢٪ی ژنان لەرێگەی دەستلەکارکێشانەوە، بەباش نازانێت و هۆکاری دەستلەکارکێشانەوەش بۆ بوونی تەحروشکردن لەفەرمانگاکان، گوشاری ماڵەوەو جیاوازی جەندەری و سەپاندنی بریاری پیاو بەسەر ژن، دەگەڕێنێتەوە. هاوکات سەنگەر یوسف قوتابی ماستەر لەکۆمەڵناسی زانکۆی دهۆک، بیرکردنەوەی وازهێنانی٢٦٪ی ژنانی کارمەند، لەشارێکی وەک هەولێر کە پایەتەختی کوردستانە، بەگەڕانەوە بەرەو دواوە دەزانێت، بەتایبەتی لەسەردەمی ئەمڕۆدا کە وڵاتان بەرەو پێشکەوتن هەنگاو دەنێن و ژنان زیاتر لەوەرگرتنی مافەکانیان نزیک دەبنەوە. هەروەها بۆچوونی وایە، ئەگەر ئەو راپرسییە لەسەرتاسەری کوردستان ئەنجام درابا، رێژەکە دوو هێندە دەبوو.

### بریاری وازهێنان

سەبارەت بە بریاری وازهێنان لە کار یان مانەوە لەماڵ، ٩٩ ژن کە رێژەکەی دەکاتە٧١٪، گوتوویانە کە بەبریاری تاکەکەسی خۆیانەوە واز دەهێنن. هەروەها ٤١ ژنی تر کە رێژەکەی نزیکەی ٢٩٪ دەکات، بریاری وازهێنانیان بەبریارێکی سەپێندراوی بارودۆخی کۆمەڵایەتی دەزانن. مامۆستا بەسمە محەممەد، دڵخۆشە بەوەی کە ٧١٪ی ژنانی فەرمانبەر ئەگەر بیانەوێت واز لەکار بهێنن، خۆیان بریاردەرن. بەبۆچوونی ئەو مامۆستایە ئەو رێژەیە مانای ئەوەیە کە ژن بریاری کەسێکی تری بەسەرەوە نییەو خۆی بریار لەبارەی چارەنووسی خۆیەوە دەدات. هاوکات پسپۆڕی دەروونی د. یوسف حەمە سا لح، دەڵێ کە هەندێجار بریاری وازهێنانی ژن، شتێکی لەناکاوەو بۆ بێزاری لەکارکردن دەگەڕێتەوە، وێڕای ئەوەی کە ئەو ژینگەی (پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان) ژنی تێدایە کاریگەری بەسەریەوە هەیەو بەو هۆیەوە گوشاری دەروونی بۆ دروست دەبێت کە بریاری واز هێنان لەکار بدات.

### وازهێنان بەهۆی گوشار

لەبارەی ئەوەی کە بەبێ بوونی هیچ گوشارێکی دەرەکی بریار لەدەست ژن بێت؟ ٢٤ ژن کە رێژەکەی دەکاتە ١٧٪، واز دەهێنن و ماڵ هەڵدەبژێرن. هاوکات ١١٦ ژن کە رێژەکەی دەکاتە نزیکەی ٨٣٪، مانەوە لەسەر کار هەڵدەبژێرن. هاوکات ١١٤ژن کە رێژەکەی دەگاتە ٨١٪، سەرکەوتوویی ژن، زیاتر لەشوێنی کاردا



www.netewe.com



فۆتۆ: ژولیا عەدنان

دەبینن. هەروەها٢٦ ژن کە ڕێژەکەی دەکاتە ١٩٪، ماڵ بەشوێنی سەرکەوتنی ژن دەزانن.

## ئارەزووی کارکردن

لەوەڵامی پرسیارێکدا دەربارەی ئەوەی کە ئارەزوویان لەکارکردنە یان ماڵ، بەرێژەی٨٧٪ـی ژنان هیواو ئاواتەکانیان لەکارکردندا بەدیدەهێنن و تەنیا ١٣٪ـی بەشداربووان بیر لەوە دەکەنەوە کە واز لەکارکردن بهێنن و روو لەماڵەوە بکەن. لەوبارەیەوە م.بەسمە، دەڵێت رێژەی ٨٧٪ـی ژن کە دەیانەوێت لەدەرەوەی ماڵدا کاربکەن، مانای ئەوە دەگەیەنێت کە پرسی ژن، لەهەرێمی کوردستاندا پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینییەوە. بەڵام ئەوەی بەلای بەسمەوە جێی تێبینییە، کە جیاوازی کارکردنی ژن لەماڵ و دەرەوەدا تەنیا ٢٠ خولەکە. لەم حاڵەتەشدا ژنەکە هەر پۆستێکی هەبێت کە چووە ماڵەوە، مامەڵەی ژنی لەگەڵ دەکرێت و حیسابی ئەوەی بۆ ناکرێت کە لە کاردا ماندووە، دەبێت لەکاتی ماڵیشدا کارەکان رابپەڕێنێت، چونکە هاوسەرەکەی وا راهێنراوە کە دەبێت پشووبدات و ژنیش بەردەوام لەماڵدا خزمەتی بکات. د. یوسف حەمە ساڵح، دەڵێت زۆربەی ژنانی فەرمانبەر لەکارەکانیان ئاسوودەن، ئەمەش بەهۆی پەیوەندی و هەڵسووکەوت لەگەڵ هاوکارەکانیاندایە. بەو هۆیەشەوە ژن بەکارەوە سەرقاڵ دەبێت و لەکێشەو تووشبوون بەحاڵەتی دەروونی دوور دەکەوێتەوە.

## چێژی کارکردن

زۆربەی بەشداربووانی ئەم راپرسییە باس لەوە دەکەن کە شوێنی کار چێژی زیاتریان پێدەبەخشێت. ١٠٧ژن کە رێژەکەی دەکاتە ٧٦٪، چێژ لەشوێنی کارکردن وەردەگرن. هاوکات ٣٣ ژن کە رێژەکەی دەکاتە ٢٤٪، پێیانوایە کەشوهەوای ماڵ، چێژی زیاتریان پێدەبەخشێت. هەروەها ١٠٣ژن کە رێژەکەی دەکاتە ٨١٪، هەست بەوەدەکەن کە سەرکەوتنیان لەشوێنی کارکردنە. هاوکات ٢٩ ژن کە رێژەکەی دەکاتە ١٩٪، هەست دەکەن کە لەماڵەوە سەرکەوتووترن.

## پرسیارەکانی راپرسی وارڤین لەژنانی فەرمانبەر



**١. ئایا هەرگیز لەشوێنی کارکردن بیرت لەوازهێنان کردووەتەوە؟**

26% بەڵێ

74% نە

**٢. چۆن پلانت بۆ وازهێنان داناوە؟**

32% دەستلەکارکێشانەوە

68% خانەنشینکردن

**٣. بڕیاری وازهێنان یان مانەوە لەکارەکەت...**

71% بڕیارێکی تاکەکەسییە

29% بڕیارێکە بەهۆی بارودۆخی کۆمەڵایەتی بەسەرمدا سەپێنراوە

**٤. ئەگەر بەبێ هیچ گوشارێکی دەرەکی بڕیار لەدەستی تۆ بێت؟**

17% مانەوە لەماڵ هەڵدەبژێرم

83% مانەوە لەسەر کار هەڵدەبژێرم

**٥. بەڕای تۆ رادەی سەرکەوتنی ژن لەکام لەم شوێنانەدا دەردەکەوێت؟**

19% ماڵەوە

81% دەرەوە

**٦. تۆ لەکام لەم دوو شوێنە زیاتر چێژ وەردەگریت؟**

24% ماڵەوە

76% دەرەوە

**٧. تۆ لەکام لەم دوو شوێنە زیاتر هەست بەسەرکەوتن دەکەیت؟**

19% ماڵەوە

81% دەرەوە

**٨. تۆ کام لەم دوو ژنەیت؟**

87% ئاواتەکانم لەکارکردن بەدەست دەهێنم

13% خەون بە بەجێهێشتنی کارەکەمەوە دەبینم

**٩. ئەگەر لەلایەن حکوومەت مووچەیەک هەبێ بۆ ئەو ژنانەی لەماڵەوە کار دەکەن؟**

16% شوێنی کارەکەم جێدەهێڵم

84% دەمێنمەوە

**١٠. ئەگەر مێردەکەت کەسێکی پارەداربێت؟**

78% لەدەرەوە کاردەکەم

22% لەماڵ دەمێنمەوە

**١١. لەکارکردنت لەکام لەو دوو شوێنە زیاتر تووشی گوشاری دەروونی هاتوویت؟**

56% ماڵەوە

44% دەرەوە

### ئارەزووی ژن

بەشداربووان لەوەڵامی پرسیارێکدا دەربارەی ئەوەی کە خۆیان بەکام یەک لەم دوو ژنە دەزانن کە ئاواتیان کارکردنە، یان وازهێنانە؟ ١٢٢ژن کە رێژەکەی دەکاتە ٨٧٪، ئاواتیان کارکردنە. هاوکات ١٨ژن کە رێژەکەی دەکاتە ١٣٪، ئاواتیان وازهێنان و روو لەماڵ کردنەوە.

### زیادکردنی مووچە

لەبارەی ئەوەی کە ئەگەر لەلایەن حکوومەت مووچەیەک هەبێت بۆ ئەو ژنانەی لەماڵەوە کاردەکەن، ١١٧ ژن کە رێژەکەی دەکاتە ٨٤٪، گوتوویانە ئەگەر حکوومەت لەماڵیشدا مووچەیان بۆ ببڕێتەوە واز لەکارەکەیان ناهێنن. هاوکات٢٣ ژن کە رێژەکەی دەکاتە ١٦٪، لەماڵ دەمێننەوە. لەبارەی ئەوەی ئەگەر هاوسەری ژنەکە کەسێکی پارەداربێت، ١٠٩ژن کە رێژەکەی دەکاتە ٧٨٪، گوتوویانە لەدەرەوەی ماڵ درێژە بەکار دەدەن. هاوکات ٣١ ژن کە رێژەکەی دەکاتە ٢٢٪، گوتوویانە لەماڵ دەمێننەوەو کار ناکەن. لەوبارەیەوە، سەرۆکی مونتەدای ئابووری کوردستان محەممەد کەریم، باس لەوە دەکات کە لەدەزگاو فەرمانگەکان، کێبڕکێی مووچەو پلە زۆر گرنگە، ئەوەش وادەکات ژن کار و پیشەکەی لا خۆشەویست بێت و بیر لەوازهێنان نەکاتەوە. لەبارەی رۆڵی کەرتی تایبەت بۆ کەمکردنەوەی ئەو دیاردەیە گوتی کە کەرتی تایبەت نەیتوانیوە متمانە لای خەڵک دروست بکات، چونکە پڕۆژەی بچووکی نییە، تا ژن ئەنجامی بدات. ئەو مامۆستایە هەروەها گوتی:"حکوومەتی هەرێم، رۆڵی پێویستی بۆ چاکسازیکردن لەسیستەمی بەڕێوەبردنی فەرمانگەکانی حکوومەت نەگێڕاوە، بۆیە سیستەمی فەرمانگەکان بوونەتە هۆکاری ئەوەی ژنان بیر لەوازهێنانی کار بکەنەوە".

### گوشاری دەروونی

لەبارەی کارکردنی ژن کە لەکام شوێن زیاتر تووشی گوشاری دەروونی دەبێت، ٧٩ ژن کە رێژەکەی نزیکەی دەکاتە ٥٦٪، ماڵەوە بەشوێنی گوشاری دەروونی دەزانن. هاوکات ٦١ ژن کە رێژەکەی دەکاتە ٤٤٪، دەرەوە بەشوێنی گوشاری دەروونی دەزانن. د. یوسف، باس لەوە

www.netewe.com



فۆتۆ: ژولیا عەدنان

دەکات بەهۆی ئەوەی، بەشێک لەو پیاوانەی دڵپیسن، هەندێ خەیاڵ و گرێی دەروونیان بۆ دروست دەبێت، وابیردەکەنەوە "کە ئەو ژنەی لەدەرەوەدا کار دەکات رەنگە بیر لەپەیوەندی سێکسی بکاتەوە". بۆیە داوا لە ژنەکەی دەکات واز لەکارەکەی بهێنێت کە ئەمەش گوشارێکی دەروونی بۆ ژنە دروستدەکات. هەندێجاریش ژن هۆکارە و خۆی کێشە بۆ خۆی دروست دەکات. چونکە بەباشی مامەڵە لەگەڵ دەوروبەر ناکات، هەروەها پێگەی خۆی بەلاواز دەبینێت و وایلێدێت کە لەکاتی کارکردن هەست بەکەموکورتی بکات و تووشی گوشاری دەروونی بێت.

## هۆکاری گشتی بۆ وازهێنان

زۆربەی بەشداربووان، هۆکاری وازهێنانیان بۆ ئەوە دەگەڕێننەوە کە لەفەرمانگەکاندا شوێنێکی گونجاو (داینگەو باخچەی ساوایان) بۆ منداڵەکانیان نییە. هەروەها جیاوازیکردن لەنێوان فەرمانبەرەکان و توانجلێدان و لاوازی بواری ئابووری هۆکارێکی تریانە. هەروەها ئاماژەیان بەوە کردووە کە گەندەڵی ئیداری، نەبوونی سیستەمێکی هاوچەرخ بۆ تێپەڕاندنی کارەکان و ناشارەزایی بەڕێوەبەریش هۆکارگەلێکی دیکەی بیرکردنەوە لەوازهێنانن.

## مەترسیەکانی وازهێنان لە کار

ئەو هۆکارانەی وادەکات ژن بیر لەوازهێنان بکاتەوە بەبڕوای بەشداربووان بریتین لە: زۆربوونی کاتی دەوام، نایەکسانی لەدامودەزگا حکوومییەکان و کێبڕکێی حزبی، کەمی مووچە، پێشێلکردنی مافی ژنان، هەڵسوکەوتی نابەجێی کاربەدەستان بەتایبەتی پیاوان و نایەکسانی لەنێو ماڵدا. هەروەها دابیننەکردنی پێداویستی ژنان و چارەسەرنەکردنی کێشەکانیان، لەگەڵ گرنگینەدان بەو بڕوانامەو بوونی نیپۆتیزم (خزمخزمێنە)لەفەرمانگەکان و جیاوازیکردن بە فەرمانبەران. گوشاری دەروونی لەلایەن دەوروبەر بەتایبەتی بەڕێوەبەر و گوشاری کۆمەڵایەتی. نەبوونی پاڵپشتی بۆ سەرکەوتن و زۆری کاتی دەوام، لەگەڵ ماندووبوونی لەرادەبەدەر. گوشاری هاوسەرەکانیان و قسەی خەڵک و ژیانی هاوسەری و کێشەی کۆمەڵایەتی.

## بەخێوکردنی منداڵ

پەیمان سابیر، تەمەنی ٣١ ساڵەو دەرچووی کۆلیژی کارگێڕی و ئابووری زانکۆی سەلاحەدینە. پەیمان، خێزاندارەو دوو منداڵی هەیە. دوای دوو ساڵ کارکردنی وەک فەرمانبەر لەوەزارەتی دارایی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، وازی لەکارەکەی هێناوە. پەیمان، دەڵێت: "هاوسەرەکەم لە کۆمپانیایەک کاری دەکرد، مووچەکەی زۆر باشبوو، گاڵتەی بەمووچەی من دەکرد و دەیگوت تۆ واز لەکاربێنەو سەرقاڵی رێکخستنی ماڵ بە". ئەو هۆکارێکی تری وازهێنان بۆ نەبوونی داینگە دەگەڕێنێتەوە کە ناتوانێت دوو منداڵ بۆ داینگەی ئەهلی بنێرێت، چونکە مووچەکەی بەشی ئەوە ناکات. پەیمان، گوتی کە هاوسەرەکەی پێیگوتووە، ئەگەر لەماڵدا ئاگاداری منداڵەکانت بیت، لەکارکردنت باشترە.

## سەقامگیری خێزان

خوناو ئیبراهیم، کچێکە شووی نەکردووەو تەمەنی ٣١ ساڵەو لەبەشەناوخۆیی کچان فەرمانبەرە. باس لەوە دەکات، کە بەهۆی ئەوەی ئەرکی بەخێوکردنی دایک و باوکی لەئەستۆیە، زۆرکات بڕیاری وازهێنانی داوە، چونکە دایک و باوکی بەساڵاچوون. خوناو، دەڵێ کە بەهۆی سەرقاڵی بەماڵەوە چەندینجار لەکاتی دەوامکردن دواکەوتووە. ئەو دەڵێت ئەگەر بژێوی ژیانمان

www.netewe.com



فۆتۆ: ژولیا عەدنان

باش بوایە، بیرم لەوازهێنان لەکار نەدەکردەوە، بەڵام چونکە کەس نییە دایک و باوکم بەخێو بکات، ناچارم وا بکەم. خوناو، بەگرنگی دەزانێت کە حکوومەت بیمەی تایبەت بۆ ئەو ژنانە دروست بکات کە توانای کارکردنیان نییە.

## نەریتی کۆمەڵگەو گوشاری ماڵ

کەژاڵ غەریب، لە بنکەی چاککردنەوەی کارەبای هەولێر فەرمانبەرە. خوێندنی پیشەیی تەواوکردووەو تەمەنی ٢٧ ساڵە. دەڵێت کە ٤ ساڵە شوویکردووە، بەڵام ساڵی رابردوو هاوسەرەکەی بەهۆی رووداوی ئۆتۆمبیل گیانی لەدەستداوەو منداڵێکیشی هەیە. کەژاڵ، دەڵێت بەهۆی رێگریکردنی لەلایەن ماڵی باوکیەوە ناتوانێت بچێتەوە سەر کارەکەی."ماڵەوە پێمدەڵێن بەهۆی چوونە دەرەوەت بۆسەر کار تووشی کێشەو قسەی خەڵک دەبیت". ئەو ژنە نیگەرانە لەوەی کە لەکارەکەی دوورکەوتووەتەوە.

## تەحەڕوش

وەهبیە زرار، پارێزەر و راهێنەری جەندەری تەحەڕوش بەیەکێک لەو دیاردانە دەزانێت کە بووەتە هۆی وازهێنانی زۆرێک لە ژنان لە کارەکانیان. "خۆم ئاگادارم کە چەندین ژن، بەهۆی ئەوەی لەشوێنی کارەکەیان تەحەڕوشیان پێکراوە وازیان لە کار هێناوە. دواتریش وەک لەکۆمەڵگەی ئێمەدا باوە بەچاوی تاوانبار سەیری قوربانی دەکرێت. زۆر لەو ژنانەی کە تەحەڕوشیان پێدەکرێت، ناوێرن لەناو خێزانەکانیان هەر باسی بکەن، چونکە راستەوخۆ پێیدەگوترێت، تۆ نابێت کار بکەیت و بۆ ماڵێ دەگەڕێننەوە".

## پەرلەمان چارەسەری پێ ناکرێت

سەبارەت بەپێشبینی بۆ زیادبوون یان کەمبوونی رێژەی ٢٦٪ـی ئەو ژنانەی کە بیریان لەوە کردووەتەوە، واز لەکارەکانیان بهێنن، سەرۆکی لیژنەی کاروباری خێزان و منداڵ، لەپەرلەمانی کوردستان عەبدولسەلام بەرواری، دەڵێ پێشبینی کردن بۆ زیادبوون یان کەمبوونی ئەو رێژەیە پێویستی بە دیراسەو لێکۆڵینەوەی ورد هەیە. سەبارەت بەچارەسەرکردن و کەمکردنەوەی ئەو رێژەیە لەلایەن پەرلەمانەوە دەڵێت، چارەسەرکردنی هەر گرفتێک لەلایەن پەرلەمانەوە ناکرێت بەدەرکردنی یاسایەک بێت، بۆیە ئەرکی تاکەکانە ئەو کێشەیە چارەسەر بکەن.

## چارەسەر

م. بەسمە، بۆ کەمکردنەوەی رێژەی وازهێنانی فەرمانبەران لە کارەکانیان، نەمانی جیاوای جەندەری و پیاوسالاری بەپێویست دەزانێت. هاوکات بەسمە، بەپێویستی دەزانێت کە بەخێرایی لەلایەن حکوومەتەوە پێداچوونەوە بۆ کێشەکانی فەرمانبەرانی ژن بکرێت، چونکە ئەگەر ئەو پرسە فەرامۆش بکرێت، دواتر چارەسەرکردنی ئەستەم دەبێت. هاوکات محەممەد کەریم وایدەبینێت، دابەشکردنی کار لەنێوان ژن و پیاو، یەکسان نییەو ئەرکی ژن زیاترە. تائێستایش ئەرکی بەخێوکردنی منداڵ و بەڕێوەبردنی ماڵ هەر لەئەستۆی ژنە. لەگەڵ ئەمانەش ژن دەبێ هۆشیاربێتەوەو بتوانێت کارەکانی لەماڵەوە لەگەڵ پیاو، دابەش بکات. مامۆستا وەهبیە، بەپێویستی دەزانێت کە رێکخراوەکان بەگشتی و رێکخراوەکانی ژنان بەتایبەتی، هەوڵی هۆشیارکردنەوە بدەن و گوشار بخەنە سەر دەزگا حکوومییەکان بۆ ئەوەی گرفتەکانی ژن چارەسەر بکرێن"پێویستە حکوومەت داشکان لە داینگەکان بۆ ژنانی فەرمانبەر بکات و کار بۆ زیادکردنی مووچەکانیان بکرێت. یان با رێکخراوەکانی ئافرەتان کردنەوەی داینگە لەئەستۆ بگرن".

# هەڵبژاردنی کراس

پێویستە لەکاتی هەڵبژارنی کراسدا، مۆدەی جوان و ناسک هەڵبژێرین. لەکاتێکدا مۆدەی کراسەکان بەشێوەیەکی جوان و ناسک دەنەخشێنرێن. مۆدەی کراس وەک هەرشتێکی دیکە، لەوەرزێکەوە بۆ وەرزێکی تر دەگۆڕێت. لەوەرزی بەهار و هاویندا، دەتوانین سوود لەکراسە کراوەکان وەر بگرین. واتە ئەو جۆرەکراسانەی کە شێوەیان لەلای سەرەوەی تەسکە، لای خوارەوەشی کەمێک بە شلی دێتە خوارەوەو بەشێوەیەکی جوان جەستەی خانمان دەگرێت، جوانییەکی تایبەتیان پێدەدات.



# نوێترین سـ







پێویستە هەڵبژاردنی ستایلی رەنگی قژ، بۆ خانمان بەشێوازێک بێت کە لەگەڵ رەنگی روخساریدا بگونجێت. وەک دەزانن رەنگی قژ لە وەرزێکەوە بۆ وەرزێکی تر دەگورێت. وەرزی زستان مۆدێلی رەنگی تۆخ، سوور، قاوەیی و مۆرە. بەڵام وەرزی بەهار و هاوین مۆدێلی رەنگی کاڵ، زەردی کاڵ و قاوەی کاڵە. بۆیە دەبێ خانمان لەم وەرزەدا رەنگی کاڵ بۆ قژیان بەکار بهێنن. .

# MODA



# ـتايلى قص













ژنانی کەنەدا....
پاڵەوانانی یاری هۆکی
سەرشەختە لە خولی
یارییە وەرزشییەکانی
ئۆڵمپیادی زستانەی
2010
لە ڤانکۆڤەر

www.netewe.com

# له جیاتی وەرزش پاککردنەوەی قوتابخانە!



باسکردن و خستنەڕووی کێشەکانی وانەی وەرزش لە قوتابخانەکانی شارەکانی کوردستاندا دۆزینەوەی نهێنییەک نییە و ڕۆژ نییە لە ڕۆژنامە و گۆڤار و هۆکارەکانی دیکەی ڕاگەیاندندا بە دەیان وتار و بابەت و ڕیپۆرتاژ لەوبارەیەوە بڵاو نەبنەوە و باس لە کێشە و کێماسییەکانی خوێندنی ئەو وانەیە لە قوتابخانەکانی خۆماندا نەکرێت.

ڕۆژ بە ڕۆژیش شتی سەیر و سەیرتر لە بارەی خوێندن و پراکتیزەکردنی وانەی وەرزش لە قوتابخانەکاندا دەبینین و وەکو دەڵێن "تا سەر بمێنی، عاجباتییان دەبینی"

لەو ڕۆژانەدا کچەقوتابییەکی یەکێک لە قوتابخانەکانی کچانی دەروروبەری شاری هەولێر تەلەفۆنی بۆ کردم و ئەوەی بۆ ئاشکرا کردم و گلەیی ئەوەی کرد، کە مامۆستاکەیان، هەرچەندە مامۆستایەکی تایبەتمەندی وەرزشییە و گەنجیشە، کەچی هیچ گرنگییەک بە وانەی وەرزش نادات و ئامادەش نییە جلی وەرزشی لەبەر بکات و لەگەڵ قوتابییەکاندا بەشداریی بکات. منیش پێم گوت ئەوە هەر کێشە نییە، چونکە زۆربەی مامۆستا ئافرەتەکانی وانەی وەرزش، ئامادەنین جلی وەرزشی بپۆشن و بەشێکیشیان بە ملیاندا هاتووە کە وانەکە هەرچۆنێک بێت ببەنە سەر و بە کارێکی زۆرەملێیی دەزانن.

کەچی ئەو کچەقوتابییە گوتیشی کە مامۆستاکەیان ماوەیەکە فێربووە لە بری وەرزشکردن و پراکتیککردنی وانەی وەرزش، گۆڕەپانی قوتابخانە بە کچەقوتابییەکان پاک دەکاتەوە (دیارە ئەوەش هەر بە وەرزش دەزانێت!).

دەشیگوت لە لای ئەوان ئێستاش زۆربەی جار وانەکە لە خشتەی هەفتەدا لە وانەی "یەکەم یان شەشەم"ە. ئەمەش مانای ئەوەیە کە وانەکە پراکتیک ناکرێت.

ئەمەی باسم کرد، لە کاتێکدایە کە وەزارەتی پەروەردە کار بۆ ئەوە دەکات بارودۆخی وانەی وەرزش بەرەو پێشەوە ببات و بۆ ئەمەش چەندین هەنگاوی گرنگ هاوێشتوە. لەوانە کردنەوەی خولی بەهێزکردنی مامۆستایانی وەرزشی و دانەنانی وانەکە لە وانەی یەکەم و شەشەمی خشتەی وانەکانی هەفتە لە قوتابخانەکان و دروستکردنی یاریگە لە قوتابخانە تازەکان و چەندین هەنگاوی دیکە.

جێگەی داخە لەو سەردەمەدا، مامۆستای ئافرەت، کە وانەی وەرزش بڵێتەوە و لە نێو چوار دیواری قوتابخانەکەی و لە نێو قوتابیانی کچ و دوور لە چاوی پیاوان، شەرم بکات جلی وەرزشیی بپۆشێت، ئەگەر خۆی نەیپۆشێت چۆن دەتوانێت پاڵەپەستۆ بخاتە سەر قوتابییەکانی بۆ پۆشینی جلی وەرزشی. پاشان ئەگەر ئەمەش ناکات، چۆن دەبێت لە بری پراکتیککردنی وانەکە، گۆڕەپان و حەوشەی قوتابخانە بە قوتابییەکانی پاک بکاتەوە.

جێی خۆیەتی لە بەڕێوەبەرانی ئەو قوتابخانانە بپرسین چۆن ڕێگە دەدەن مامۆستایانی وەرزشتان بەو شێوەیە مامەڵ بکەن. لەو سەردەمی پێشکەوتن و گۆڕانکارییانەی، کە لە پرۆگرامی خوێندن لە کوردستاندا پەیڕەو دەکرێت، قوتابیانی قوتابخانەکانی کوردستانیش، بە تایبەتی کچان، مافی خۆیانە داوا بکەن وانەی وەرزش، وەکو وانەکانی دیکە، بە شێوازێکی نوێ پراکتیک بکرێت و قبوڵیش نەکەن چیتر هەندێک مامۆستای، وەکو ئەوەی کە لە سەرەوە ئاماژەمان بۆ کردووە، سووکایەتییان پێ بکات.

ئەرسەلان عەبدوڵڵا
ARSALANKURDI@YAHOO.COM



# ڕۆیشتن

## وەرزشێک بۆ جوانی و تەندروستی

ئەمڕۆ زۆربەی پزیشکەکان وەکو ئامۆژگارییەکی گرنگیی پزیشکی، داوا دەکەن کە پێویستە مرۆڤ ڕۆژانە بۆ چەند ساتێک وەرزشی ڕۆیشتن بە پێ ئەنجام بدات، ئەمەش بۆ ئەوەی تەندروستیی خۆی بپارێزێت و لە هەمان کاتدا خاوەن لەشێکی ڕێک بێت.

ئەوەی جێگەی خۆشحاڵیشە، وەرزشی ڕۆیشتن بە پێ زۆرئاسانە و و زەحمەتیی بۆ مرۆڤ دروست ناکات، دەکرێت مرۆڤ ڕۆژانە ٣٠ خولەک لە ژیانی خۆی بۆ ئەو وەرزشە تەرخان بکات.

هەروەها بە پێ ڕۆیشتن لە پشتئێشە و ئازاری مل و گەردنیش دەتپارێزێت، جگە لەوەیش جەستەیەکی جوان و لەشێکی ڕێکت پێ دەبەخشێت، کە هەموومان ئاواتی بۆ دەخوازین.

بۆ ئەنجامدانی وەرزشی بە پێ ڕۆیشتنیش، پێویستە چەند ڕێنماییەک لە کاتی ئەنجامدانی ئەو وەرزشەدا جێبەجێ بکەیت، لەوانە:

*جەستەت ڕاست ڕابگرە و خۆت لە چەمینەوەی پشتت بپارێزە، تەنانەت ئەگەر زۆر کەمیش بێت.

* هەوڵ بدەن خۆت لە هاتنەخوارەوە بۆ پێشەوە یان دواوە دوور بگرە، بۆ ئەوەی پاڵەپەستۆ نەخەیتە سەر ماسوولکەکانی پشتت.

* سەیری پێشی خۆت بکە و سەیری خوارەوە مەکە، هەروەها چەناگەت بەرز و ڕاست ڕابگرە، ئەوانە وا دەکەن پاڵەپەستۆ نەکەوێتە سەر ماسوولکەکانی پشتت.

* شانەکانت بۆ یەک جار بەرز بکەوە، دواتر دایانبەزێنە بۆ باری ئاسایی خۆیان، پاشان بە خاویی و کەمێک بۆ دواوە بیانهێڵەوە.

# ”ڤانیسا برۆنسێل“ داوا لە ”برێدیج“ دەکات لە بڕیارەکەی پاشگەز ببێتەوە



کچەنمایشکاری جلوبەرگی فەڕەنسی (ڤانیسا برۆنسێل) کە بووە هۆی نانەوەی کێشەیەکی گەورە بۆ هەردوو یاریزانی ئینگلیزی ”جۆن تێری و واین برێدیچ“، بڕیاری هاوڕێی پێشووی ”واین برێدیچ“ی ڕەتکردەوە بەوەی ئەمەی دوایی بڕیاری دا واز لە یاریکردن لە ریزەکانی هەڵبژاردەی ئینگلتەرا بێنێت. ئەو کچە بڕیارەکەی ئەو یاریزانەی بە ”شێتانە“ وەسف کرد.

(ڤانیسا برۆنسێل) پێشتر پەیوەندیی خۆشەویستی لەگەڵ ”بڕێدیچ“ هەبوو، منداڵێکیشیان هەبوو، بەڵام بەمدواییە ئاشکرا بوو کە ئەو کچە پەیوەندیی سێکسی لەگەڵا کاپتنی هەڵبژاردەی ئینگلتەرا و یانەی چێڵسی ”جۆن تێری“ هەیە، کە دوای ئاشکرابوونی ئەو پەیوەندییە، کێشەیەکی گەورەی نێوەندی وەرزشیی ئینگلتەرای گرتەوە و وای کرد کە ”تێری“ نیشانەی کاپتنیی لە هەڵبژاردەکەی لێ وەربگیرێتەوە، جگە لەمەیش تاوانبارکرا بەوەی خیانەتی لە هاوڕێیەکی خۆی لە هەڵبژاردەکەی کردووە.

لەدواپێشهاتیشدا یاریزان برێدیچ بڕیاری دا لە مۆندیالی ٢٠١٠ بۆ هەڵبژاردەی ئینگلتەرا یاریی نەکات، ئەم بڕیارەیشی بووە جێگەی ناڕەزایی (ڤانیسا برۆنسێل) و پێی وایە کە بڕیارەکە دەبێتە هۆی دابەشبوون لە نێو یاریزانانی تیپەکەدا.

ئەو کچەنمایشکارەی جلوبەرگ، کە تاڕادەیەک بووە هۆی دروستبوونی کێشە بۆ هەڵبژاردەی تۆپی پێی ئینگلتەرا، ئێستا داوا دەکات کە یاریزان ”برێدیچ“ لە بڕیارەکەی پاشگەز ببێتەوە و چاو بە بڕیارەکەیدا بخشێنێتەوە.



www.netewe.com




# جوانترین ١٥ ژنە وەرزشوان لە ئۆلٚمپیادی زستانەی ٢٠١٠

لە ڕۆژانی ڕابردوودا یارییەکانی خولی یارییە وەرزشییەکانی ئۆلٚمپیادی زستانەی ٢٠١٠ لە شاری ڤانکۆڤەری کەنەدا بەڕێوەچوو. بە دەر لە ئەنجامەکان یەکێک لە سایتەکانی تایبەت بە مۆدە و جوانی، ١٥ ژنە وەرزشوانی بەشداربووی خولەکەی بە جوانترین هەڵبژاردووە، کە ئەمانەن:

١-کریستی لیسکینین، یاریی فرستاڵ لە تیپی ئەمەریکا، وەرزشوانێکی سەرکەوتووە و جوانییەکەیشی سەرنجڕاکێشە.

٢-ئەلیسا چیسنی، یاریی خلیسانێکی سەر شەختە، لە تیپی ئەمەرکا، لە ٢٠٠٩ بووەتە پاڵەوانی وڵاتەکەی لەو یارییەدا.

٣-کلاودیا تۆت، یاریی کیرلینگ، لە تیپی نەمسا.

٤-ئەلیۆنا ساڤچینکۆ، یاریی خلیسکانێی هونەری لەسەر شەختە، خۆی ئۆکرانی و لە ئۆلٚمپیادی ڤانکۆڤەر نوێنەرایەتیی ئەڵمانیای کرد.

٥-تانیت بیلبین – سەمای هونەری لەسەر شەختە، لە تیپی کەنەدایە.

٦-لۆدمێلا بریڤیڤۆکۆڤا، سەرۆکی تیپی ڕووسیا لە یاریی کیرلینگ.

٧-لیندسی فۆن، یاریی خزین لەسەر بەفر، لە تیپی ئەمەریکا. دوو جار جامی جیهانی و دوو جاریش پاڵەوانیەتیی جیهانی بردۆتەوە.

٨-ئانی فریزینگێر، یاریی خلیسکانێی خێرای سەر شەختە، لە تیپی ئەڵمانیا. چەندین نازناو و میدالیای بەدەستهێناوە لە ئۆلٚمپیادەکانی ٢٠٠٢ و ٢٠٠٦ و ٣ جار پاڵەوانیەتیی جیهان و ٥ جار پاڵەوانیەتیی ئەورووپای بردۆتەوە.

٩-تانیا شیڤچینکۆ، یاریی خلیسکانێی تاکی سەر شەختە، لە تیپی ئەڵمانیا، ٣ جار بووەتە پاڵەوانی ئەڵمانیا.

١٠-جۆلیا مانکۆزۆ – یاریی خزین لەسەر بەفر بە لاسلکی، لە تیپی ئەمەریکا.

١١-ساشا کوین، یاری خزین لەسەر شەختە لە ئاستی تاک، لە تیپی ئەمەریکا.

١٢-گریتخین بلایلەر – یاریی سنۆبۆرد، لە تیپی ئەمەریکا.

١٣-هیلاری نایت، یاریی هۆکی سەرشەختە، تیپی ئەمەریکا، بچووکترین یاریزانی تیپەکەیەتی.

١٤-مارییا ریش، یاریی خلیسکانێی سەر بەفر، لە تیپی ئەڵمانیا، لە ٢٠٠٩ بووە پاڵەوانی خولی ئالبی.

١٥-یۆ نا کیم، یاریی خزین لەسەر شەختە لە ئاستی تاک، تیپی کۆریای باشوور، پاڵەوانی ئێستای جیهانە و یەکەم وەرزشوانی کۆریای باشوورە کە ئەو سەرکەوتنانە لە ئاستی تاک لە یارییەکەیدا تۆمار بکات.


دکتور
مەریوان حمید حمدان
نۆرینگەی تیشک و سۆنار
سلوى احمد نجار
M.B.Ch.B. - D.M.R.D. - Ph.D.
نۆرینگەی تیشک و سۆنار
میدیا غازی صدیق
پسپۆر لە تیشک و سۆنار
M.B.Ch.B. - D.M.R.D.
چاویلکە سازی سید محمود عوینات
SAEED MAHMOOD OPTICAL
زهير محسن
دکتورە
سۆزان فەتاح محمەد
پسپۆرلەپزیشکی و نەشتەرگەری لووت و گوێ
ULO - ENT Baghdad
M.B.C.H.B Baghdad
Training Lebanon
Training Spain
الدكتورة
شهلا حمزة الساقي
اختصاصية في امراض النسائية والتوليد والعقم
M.B.Ch.B.D.G.O
MRCOG - PART 1 (UK)
عبد الرزاق
دكتور
محسن علي
M.B.CH.B.M.L.O.E.N.T
الدكتور
رەوەند سیف الدین المفتی
جراح اختصاصي
ماجستير اختصاصي في الجراحة العامة
جراحة الجهاز الهضمي والمجاري البولية والغدد والثدي
M.B.Ch.B. MGB.
دکتورە
میدیا معروف خەزنەدار
M.B.Ch D.I.M
التخصصية
الدكتور
معالجة الاسنان
B.D.S. M.Sc. Conservat
دکتور
محمد علي
پزیشکی ددان
دکتور
مەریوان حمید حمدان

# بەهۆی کەمتەرخەمی پزیشکەوە ٣ منداڵ لە ڕۆژێکدا مردن

## بەڕێوەبەری فەرمانگەی تەندروستی هەولێر:

# مردنیان کارێکی ئاساییە

تایبەت

بەپێی لێدوانی دایک وباوکی منداڵێک، لەنەخۆشخانەیەکی تایبەتی شاری هەولێر، لەماوەی ڕۆژێکدا ٣ منداڵ بەهۆی کەمتەرخەمی پزیشکەوە گیانیان لەدەستداوە، هاوکات بەڕێوەبەری فەرمانگەی تەندروستی هەولێریش مردنی ٣ منداڵ لە ڕۆژێکدا بەئاسایی دەزانێت.

ڕۆژی ٣٠-١-٢٠١٠ لەنەخۆشخانەی ڕاپەڕینی شاری هەولێر کە نەخۆشخانەیەکی تایبەتە بە نەخۆشی و نەشتەرگەری منداڵان، سێ منداڵ گیانیان لەدەستدا. خێزانی ٢ لەو منداڵانە، بەشێک لە کارمەندانی ئەو نەخۆشخانەیە، بەهۆکاری مردنی منداڵەکانیان دەزانن. دایکی یەکێک لەمنداڵەکان بەدەم قسەکردنەوە، بەلەچکەکەی سەری، فرمێسکەکانی دەسرییەوەو دەیگوت:"ئەو منداڵەی کە ٥ ساڵبوو چاوەڕێی بووم، بەهۆی کەمتەرخەمی پزیشکەوە مرد". حەلیمە جەبار(٤١) ساڵ کە دوو منداڵی هەیەو خۆیشی کارمەندی وەزارەتی تەندروستییە، چۆنیەتی مردنی منداڵەکەی بۆ وارڤین باس کرد و گوتی:"چوومە نەخۆشخانەی ڕەسوڵی تایبەت، تالەوێ بەباشترین شێوە خزمەت بکرێم، چونکە نەخۆشخانە تایبەتیەکان، بەهۆی پارەوە نەخۆشەکان، بەباشی خزمەت دەکەن. بەنەشتەرگەری کچێکم بوو، تەندروستی زۆر باش بوو، تەنیا پێویستی بەئۆکسجین بوو. پێویست بوو منداڵەکەم بخرێتە ناو شووشە، تائۆکسجینی تەواوی پێبگات. بەڵام لەو نەخۆشخانەیە ئەوەی بۆ نەکراو ناچار بووم ڕوو لەنەخۆشخانەی ڕاپەڕین بکەم. بەپێی قسەی دکتۆر ماوەی ٣



سەید نافیع باوکی یەکێک لە منداڵە مردووەکان




فۆتۆ: ڕەفیق شوکری

ڕۆژ منداڵەکە تەندروستی زۆرباش بوو، بەڵام پزیشک گوتی با ئەمشەویش لێرە بمێنێتەوە". بەگوتەی حەلیمە کاتژمێر یەکی دوای نیوەڕۆ کاتێ دوو پزیشکی (مقیم) کاتی دەوامکردنیان تەواو بوو، دوو پزیشک بەناوی (ب،ع و ع، ا) هاتن،"ئەو دوو پزیشکە لەکاتژمێر ١ـی دوای نیوەڕۆ تا ٢ـی شەو نەهاتنەلای منداڵەکەم، منیش هەستم بەخراپی تەندروستی منداڵەکەم کرد". وەک حەلیمە ئاشکرای کرد کە چەند جارێک بەگریانەوە چووەتە ژووری د.(ب) و داوای لێ کردووە، بچێتە لای منداڵەکەی"بەڵام دەرگای لێ نەکردمەوە، چونکە لەژوورەوە لەگەڵ ئافرەتێک دانیشتبوو، منیش چرکەبەچرکە هەستم دەکرد کە تەندروستی منداڵەکەم بەرەو خراپی دەچێت". بەپێی قسەی حەلیمە، دوای ٣ کاتژمێر دەرگای لێ کردووەتەوە:"لێی پاڕامەوە کە فریای منداڵەکەم بکەوێت، ئەویش گوتی تۆ بڕۆ من ئێستا دێم، لەسەر قسەکەی ئەو ڕۆیشتم. بەڵام نەهات. کاتژمێر ٢ـی شەو کە منداڵەکەم مرد، ئەوکات پزیشک هات". سەید نافیع، کە هاوسەری حەلیمەیە، وێڕای ئەوەی کە قسەکانی هاوسەرەکەی پشتڕاست کردەوە، ئەوەشی بە وارڤین گوت کە کە منداڵێکی تر لە کاتژمێر ٥ـی ئێوارەی هەمان ڕۆژ، لەکاتی ئێشکگری هەردوو پزیشکی ناوبراودا، مردووە"بێ ئەوەی ئەو ٢ دکتۆرە، سەردانی بکەن". سەید نافیع، ئاماژە بەمردنی منداڵێکی تریش دەکات، کە بینویەتی لەهەمانڕۆژدا مردووە. ئەمەش وایکردووە کە سکاڵایەک لەدژی ئەم دوو پزیشکە لای بەڕێوەبەری نەخۆشخانەکە تۆمار بکات"ئەویش داواکەی قبووڵ کردم و پێیگوتم مافی خۆتە، چونکە ئەوە یەکەمجار نییە کە ئەو موقیمە (ب) هەڵەی لەو شێوەیە دەکات". بەپێی قسەی سەید نافیع، دوای ماوەیەک زانیاری ئەوەی پێگویشتووە کە بەڕێوبەری نەخشخانەکە ئەو ٢ پزیشکەی سزاداوە.

میران عەرەب، باوکی عیمرانەو دانیشتووی ئاکرێیە. کوڕەکەی لە ٢٠١٠, ١, ٣٠، لەنەخۆشخانەی ڕاپەڕین مردووە، عیمران تەمەنی ٤ ساڵ بووە. میران کە لە ئاساییش دەوام دەکات، وەها باسی چۆنیەتی مردنی منداڵەکەی بۆ وارڤین گێڕایەوە: لەنەخۆشخانەی ڕاپەڕین لەلایەن د.عەباس، نەشتەرگەری سپڵی بۆ کرا، پێنج ڕۆژ لەوێ مایەوە. لەو ماوەیەدا زیاتر لە٢٠ جار داوام لە یەکێک لەپزیشکانی ئەو نەخۆشخانەیە کرد کە چاودێری تەندروستی منداڵەکەم بکات، بەڵام کەس گوێی پێ نەدام، تا پزیشکی ئێشکگر هات، منداڵەکەم مرد". بەپێی زانیارییەکانی وارڤین هەر لەهەمانڕۆژدا منداڵێکی تر بەناوی ڕێناس سابیر غەفور، دانیشتووی مامزاوە لەو نەخۆشخانەیەدا مردووە. وارڤین زۆر هەوڵیدا، پەیوەندی بەخێزانی ئەو منداڵەوە بکات، بەڵام نەتوانرا، چونکە بەپێی زانیاری سەرچاوەیەکی ئاگادار بۆ وارڤین، ژمارەی مۆبایلی کەسووکاری منداڵەکە، لە فایلەکەدا"گبلە"ڕەش کرابووەوە.

## کەمتەرخەمی هەبووە

بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی ڕاپەڕین، د.جەمال ئیبراهیم، هەبوونی کەمتەرخەمی لەلایەن ئەو ٢. پزیشکەوە دەسەلمێنێت و قسەکانی سەید نافیع، پشتڕاست دەکاتەوە:"ڕاستە لەلایەن باوکی ئەو منداڵەوە، سکاڵا لەسەر ئەو ٢ پزیشکە تۆمارکراوە، دوای بە دواداچوونمان، گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە ئەو ٢ پزیشکە کەمتەرخەم بوون، بۆیە سزادراون". د. جەمال، جۆری سزادانەکەی ئاشکرا نەکرد و گوتی، ئەو جۆرە سزادانانە تایبەت بەنەخۆشخانەن و بۆ ڕاگەیاندن باس ناکرێن. سەید نافیع، جەختی لەوەکردەوە کە چاوەڕێی هەڵوێستی بەڕێوەبەری نەخۆشخانەکەیە و ئەگەر بزانێت هەڵوێستیان وەک پێویست نییە،

www.melewe.com

داوای یاسایی لەدژیان تۆمار دەکات. هاوکات بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی ڕاپەڕین دەڵێت:"ئەگەر بەڵگەی پێویستی هەبێت، مافی خۆیەتی لەدادگا، داوا تۆمار بکات!!".

## "کارێکی ئاساییە"

بەڕێوەبەری گشتی فەرمانگەی تەندروستی هەولێر د.خالید عەلی عەبدوڵڵا، لەوبارەیەوە بەوارڤینی ڕاگەیاند:"فەرمانگەی تەندروستی هەولێر، ژمارەیەکی زۆر نەخۆشخانەو بنکەی تەندروستی لەسەرەو کارمەندی زۆریان هەیە، بۆیە هەڵەکردنیش کارێکی ئاساییە، چونکە تا کار نەکەیت هەڵەش ناکەیت". هەروەها د.خالید، کەمتەرخەمی ئەو ٢ پزیشکەش بە"ئاسایی" وەسفدەکات، چونکە" ٢٤ کاتژمێر کار دەکەن، ئەگەر هەر کەسێک گلەیی هەیە ئەوا دەتوانێت سکاڵای یاسایی تۆمار بکات، ئێمەش لیژنەیەکی پسپۆڕ بۆ بەدواداچوونی ئەو پرسە پێکدەهێنن کە پسپۆڕی یاسایان لەگەڵ بێت و لەرێگەی ئەو لیژنەیەوە بەدواداچوون بۆ کێشەکە دەکەین، دوای ئەوەی لیژنەکە گەیشتە ئەنجام، ئەوا بەیەکسانی مافی هەر کەسێک دەدرێت. ئەگەر هاتوو کێشەکە ئەوەندە گەورە بوو، ئێمە نەمانتوانی چارەسەری بکەین ئەوا با ئەو کەسانە پەنا ببەنەبەر دادگا".

سەبارەت بەهەبوونی بەڵگەی پێویست، سەید نافیع گوتی:"من بەر لەمردنی منداڵەکەم، هیچ کێشەیەکم لەگەڵ ئەو ٢ پزیشکەدا نەبووە، تا بمەوێت زیان بەناوبانگیان بگەیەنم، ئەگەر بەڵگەی تەواوم نەبووایە، بەڕێوەبەری نەخۆشخانە سزای نەدەدان. ئەوە بەڵگەیەکی بەهێزە بۆ سەلماندنی قسەکانم".

## پزیشکەکان سزا نەدراون

سەبارەت بەقسەکانی سەید نافیع و هاوسەرەکەی (د. ب، ع) ڕەتیدەکاتەوە کە کەمتەرخەم بووبێت و دەڵێ بەدرێژایی ١٣ کاتژمێری بەردەوام سەردانی منداڵەکەیانم کردووە. (د.ب) گوتی کە بەوپەڕی خەمخۆرییەوە چارەسەری ئەو منداڵەی کردووە، بەڵام منداڵی سەید نافیع، تەندروستی تەواو نەبووەو نەخۆشی دڵ گەورەبوونی هەبووە. ئەو پزیشکە، سەبارەت بەشەوی مردنی منداڵەکە گوتی:"دایکی منداڵەکە هاتە لام، بەئەرکی خۆمم بەجێ گەیاند و موقیمی پێشکەوتوو (د.عـ.ا) ئاگادار کردەوە، چونکە کاری من وەک موقیم گەیاندی گرفتی نەخۆشەکانە بەموقیمی پێشکەوتووەو بۆم نییە بێ ئاگاداری موقیمی پێشکەوتوو، یەک دەرزیش لەنەخۆش بدەم".

ئەو پزیشکە ڕەتیکردەوە کە لەژوورەوە لەگەڵ ژنێک دانیشتبێت و گوتی:"بۆ نانی ئێوارە، چوومە خوارەوە، تاهاتمەوە بارودۆخی منداڵەکە تێکچووبوو". ئەو پزیشکە، فایلی نەخۆشەکە بە بەڵگەی قسەکانی دەهێنێتەوە کە تێیدا ئاماژەی پێکراوە هەموو کاتژمێرێک سەردانی کردووە. بەڵام حەلیمە، دەڵێت:"دوای مردنی منداڵکەم نووسیویەتی و فایلەکەی ساختە کردووە". وارڤین هەوڵیدا ڕای د.ع وەرگرێت، بەڵام لەلایەن بەرپرسێکی نەخۆشخانەکەوە بە وارڤین ڕاگەیاندرا کە ئەو دکتۆرە بۆ بەغدا گەڕاوەتەوە.

## هاووڵاتییان لەئەدای پزیشک نارازین

هاووڵاتیانی شاری هەولێر ڕەخنە لەڕێوشوێنی هەندێ نەخۆشخانە دەگرن، کەبەپێی پێویست چارەسەر و چاودێری نەخۆش ناکەن. نیازجەوهەر حوسێن، قوتابی کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین، دەڵێت کە مانگی ڕابردوو خێزانەکەی بردووەتە نەخۆشخانەی لەدایکبوون و منداڵان لە هەولێر چونکە دووگیان بووە "خێزانەکم بەهۆی خوێنبەربوونەوە منداڵەکەی مرد. دوای مردنی منداڵەکە، کارمەندانی ئەو نەخۆشخانەیە

**لیژنەیەکی پسپۆڕ بۆ بەدواداچوونی ئەو پرسە پێکدەهێنین کە پسپۆڕی یاسایان لەگەڵ بێت و لەرێگەی ئەو لیژنەیەوە بەدواداچوون بۆ کێشەکە دەکەین، دوای ئەوەی لیژنەکە گەیشتە ئەنجام، ئەوا بەیەکسانی مافی هەر کەسێک دەدرێت. ئەگەر هاتوو کێشەکە ئەوەندە گەورە بوو، ئێمە نەمانتوانی چارەسەری بکەین ئەوا با ئەو کەسانە پەنا ببەنەبەر دادگا**

پێیانگوتم کە پێویستە خێزانەکەم بۆماڵ بگەڕێنمەوە، ئەوەش بۆ من جێگای سەرسوڕمان بوو، چونکە هەرگیز ناکرێت دوای خوێنبەربوون بەماوەیەکی کەم نەخۆش بچێتە ماڵەوە". نیاز، بەکارمەندانی نەخۆشخانەکەی گوتووە کە پێویستە چاودێری خێزانەکەی بکرێت، بەڵام ئەوان گوێیان بەقسەکانی نەداوە"ڕۆژێک پاش چوونە ماڵەوە باری تەندروستی خێزانەکەم زۆر خراپ بوو، تائێستاش ئاسەواری ئەوکاتەی بەسەرەوەیە".

ڕۆزە حوسێن، کچێکی تەمەن ٢٩ ساڵەو کارمەندی یەکێک لە فەرمانگەکانی حکوومەتە. ڕۆزە دەڵێت کە کاری پزیشکی بووەتە بازرگانی "زۆرجار فەرامۆشکردنی نەخۆش لەلایەن پزیشک کارەساتی دڵتەزێنی لێکەوتووەتەوە، یا لەکاتی نەشتەرگەریدا کەرەستەکانی پزیشکی لەناو جەستەی نەخۆشدا بەجێماوە". ڕۆزە، هۆکاری فەرامۆشکردنی نەخۆش لەلایەن پزیشکەوە بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە پزیشک بە پەراوێزخستنی وا لەنەخۆش دەکات کە سەردانی نۆرینگەکەی بکات، تا لەو ڕێگەیەوە پارەی دەست بکەوێت"بەداخەوە حکوومەت لەوبارەیەوە هەڵوێستی نییەو بێدەنگە".

## دادگا سزایان دەدات؟

پارێزەر فەوزیە فەقێ ڕەشید، وێڕای ئەوەی بەپێویستی دەزانێت کە پزیشک بەوپەڕی خەمخۆرییەوە کارەکەی خۆی ئەنجامبدات، چونکە ژیان و مردنی نەخۆش لەدەستی پزیشکدایە، ئاماژە بەهەندێ ڕێکاری یاسایی دەکات کە دادگا بەرامبەر بەو پزیشکانەی لەئەنجامی گوێنەدان بەکارەکەیان و پشتگوێخستنی نەخۆشەوە دەیانگرێتە بەر. فەوزیە، گوتی:"ئەگەر کەسێک توانی بە بەڵگە بیسەلمێنێت کە لەئەنجامی کەمتەرخەمی پزیشک کەسێکی گیانی سپاردووە، ئەوا دەتوانێت لە دادگا داوای یاسایی تۆمار بکات و دادگاش بەوپەڕی گرنگییەوە بەدەم داواکاری ئەو کەسەوە دەچێت، ئەگەر دادگا گەیشتە ئەنجام و سەلمێندرا کە پزیشک کەمتەرخەم بووە، بەپێی ماددەی (٤١١) لەیاسای سزادانی عێراقی لێپێچینەوەی لەگەڵ دەکرێت". بەپێی ماددەی ٤١١، هەر کەسێک بەهۆی کەمتەرخەمی پزیشکەوە گیان لەدەست بدات، جگە لەسزای دارایی، پزیشک ماوەی نێوان یەک تا حەوت ساڵ سزای زیندانی بەسەردا دەسەپێنرێت.

**بۆکان هیوا**



www.netewe.com

# نەخۆشی ترایکۆمۆناسی زێ

هەولێر

نەخۆشی ترایکۆمۆناسی، یەکێکە لەو نەخۆشیانەی کە لەرێگەی پەیوەندی سێکسییەوە دەگوازرێتەوەو دەستنیشانکردنی لە ژندا تا رادەیەک ئاسانە، بەڵام لە پیاودا دەبێت حاڵەتەکە لە نۆرینگەیەکی تایبەتی بەوردی دیاری بکرێت.




## ترایکۆمۆناسی چییە؟ Trichomonas vaginalis

ئەو نەخۆشییە بەهۆی پەیوەندی سێکسییەوە دەگوازرێتەوەو بەربڵاوە، چونکە لەهەر پێنج ژنێک لەجیهاندا کەسێک تووشی دەبێت. ئەمەش بەنەخۆشییەکی ترسناک دانانرێت، چونکە تەنیا لەناو زێدا دەمێنێتەوەو بۆ ژوورەوە تەشەنە ناکات.

## نیشانەکانی

لەبارەی نیشانەکانی ئەم نەخۆشییە د. تریفە، دەڵێت، یەک لەچواری نیشانەکان، بەدیارناکەوێت. تووشبوو تانیوەی نەخۆشییەکە دایدەگرێت بەسووکی هەستی پێ دەکات، بەڵام لەچارەکی کۆتاییدا زۆر ترسناکە. توشبوو هەست بەسووتانەوەو گەرمی زێ دەکات، هەروەها سووتانەوەکە خورانیشی لەگەڵدایە. ئەم حاڵەتە لە کچانیشدا، هەیە، واتا جگە لە ژن کچیش تووشی ئەم حاڵەتە دەبن. هەروەها دوو نیشانەی تری دیاری هەیە ئەویش بەهۆی لێچۆڕانی شلەیەکی رەنگ سپی مەیلەو زەردە کە بۆنێکی ناخۆشی لێ دێت. لەکاتی پەیوەندی سێکسیدا هەست بەئازار دەکرێت.

## نیشانەکان لە پیاواندا

زۆرجار لە پیاواندا نیشانەی دیاری نییە، بەڵام هەندێکجار نیشانەکانی لە شلەی مەنوی، بەدیاردەکەوێت و هەندێجار پیاوەکە هەر هەستیشی پێ ناکات. بۆیە دەستنیشانکردنی لە پیاودا سەختە، لەکاتێکدا دۆزینەوەی ئەو نەخۆشییە لە ژندا ئاسانترە. چونکە لە پیاواندا، زۆربەی جار نیشانەکان وەکو سیلان وایە، بریتییەلە مانەوەی پەڵەی بچووکی سپی مەیلەو زەرد، لەسەر چووک کە لەکاتی بەیانیاندا بەدیاردەکەوێت.

## هەردووکمان توشبووین

دابان عەلی، ژنێکی٣١ تەمەن ساڵەو دانیشتووی شاری هەولێرە. ئەو ژنە بۆجاری دووەمە تووشی ئەو نەخۆشییە دەبێت. لەکاتی وەرگرتنی چارەسەریشدا دەبێ"خۆی و پیاوەکەی" دەرمان وەرگرن. بەڕای دابان، ئەم نەخۆشییە درم نییە، چونکە چارەسەری هەیەو دەکرێت لەرێگەی سەردانی پزیشکەوە، پشکنین ئەنجامبدرێت و ئەم نەخۆشییە دەستنیشان بکرێت. لەیلا، خۆی و پیاوەکەی لەنۆرینەگەیەکی پزیشکی بوون. ئەو ئاماژەی بەوەکرد کە ماوەی ٢ مانگە تووشی ئەم نەخۆشییە بووەو پزیشکیش پێیگوتووە دەبێ، هاوسەرەکەشی پشکنین ئەنجامبدات و دەرمان وەربگرێت.

## دەستنیشانکردنی نەخۆشییەکە

بەڕای د. تریفە، پسپۆڕ لەبواری نەخۆشییەکانی ئافرەتان، لەکاتی دەرکەوتنی نیشانەکانی ئەو نەخۆشییە، پێویستە ژنەکە سەردانی پزیشک بکات. لەوکاتەشدا پزیشک نموونەیەک لەدەردراوەکە وەردەگرێت و بەرێگەی پشکنین حاڵەتی نەخۆشییەکە دەستنیشان دەکات. بەڵام بۆ پیاوان، حاڵەتەکە جیاوازەو پزیشک دەبێ بەوردی لە نۆڕینگەی تایبەتدا ئەو حاڵەتە دیاری بکات.

## هۆکارەکانی

هۆکاری ئەم نەخۆشییە مشەخۆرێکی میکرۆسکۆپییەو پێیدەگوترێت (Trichomonas vaginalis)

د. تریفە یوسف، هۆکارەکانی ئەو نەخۆشییە دەستنیشان دەکات و دەڵێت، هۆکارەکەی بۆ هەبوونی هەوکردن دەگەڕێتەوە کە شلەکە بۆنێکی ناخۆشی لینجە لەگولینکدا. هەروەها لینجاوەکە رەنگی زەردی مەیلەو سەوزباوە، بلۆقی گچکەو بەدەگمەن دڵۆپە خوێنیشی لەگەڵدایە. لەوانەشە ئاوسان و سووتانەوەی گولینکیش لەگەڵیدا دەربکەوێت. ئەو هەوکردنە بەهۆی سێکسکردن لەنێوان ژن و پیاو دەگوازرێتەوە. هۆکارێکی تری گواستنەوەی ئەو نەخۆشییە بەهۆی بەکارهێنانی کەلوپەلی کەسانی تووشبووەوە، وەک خاولی. هەروەها مانەوەی جلی ژێرەوەی ژن بەتەڕی بۆ ماوەیەک، دەبێتە هۆکارێک کە ئەم مشەخۆرە گەشە بکات و هەوکردنی لێ بکەوێتەوە. ئەم مشەخۆرە، لەپیاواندا لەجۆگەکانی میزدا دەمێنێتەوەو هیچ نیشانەیەکی دیاریش نییە کە بەڵگەی بوونی پیشان بدات.

## چارەسەر

بۆ چارەسەری ئەو نەخۆشییە، د. تریفە، رێنوێنی توشبووان دەکات بەوەی کە حەب وەربگرن و ژن و پیاوەکە بیخۆن. زۆرجار لەگەڵ ئەم چارەسەرەش پزیشک، چارەسەری دژی کەڕووی زێ بە تووشبووەکە دەدات. هەروەها پێویستە بەدرێژای ماوەی چارەسەر، سێکس نەکرێت.



شیلان یاسین

www.netewe.com



# پزیشکی وارڤین

**خوێنەری بەڕێز، بۆ وەڵامدانەوەی هەرپرسیارێکی تەندروستی لەسەرجەم بوارەکاندا، دەتوانیت پرسیاری تایبەت بۆ فایلی تەندروستی بنێریت. لەلایەن کۆمەڵێک پزیشکی پسپۆڕەوە وەڵامی شیاوت دەست دەکەوێت.**

پ: ژنێکی تەمەن ٢٩ساڵ و باڵام ١٨٤سانتیمە. کێشی لەشم ٤٩ کیلۆیەو زۆر لاوازم، لەوەتەی بەبیرم بێت هەر وابوومەو قەڵەو نابم. ئێستا دووگیانم و تەمەنی سکەکەم، سێ مانگەو سکی یەکەممە. ئایا لاوازیم کاردانەوەی خراپی لەسەر کۆرپەکە دەبێت ؟

پسپۆڕی نەخۆشییەکانی هەناو د. یوسف بەهائەددین:

ئەم لاوازییە، هیچ جۆرێک پەیوەندی بەباری تەندروستی کۆرپەلەی نێو سک نییە، بەڵام وەک ئاشکرایە پەیوەندی ڕاستەوخۆ، لەنێوان باری خۆراکی دایک و ڕێژەی خوێنی دایکەکە هەیە. ئەمەش لەکاتی پەیدابوونی بەدخۆراکی، کەمی ڕێژەی خوێن، ناتەواوی دڵ و سیپەلاکی دایک، کار دەکاتەسەر باری تەندروستی کۆرپەکە. زۆربوون و کەمبوونی کێش، بەڕێژەی خوێن لەمرۆڤدا پەیوەست نییە. بۆیە، ئەگەر ڕێژەی خوێنی دایک زۆر بێت، تەندروستی کۆرپەکە باش دەبێت. بەپێچەوانەوە گرفت بۆ دایک و کۆرپەلە دروست دەبێت. لاوازی نابێتە، هۆی کەمی هێز و کەمی ڕێژەی خوێن. ناتوانین بڵێین کۆرپەی ئافرەتە قەڵەوەکان، تەندروستترن لەو کۆرپانەی کەدایکیان لاوازە. بەڵام قەڵەوی بۆ تووشبون، بەنەخۆشی شەکرەو بەرزبوونەوەی گوشاری خوێن و نەخۆشی دڵ، هۆکارێکی مەترسیدارەو مەترسی بۆ کۆرپەلە هەیە. هەروەها کۆرپەی ئافرەتی لاواز و ئاسایی، بەبەراورد لەگەڵ ئەو دایکانەی قەڵەون، تەندروستیان باشترە.

پ: دەمەوێ بەرگری سروشتی بکەم، لە چ کاتێک پیاوەکەم بێتە لام مەنعی نەکەم، بەڵام دڵنیابم لەوەی کە منداڵم نابێت؟

پسپۆڕی نەخۆشییەکانی ژنان و منداڵبوون و نەزۆکی د. کمیلیا بویا:

ئەگەر سێ ڕۆژ بەر لەعادەبوون پیاوەکەت بێتە لات، نابێتە هۆی دروست بوونی سک، چونکە هێلکەدان پێگەیشتووە. هەروەها دوو ڕۆژ دوای عادە، سکپڕبوون ڕوونادات، چونکە ئەوکات گەشەی هێلکەدان، دەستی پێ نەکردووە.

پ: بۆچی کچان تووشی هەوکردن دەبن؟ چارەسەری هەوکردن چییە ؟

د. زەینەب موحسین: هەبوونی موو، لەناوچەی تەناسولی و مانەوەی بە تەڕی، یاخود مووکردن بەمەوادی کیمیایی، کاریگەرە، چونکە زێی ئافرەت خۆی ترشەلۆکی هەیە، ئەو مەوادە ترشەلۆک کەم دەکاتەوە. بەمەش زێ تووشی هەوکردن دەبێت. هەروەها درەنگ گۆڕینی سانتی لەکاتی سووڕی مانگانەو مانەوەی بەتەڕی وادەکات کە زێ تووشی هەوکردن بێت. بۆ چارەسەر، پێویستە ڕۆژانە جلوبەرگ بگۆڕدرێت و لەکاتی تەڕبووندا بەخاولی تایبەت پاک بکرێتەوە. هەروەها ڕۆژانە زێ بە ئاو و سابوون بشۆردرێت و وشک بکرێتەوە. لەکاتی هەوکردنی توند دەبێت سەردانی پزیشک بکرێت و بەرێگەی وەرگرتنی چارەسەری پزیشک، کەسی تووشبوو لەهەوکردن ڕزگاری دەبێت.

**خوێنەرانی بەڕێز بۆ زانیاری زیاتر دەتوانن پەیوەندی بەم ناونیشانەی خوارەوە بکەن:**

**ناونیشانی گۆڤار: هەولێر- شاری خەونەکان**

تەلەفۆن: 0662647813

ئیمێل: SHELAN_YASEN@YAHOO.COM

www.netewe.com

# نەخۆشی ڤایرۆسی جگەری (هیپاتایتیس B)

هەولێر

نەخۆشی ڤایرۆسی جگەری، لەهەموو جیهاندا بەربڵاوەو بەهۆی جۆرە ڤایرۆسێک لەکەسێکەوە بۆکەسێکیتر دەگوازرێتەوە. هاوکات پسپۆڕێکی بواری نەخۆشی دڵ و هەناو، ئاشکرای دەکات کە نەخۆشییەکە هەرێمی کوردستانیشی گرتووەتەوەو رێگەی خۆپاراستنیش رادەگەیەنێت.

## ڤایرۆسی جگەری چییە؟

بریتییەلە هەوکردنی شانەکانی جگەر، بەهۆی تووشبوونی بە ڤایرۆسێک بەناوی (Hepatiteis B virus) کە دەچێتە نێو لەشەوەو کار لەجگەر دەکات و شانەکانی جگەر تووشی هەوکردن دەکات. ئەم نەخۆشییە هەردوو رەگەزی نێر و مێ دەگرێتەوە، بەڵام رێژەی تووشبوون بەو نەخۆشییە لەکۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر جیاوازە.

## نیشانەکانی

ئەگەرچی لەهەندێک کەسدا نیشانەی ئەو نەخۆشییە دەرناکەوێت، بەڵام پسپۆڕانی بواری نەخۆشییەکانی دڵ و هەناو، بۆ ئەو کەسەی کە لەناکاو تووشی ئەم نەخۆشییە دەبێت، جەخت دەکەنەوە کە نەخۆشییەکە درێژخایەن نییەو وەک، هەڵامەت، ماوەکەی کورتخایەنە. لەنیشانە دیارەکانی ئەو نەخۆشییە هەستکردن بە ماندووبوون، سکچوون، رشانەوە، خورانی پێستی لەش، ئارەزوونەکردنی خۆراک و زەرد هەڵگەرانی پێستە. هەروەها رەنگی پیسایی کاڵ دەبێت و میزیش تۆختر دەبێت و پلەی گەرمی لەش بەرز دەبێت. ئەم نیشانانە بۆ ماوەی هەفتەیەک، تا ١٠رۆژ بەدیاردەکەوێت. بەڵام لەهەندێک کەسدا، ئەو نیشانانە دەگۆڕێت و دەبێتە نەخۆشییەکی درێژخایەن، لەدواییدا شانەکانی جگەر، لەناودەچن و گرفتی تر بۆکەسەکە دروست دەکات.

## رێژەی تووشبوون

پسپۆڕی نەخۆشییەکانی دڵ و هەناو د. یوسف بەهائەددین دەڵێت، بەر لەوەی باسی رێژەی تووشبوون بکەین، دەبێت ئەوە بزانیین کە دووجۆرە تووشبوون هەیە، ئەو کەسەی نیشانەی ئەو نەخۆشییەی لێ دەردەکەوێت، لەگەڵ جۆرێکی تری توشبووان کە هەڵگری ڤایرۆسەکەن و وەک کۆگایەک، کاردەکەن، دەبنە هۆکاری گواستنەوەی ڤایرۆسەکە، بەڵام نیشانەی نەخۆشییەکەیان لێ دەرنەکەوتووە. بۆیە دەستنیشانکردنی رێژەی ئەو کەسانەی کە هەڵگری ڤایرۆسەکەن، زۆرگرنگە. چونکە کاتێک ڤایرۆسەکە چالاک دەبێتەوە کەسەکە تووشی نەخۆشییەکە دەکاتەوەو بەوهۆیەشەوە ڤایرۆسەکە بۆ کەسانی تریش دەگوازرێتەوە. د. یوسف، ئاماژە بەبڵاوی ئەو نەخۆشییە دەکات و دەڵێت، ژمارەی هەڵگرانی ڤایرۆسەکە لەجیهاندا، نزیکەی ٣٥٠ ملیۆن کەسە. دەربارەی هەبوونی ئەم نەخۆشییە لە کوردستان، د. یوسف، جەخت لەوە دەکاتەوە، کە ئەو نەخۆشییە لە کوردستان هەیەو لەرێگەی پشکنینی خوێنەوە دەتوانرێت بزانرێت. جگە لەوەش هیپاتایتس، جۆری C و A هەیە. بەڵام هیپاتایتسی، جۆری B لەهەموویان باوترە.

## چۆنیەتی تووشبون

ئەم نەخۆشییە بەرێگای خوێن وەرگرتن لەکەسانی تووشبوو، ماچ و پرۆسەی سێکسی، بڵاو دەبێتەوە. هەروەها ٥٠٪ـی گواستنەوەی نەخۆشییەکە بەرێگەی دەردراوەکانی کەسی تووشبوو وەک، شلەی تۆواو سپێرم و پاشەڕۆ و میزو لیک و دەردراوەکانی زێ، دەبێت. هەندێ رێگەی تری وەک سێکسکردن بەبێ بەکارهێنانی کۆندۆم لەگەڵ کەسی تووشبوو، یان منداڵێک کە دایکی، لە بنەڕەتەوە هەڵگری ئەم ڤایرۆسە بێ، روودەدات. زۆرجاریش نەخۆشییەکە بەهۆی بەکارهێنانی دەرزی بەکارهێنراو، یان بەهۆی بەکارهێنانی کەلوپەلی، کەسانی تووشبوو. وەک بەکارهێنانی فڵچەی ددان و موسی کەسانی تووشبوو دەبێت، چونکە ئەم نەخۆشییە وەک ئایدز، بەخێرایی بڵاو دەبێتەوە.

## چۆنیەتی دەستنیشانکردن؟

لەکاتی پشکنیندا، نموونەیەک لەخوێن وەردەگیرێت و بۆ تاقیگە دەنێردرێت، لەوێدا جۆر و رێژەی نەخۆشییەکە دەردەکەوێت. کەسی توشبوو دەبێ ئاگاداری ئەوە بێت رێنمایەکانی پزیشک جێبەجێ بکات، تا بەهۆی ئەوەوە کەسێکی تر تووشی نەخۆشییەکە نەبێت. هەروەها بۆ ئافرەتی دووگیان، کە تووشی ئەم ڤایرۆسە هاتووە، دەبێ دوای لەدایکبوونی کۆرپەکەی دەستبەجێ دەرزی لە کۆرپەکەی بدات، بەمەش کۆرپەکەی لەم ڤایرۆسە دەپارێزرێت.

## مەترسییەکانی

ئەو نەخۆشییە بەهۆی گواستنەوەی لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر، مەترسیدارە.

www.netewe.com




www.netewe.com

هەڵگرانی ئەم ڤایرۆسە رەنگە بە رواڵەت باش بن و تەندروست بێنە بەرچاو، بەڵام مەترسی لەسەر جگەریان هەیە. هەرچەندە لەزۆربەی کاتەکاندا ئاڵۆزکاری لێ ناکەوێتەوەو نەخۆشەکە چاک دەبێتەوە، بەڵام گرفت بۆ هەڵگرانی ڤایرۆسەکە دروست دەبێت. چونکە ئەم ڤایرۆسە لە لەشیاندا دەمێنێتەوەو لەداهاتوودا، بۆ ڤایرۆسێکی درێژخایەن، دەگۆڕێت. یانیش تووشی ڤایرۆسی جگەری جۆری B درێژخایەن دەبێت کە تووشبوون بەشێرپەنجەی جگەری لێ دەکەوێتەوە. ئەو پسپۆڕە، نەخۆشییەکە بەنەخۆشی هەدوو رەگەز دەزانێت، ئەمەش بەهۆی چۆنیەتی گواستنەوەو کاریگەرییەکانییەوە جیاوازە. هەڵگرانی ئەم ڤایرۆسە، بەردەوام باری تەندروستیان ناڕێکەو لەوانەیە جگەریان بگرێتەوە، بەڵام زۆرجار هەندێ لەتووشبوان، تووشی خوێنبەربوون، رشانەوە، بوونی خوێن لەگەڵ پیسایی، دابەزینی کێش و لەکارکەوتنی جگەر دەبن. ئەو کەسانەش کە گەیشتوونەتە ئەم ئاستە، لەکارکەوتنی جگەر بەهۆی ئەم ڤایرۆسەوە کار لەمێشکیان دەکات و دەبێتە هۆی ئەوەی کەسەکە هەست و هۆشی نەمێنێت. ئەو ڤایرۆسە چەند جۆرێکی هەیە، بەڵام لەهەموویان بڵاوتر جۆرێکە پێیدەڵێن، جۆری B یان Hepatities B virus کە دەبێتە هۆی هەڵئاوسان و هەوکردنی جگەرو تووشبوون بە زەردوویی و لەناوچوون و بەریشاڵی بوونی خانەکانی جگەر.

## چارەسەر

ئەگەرچی ئەم نەخۆشییەش بەتەواوی لەناو ناچێت، بەڵام هەندێک چارەسەری واهەن، بەر لەبڵاوبوونەوەی ئەم نەخۆشییە دەگرن و نایەڵێت جگەر بگرێتەوە. پێویستە تووشبوان، هەموو جۆرە چارەسەرێک بۆ بەرگریکردن و رێگەگرتن لەتەشەنەکردنی ئەم نەخۆشییە وەربگرن. ئەم هەنگاوەش بەرێگەی ڤاکسینی (کوتانی) تایبەت دەکرێت و دەبێتە رێگر لەبڵاوبوونەوەی ئەم نەخۆشییە. تەنانەت کەسانی تووشبوو دەتوانن ئەم ڤاکسینە بەکاربهێنن. ڤاکسینی پێشگرتن لە نەخۆشی هیپاتایتیسB، بریتیە لە سێ دەرزی، کە کەسەکە بۆ ماوەیەکی درێژخایەن لەم نەخۆشییە، دەپارێزێت. تووشبووانی ئەم نەخۆشییە بەگوێرەی جۆری ڤایرۆسەکەو رێژەی چالاکی ڤایرۆسەکە، دەتوانن چارەسەر وەربگرن. زۆر رێگای تریش بۆ چارەسەر هەیە وەک، دەرزی و دەرمان وەرگرتن، بەڵام دەبێت بزانین نەخۆشەکە لە چ قۆناغێکدایە، ئینجا چارەسەری بەپێی جۆری قۆناغەکەی، بۆ دەستنیشان دەکرێت.

**شیلان یاسین**

# سوود و زیانەکانی کورتاژ

هەولێر

ئەو ژنەی تووشی حاڵەتی لەبارچوونی منداڵ دەبێت، کورتاژکردن ڕێگەیەکی پێویستە بۆی. هاوکات پسپۆڕێکی بـواری نەخۆشییەکانی ژنانیش دەڵێت دوای کورتاژکردن، پێویستە بۆ ماوەی ١٥ ڕۆژ ژنەکە، سێکس نەکات.

## کورتاژ چییە؟

کورتاژکردن، بریتییە لەخاوێنکردنەوەی دیواری نێو منداڵدان، بەئامێرێکی تایبەتی، یان ڕامالینی ناوپۆشی منداڵدان، بەهۆی ڕامالەرێکی وردەوە کە لەڕێگای ملی منداڵدانەوە دەبرێتە ژوورەوە.

## کورتاژکردن

پسپۆڕی نەخۆشییەکانی ژنان د.چیمەن خدر مەولود، دەڵێت کە لـەم چەند حاڵەتانەی خوارەوەدا، پێویستە ژن، کورتاژی بۆ بکرێت.

١. لەئەنجامی لەبارچوونی منداڵ لە کتوپڕدا: لـەم حاڵەتەدا کـورتاژکردن بە بۆ لابردنی پاشماوەکانی ناوپۆشی منداڵدان دەکرێت.

٢. لەکاتـی مـردنی مـنداڵ لەنێو سکدا، کورتاژکردن پێویستە، بەڵام ئەگەر کۆرپەکە لەسێ مانگ گەورەتربوو، ناتوانرێت کورتاژی بـۆ بکرێت، چونکە مەترسی تووشبوونی بەخوێنبەربوون هەیە.

٣. لەئەنجامی خوێنبەربوون: لەم حاڵەتەدا کورتاژکردن دەکرێت، بەڵام لەکاتی سووڕی ماگانەدا ناکرێت.

هەندێ ئافرەت، سـووڕی مانگانەی نارێکە، یان تووشی خوێنبەربوون هاتووە، کورتاژی بۆ دەکرێت، بەشێکی وەردەگیرێت و دەنێرێتە پشکنین، بەمەش هۆکاری نارێکی سووڕی مانگانەی دەدۆزرێتەوە.

## لایەنە خراپەکانی

١. ئەگەری کوون بوونی منداڵدان: زۆرجار ئەم حاڵەتە بەهۆی ئەو ئامێرەی کە بۆ خاوێنکردنەوە دەچێتە نێو منداڵدان ڕوودەدات.

٢. ئەگەری خوێنبەربوونی هەیە.

٣. ئازاردانی ڕیخۆڵە: زۆرجار پزیشکان، ئامێرەکە زیاد لەپێویست بۆ سەرەوەی منداڵدان دەبەن، ئەمەش دەبێتە هۆی ئازاردانی ڕیخۆڵە.

## دوو منداڵم لەبارچووە

نازەنـیـنـی٣١ سـاڵان بـەهـۆی لەبارچوونی منداڵێکی کورتاژی بۆکراوە. بەڕای نازەنین، ئەگەر ژنێک پێویستی بەکورتاژ بوو، بەتایبەت لەحاڵەتی منداڵ لەبارچووندا نابێ لەبیری بکات و لە ئەگەری لایەنە نەرێنییەکانی ئەو حاڵەتە بترسێت. نەهلە، ژنێکی تـرەو تەمەنی ٣٤ ساڵە. ئەو تائێستا دووجار منداڵی لەبارچووە و دووجاریش کورتاژی بۆ کراوە"نازانم هۆکارەکەی چییە؟".

## کاریگەرییەکانی

١. دوای ئەنجامدانی کورتاژ، خوێنی مانگانە کەم دەبێت.

٢. ئەگەر هەست بە زۆری خوێنبەربوون کرا، دەبێت سەردانی پزیشک بکرێت.

٣. ئەگەر لەنێو زێدا هەست بە دەرچوونی، شلەیەکی نائاسایی کرا کە بۆنی ناخۆش بێت، پێویستە ڕاستەوخۆ کەسەکە سەردانی پزیشک بکات. بۆ ئەو حاڵەتەش تا کەسەکە بگەڕێتەوە دۆخی جاران، دەبێ تا ١٥ڕۆژ سێکس نەکات.

## چەند هەنگاوێکی پێویست بەر لەکورتاژکردن

دوای مردنی منداڵ، لەسکی دایکدا، پێویستە بۆ پاککردنەوەی منداڵدان، کورتاژ بکرێت. بەڵام لەبەرئەوەی حاڵەتەکە بە بەنجی گشتی ئەنجامدەدرێت، دەبێ ڕێـژەی هیمۆگلۆبین، پشکنینی خوێن، دڵ و سینگی بۆ بکرێت. هەروەها دوای کورتاژکردن، بۆ مـاوەی ١٥ ڕۆژ پێویستە کرداری سێکس ئەنجام نەدرێت، چونکە ئـەگـەری توشبوون، بە لـەرزوتا و هەوکردنی دەبێت. دیـواری منداڵدان، لەسێ چین پێکهاتووە، ئەگەر ئەو کەسەی کورتاژ بۆ ژنان دەکات شارەزایی زۆری نەبێت، لەوانەیە چینی دووەمی، یان دیواری منداڵدان لەگەڵ کورتاژکردنەکە دەربهێنێت. بەمەش (چینی نوێبوونەوە) ئازاری پێ دەگات و ژنەکە چیتر سـووڕی مانگانەی نابێت. هۆکاری ئەمەش دەرهێنانی چینی نوێبوونەوە، لـەدیـواری منداڵداناوە دەبێتە هۆی ئەوەش کە ژنەکە چیتر منداڵی نەبێت. زۆرجار بەهۆی هەوکردنەوە، بۆری هێلکەدان دادەخرێت و ژنەکە تووشی نەزۆکی دەکات، بەڵام سـەرەڕای هەموو ئەم مەترسییانە، کورتاژکردن، بۆ ئەوانەی کە تووشی منداڵ لەبارچوون دەبن، پێویستە.

**شیلان یاسین**

پرۆفایل

د. چیمەن خـدر مـەولـود ساڵی ١٩٨٩ کۆلێژی پزیشکی زانـکـۆی سـەلاحەددینی تەواوکردووە.

٢٠٠٣ بڕوانامەی ماستەری وەرگرتووە.

لەنەخۆشخانەی لەدایکبوونی هەولێر- بەشی نەزۆکی کار دەکات.

www.netewe.com

# بەرەو جەستەیەکی تەندروست

# ناساندنی ١٠٠ جۆر خواردنی بەسوود




بەڕێزان و خولیایانی گیا دەرمانی، باری بژێویتان هەرجۆرێک بێت، گران نییە گەر هەندێک گۆڕانکاری سادە لەسیستەمی خواردەمەنییەکانتاندا ئەنجام بدەن، کە بۆ باشترکردنی باری تەندروستی خۆتان باشە. رەنگە ئێوە زیاتر مەیلتان بەلای خواردنە ئامادەکراوەکانەوە (CAN FOOD) هەبێت و ئەوانەتان پێی باشتر و خێراتر بێت، بەڵام چاک بزانن هەرسکردن و بەکاربردنیان لەلایەن لەشەوە ئاسان نییە. چونکە ماددەی پارێزەر (ADVOCATE MATTERS).ی ناو قوتووەکان، ئاوێتەی کیمیایی ئاڵۆز و زیانبەخشن کە زۆر خواردنیان هۆکاری سەرەکی دروست بوونی شێرپەنجە جۆربەجۆرەکانە (VARIOUS CANCERS). ئێمە هەمیشە وا راهاتووین کە چ شتێک بەتام و خۆشە ئەوەیان باشە! جا ئەگەر پڕیش بێ لە سێ ژەهرە سپی یەکە. (مەبەستم خوێ و شەکر و چەورییە). تا نەخۆش نەکەوین نرخی لەشساغیمان نازانین. خۆپاراستن لە چارەسەر باشترە، ئەمە ئامۆژگاری پزیشکانی بەویژدانە. خوێنەری بەڕێز ئەو کۆمەڵە خواردنەی بۆمان ئامادەکردوون ١٠٠ دانە لەوخواردنانەیە کەوا ئێمە رۆژانە دەیانبینین و دەیانخۆین، بەڵام نازانین چییان تێدایەو بۆچی باشن؟ دەکرێ وەک دەرمان بەکاربهێنرێن یا نە؟ بەهیواین لەگەڵ هەر ژمارەیەکی وارڤیندا لەم خشتەیە سوود وەربگرن.

| ناو: | گرنگترین مادده: | گرنگترین سوود: |
|---|---|---|
| ١,١- هەرزن  | ڤیتامین: B٣، مەگنیسیۆم Mg، فسفۆر S، پۆتاسیۆم $K^+$ | ئاسانکەری کرداری هەرسە، تفتێتی گەدە زیاد دەکات و بۆیە لەچارەسەری (القرحه المعده)دا زۆر کاریگەرە، دەوڵەمەندە بەریشاڵی رووەکی کە قەبزی لادەبەن. |
| ٢-کەلەم، کەلەرم  | ڤیتامین: K، C، E، مەگنیسیۆم Mg، بیتاکارۆتین، ترشی فۆلیک (FOLIC ACID)، فسفۆر S، پۆتاسیۆم $K^+$ | ئاسانکاری کرداری هەرسە، دژە شێرپەنجە، دژە ڤایرۆس، دژە میکرۆبی زیان بەخشە، چالاکی سیستەمی بەرگری لەش زیاد دەکات، دژەژەهراوی بوونە، بەتایبەت گەر بەخاوی بەکارببرێ. بۆ کرداری خوێن مەیاندن (BLOOD COAGULATION) زۆر بەسوودە. |
| ٣- بەری دار سنەوبەر، بەری کاژ   | ڤیتامین: B-COMPLEX، مەگنیسیۆم Mg، زینگ، پۆتاسیۆم $K^+$ | دەوڵەمەندە بەچەوری و پرۆتینە بنەڕەتییەکان (ESSENTIAL AMINO ACIDS)، تاکە بریتی گۆشتە بۆ ئەوانەی بەتەنیا خواردنی رووەکی دەخۆن. |
| ٤.پرتەقاڵ  | ڤیتامین: C، بیتاکارۆتین، ترشی فۆلیک (FOLIC ACID)، کالیسیۆم $Ca^{++}$، پۆتاسیۆم $K^+$ | چالاککەری سووری خوێنە، پاککەرەوەیەکی بەهێزی رێڕەوی کۆئەندامی هەرسە، لەچارەسەری پەسیو (هەڵامەت)دا زۆر کاریگەرە، بۆ کرداری خوێن دروستکردن (ERYTHROPOIESIS) زۆر بەسوودە. |

سەرچاوە:
1- Kurdish heritage – SMD; 2006.
2- www.academiainternational.com



سیراجەددین مەحموود

# مریشك به خەڵوز



ئامادەکردنی:

ریستۆرانتی راوچی:

وەستا زیاد تاریق

## پێداویستییەکان:

یەک مریشکی دوو کیلۆگرام، بیبەری رەش، خوێ

چۆنیەتی ئامادەکردن:

دوای پاککردن و شوشتنەوە مریشکەکە، لەناوەڕاستدا دەکرێت بە یەکپارچەو خوێ و بیبەرەکەی بەگوێرەی پێویست پێدا دەکرێت. پاشان مریشکەکە دەخرێتە سەر پارچەیەک شیش، کە تایبەتە بە برژاندنی مریشک. شیشەکەش بۆ ماوەی ٤٥ خولەک لەسەر خەڵوزەکە دەبێت. بەڵام نابێ ئەوەندە لە ئاگرەوە نزیک بێت کە مریشکەکە بسووتێنێت. دوای تەواو بوونی ماوەکە مریشکەکە جوان دەبرژێت و ئینجا دەخرێتە سەر قاپێکی گەورە. بەمشێوەیە خواردنی یەک کەس ئامادە دەبێت.

مریشك



هەموو ژمارەیەک لە وارڤین خواردنێک فێربە

تەکنۆلۆژیا

# فەیسبووك و بازرگانی کردن بەمادده بێهۆشکەرەکان

بەهۆی هەڕەشەی کەسێکەوە لە گرتووخانەیەکی بەریتا، بازرگانیکردن بەمادده بێهۆشکەرەکان ئاشکرابوو.

سەرکردەی یەکێک لەباندەکانی بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرەکان لە بەریتانیا، لە یەکێک لە گرتووخانەکانی ئەو وڵاتە لەڕێگەی فەیسبووکەوە هەڕەشەی لە یەکێک لە بازرگانە ڕکابەرەکانی کردووە بەوهۆیەوە پاسەوانێک پێی دەزانێت و دەیخاتە ژێر لێکۆڵینەوە. دوای ئەوەی کە لێکۆڵینەوەی ورد دەرکەوتووە کە ئەو بازرگانە لەو ڕێگەیەوە پەیوەندی بە ٥٠٠ کەسیترەوە کردووە. هاوکات ئەوکەسە بەپێی بڕیاری دادوەر حوکمی ٣٥ ساڵ زیندانیکردنی بەسەردا سەپێنراوە ماوەی دوو مانگ لەڕێگەی فەیسبووک لە گرتووخانەدا بازرگانی بە مادده هۆشبەرەکانەوە کردووە.

# ١٠٠٠ کیلۆمەتر ببڕەو هەواڵێکی ناخۆش ببیستە

کەسێک بەهۆی قەدەغەکردنی بەکارهێنانی ئینتەرنێت، ناچاربووە لەو هەرێمەی تێیدا دەژیت، ١٠٠٠ کیلۆمەتر دووربکەوێتەوە لەکاتی کردنەوەی ئیمێلەکەیشی، هەواڵێکی ناخۆشی پێگەیشتووە.

بەهۆی کاری تێکدەرانە لەهەرێمی ئورومتشی چین، کاربەدەستانی ئەو هەرێمە، بەکارهێنانی ئینتەرنێتیان قەدەغەکرد. ئەم بڕیارەی کاربەدەستانی ئەو هەرێمەش بووە هۆی نیگەرانی دانیشتووان. هاووڵاتییەکی دانیشتووی ئورومتشی بەناوی (زو) کە لەڕێگای ئینتەرنێتەوە کاری کڕین و فرۆشتن دەکات، ناچار بوو بۆ بەکارهێنانی ئینتەرنێت و کردنەوەی ئیمەیلەکەی، ١٠٠٠ کیلۆمەتر لە هەرێمەکەیان دووربکەوێتەوە. دوای ئەوەی ٢٤ کاتژمێر بە هەرێمێکی تر گەیشت، ئیمەیلەکەی کردەوە بینی کە تووشی زیانێکی ئابووری زۆر هاتووە. هەروەها خاوەن سەنتەرێکی ئینتەرنێتیش لەو هەرێمەدا کە ٥٠٠ کۆمپیوتەری هەیە، تووشی زەرەرێکی زۆری ماددی هاتووە، چونکە بەهۆی قەدەغەکردنی ئینتەرنێت کەس سەردانی سەنتەرەکەی نەکردووە. لەبارەی هۆکاری قەدەغەکردنی ئینتەرنێت لەو هەرێمەدا گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی چین ڕایگەیاندووە "ئینتەرنێت دانەخراوە، بەڵکو خراوەتە ژێر چاودێری یاساییەوە، بۆیە بۆ ماوەیەکی کاتی ئینتەرنێت وەستێنراوە".



# ئەڵمانیا بە سکانەرێک ڕێ لە ساختەکردن دەگرێت

بەهۆی دانانی سیستەمێکی نوێی پەنجەمۆر لە بازاڕە گەورەکانی ئەڵمانیا، ڕێگە لە کاری ساختەکردنی کڕیارەکان گیراوە.

لە بازاڕە گەورەکانی ئەڵمانیا، تاقیکردنەوە لەسەر سیستەمێکی نوێی پارەدانی ئەلیکترۆنی کرا کە پشت بە پەنجەمۆری کڕیار دەبەستێت و ئەمەش بەهۆی دانانی ئامێرێکی (سکانەر) لە بازاڕەکە بوو کە بەسیستەمی ئەلەکترۆنی ئەو وڵاتەوە بەستراوەتەوە. بەپێی ئەم سیستەمە، پەنجەمۆری دەستی ڕاست و چەپی کڕیار، لەگەڵ ژمارەی بانکەکەی و ناونیشانی باڵانسی دیاری دەکرێت. هەروەها ئەو سکانەرەی کە دانراوە دەتوانێت دەستنیشانی بکات کە ئەو پەنجەمۆرە ساختەیە یاخود نا، چونکە پشت بە سووڕی خوێن دەبەستێت و بەمەش کەس ناتوانێت پەنجەمۆری ساختە بەکاربهێنێت. گوتەبێژی ئۆفیسی پارێزگاریکردن لە زانیارییەکان لە ویلایەتی (نورپ راین فستفالیا) بیتینا جایک، ڕایگەیاند کە ئەو سیستەمە سەرکەوتووبووە تائێستا هیچکەسێک نەیتوانیوە کاری ساختە بکات.

www.netewe.com



# هونەرمەند لەیلا فەریقی
# نهێنییەکانی جوانی خۆی بۆ وارڤین ئاشکرا دەکات

www.netewe.com

# خۆشەویستی مەرجی سەرەکی هاوسەرگیرییە

سوید

هونەرمەندی دەنگخۆش لەیلا فەریقی، بەیەکێک لـەو هونەرمەندانە دەژمـێـردرێـت کـە بەهۆی پێشکەشکردنی ئاستێکی بـەرز لـەهـونـەردا رچەشکێنی بۆ چەندین هونەرمەندی ژن کردووە. لەیلا، لەهەڤپەیڤێک لەگەڵ وارڤین، باس لەوە دەکات کە ئەگەر توانای هەبوایە لەجێی بڵاوبوونەوەی دڵڕەقی و دوژمنایەتی، بەشێوازێکی مرۆڤدۆستانە، نەخشەی جیهانێکی دەکێشاو نەیدەهێشت تێیدا فرمێسک، لەچاوی یەک کەسیش بڕژێت. لەیلا، وێڕای ئەوەی کە خاوەن دەنگێکی ڕەسەنی ژنە، هاوکات لەڕێگەی گۆرانییەکانییەوە دەڵێت با توندوتیژی دژ بە ژنان بنبڕ بکرێت.

وارڤین: ئەگەر خۆت پێناسە بکەی. لەپێناسەی لەیلا فەریقیدا چی دەڵێیت؟

لەیلا فەریقی: لەیلا کەسێکە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردستانی بەگشت جیاوازییەکانییەوە خۆشدەوێت. بەچاوی خۆشەویستی سەیری هەمووشتەکان دەکات. سروشتی خۆشدەوێت. وەک دەزانن،لەجیهانی ئەمڕۆدا ناحەزی ودڵڕەقی ئێجگار زۆرە. ئەو شەڕانەی کە لەجیهاندا ڕوودەدەن، بۆ وێرانی و بنبڕکردنی مرۆڤ و مافەکانیەتی. نەتەوەی کـورد، یەکێکە لـەو نەتەوانەی کە بەدرێژایی مێژوو چەوسێندراوەتەوە. بۆیە، ئەگەر توانام هەبوایە لەجیاتی ئەو هەموو دڵڕەقی وناحەزییانە، بەشێوازێکی مرۆڤدۆستانە ئەم جیهانەم جوان دەکرد و نەمدەهێشت فرمێسک، لەچاوی هیچ کەسێک بڕژێت. منیش وەک هەموو مرۆڤێک، بۆ بەردەوامبوون لەژیان و گەیشتن بەئامانجەکانم، تاڵی و سوێری زۆرم چەشتووە.

وارڤین: چیت لەبەردەست دایە کە پێشکەش بە هەوادارانی خۆتی بکەیت؟

لەیلا فەریقی: ئێستا سەرقاڵی هەندێک کاروباری هـونـەریم. بەهـیـوام لـەداهـاتـوویـەکـی نزیکدا پێتانڕابگەیەنم.

وارڤین: گۆرانی گوێم لێگرن بیرۆکەی خۆتە؟

لەیلا فەریقی: بەڵێ هی خۆمە.

وارڤین: تۆ خوشکی هونەرمەندی گەورە مەرزیەیت، لەدەستدانی ئەو، چ بۆشاییەکی بۆ دروستکردی؟ لەگەڵ خانەوادەکەی و منداڵەکانی نێوانت چۆنە؟



لەیلا فەریقی: بەمردنی مەرزیەی ئازیز جارێکیتر دایکم مرد. ئێستاش بڕوا ناکەم کە ڕۆیشتووەو لامان نەماوە. بەڵام هەوڵدەدەم بەبیرەوەرییە خۆشەکانیەوە بژیم. هەردەم لەدڵ و دەروونمدا زیندووەو نامرێت. لەگەڵ منداڵەکانیدا نێوانمان باشە.

وارڤین: ڕات لەسەر هونەرمەند ناسری ڕەزازی چییە؟ نێوانت لەگەڵی چۆنە؟

لەیلا فەریقی: وەک هونەرمەندێک، کەخزمەتی بە نەتەوەکەی کردووە، جێی ڕێزلێنانە.

وارڤین: لەگەڵ هونەرمەندی میسری عەلی حەجار، گۆرانییەکت گـوت، ئەگەر هونەرمەندی تری بیانی یان کورد پێشنیار بکەن، ئامادەی گۆرانی هاوبەشیان لەگەڵ بڵێت؟

لەیلا فەریقی: بەڵێ، بەمەرجێک ئەو هونەرمەندە کوردە یان بیانییە، ئەو تایبەتمەندییە هونەرییانەی تێدابێ کە من دەمەوێت.

وارڤین: بەڕای تۆ هونەری کوردی لەکوێی هونەری جیهاندایە؟

لەیلا فەریقی: گەشەکردنی هونەر لەهەموو جیهاندا، گرێدراوی چەند خاڵێکی مێژووییە. بۆنموونە، دۆخی ئابووری، سیاسی، پیشەیی و کۆمەڵایەتی، ڕۆڵێکی گرنگی لەهونەری پێشکەوتنیدا هەیە. ئێمە وەک کورد و هونەری نەتەوەیی، نەمانتوانیووە بگەینە ئاستی جیهان. گەیشتن بەو ئامانجە، پێویستی بەکاری زۆر و خەباتێکی فراوان هەیە.

وارڤـین: هەندێ لە کچە گۆرانیبێژان لەگەڵ دەرکەوتنیان لەسەر شانۆ ڕووبەڕووی ڕەخنەی زۆر بوونەتەوە، بۆ نموونە وەک، لۆکەو دەشنێ، پێتوایە هۆکاری ئەوە چییە؟

لەیلا فەریقی: کام ژنی کـورد هەیە لەبوارە جیاجیاکانی هونەردا هەنگاوێکی هەڵگرتبێت و نەکەوتبێتە بەر ڕق و تووڕەیی خەڵکانێک. ئەمەش ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت کە ماف و ئازادییەکانی ژن وەک تاکەکەس لەکۆمەڵگای ئێمەدا، بەفەرمی نەناسراوە.

وارڤین: لەیلا، گۆرانی بۆ کێ دەڵێت و حەز دەکات جەماوەرەکەی لەکام چین بن؟

لەیلا فەریقی: بۆ هەمووچین و توێژەکانی کۆمەڵگا، گۆرانی دەڵێت. دەنگ و هونەرەکەی موڵکی خەڵک و جەماوەرەکەیەتی.

وارڤین: قەت بیرت لەوە کردووەتەوە، بەشدرای لەکارێکی سینەماییدا بکەیت؟

لەیلا فەریقی: زۆر جار پێشنیار کراوە. ئەگەر پرۆژە یان بیرۆکەیەکی باش هەبێت بەمەرجێک لـەبەرژەوەنـدی کۆمەڵگای کوردستاندا بێت و هەروەها لەگەڵ بۆچوونەکانمدا یەکبگرێتەوە، بەشداری دەکەم.

وارڤین: وێڕای دەنگەکەی خەڵکانێک بەجوانی لەیلا، سەرسامن. ڕێگاکانت بۆ پاراستنی ئەو جوانییە چین؟

لەیلا فەریقی: بەبیری جوان وچاوێکی جوان، تێڕوانین بۆ دەوروبەر و بوونەوەرانی دەوروبەر. وەرزش و خـواردنـی دروسـت، خـەوی تـەواو، لەکۆتاییشدا ڕێزدانان، بۆ یەکەیەکەی دەزگاکانی لەش و گرنگیپێدانیان.



وارڤین: بۆچی کلیپی ماڵی دڵم، لە کەناڵە ڕاگەیاندنەکاندا بڵاونەکرایەوە؟

لەیلا فەریقی: دەتوانن وەڵامی ئەم پرسیارە لەخۆیان بکەن.

وارڤین: بەدەنگی کام هونەرمەندی کورد سەرسامیت؟

لەیلا فەریقی: لەراستیدا من گوێبیستی بەرهەمی هونەرمەندانی لێهاتووی کورد و بیانیم، لەهەرکامیشیان چێژو هەستێکی جیاواز وەردەگرم

وارڤین: بەرنامەی کاری ڕۆژانەت چۆن دابەشکردووە؟

لەیلا فەریقی: سەرقاڵی کارە هونەرییەکانم. بەشێکی تریش بە وەرزشی ڕۆژانەو چاودێری ڕووداوەکانی دنیا.

وارڤین: مەرجەکانی هونەرمەندی سەرکەوتوو کامانەن؟

لەیلا فەریقی: خاوەنی هونەرێکی راستەقینە بێت و لە ڕووداوەکانی وڵاتی خۆی و جیهان ئاگادار بێت. هونەر و نەتەوەکەی خۆشبوێت. بەهاوکاری کەسانی پسپۆڕ ئەرکەکانی جێبەجێ بکات. کوالێتی و ناوەڕۆکی کاریی بۆ گرنگ بێت. بەعەشق و دڵ کار بکات. ئاستی ڕۆشنبیری خۆی بباتەسەر و بڕوای بەکارە هونەرییەکانی بێت.

وارڤین: ژیانی هاوسەریت پێکهێناوە؟

لەیلا فەریقی: نە.

وارڤین: زۆربەی کچان دەڵێن، بۆ خاتری منداڵ و بوونە دایک شوو دەکەین؟ ئەگەر تۆ بیکەیت بۆ خاتری چییە؟

لەیلا فەریقی: بۆ پێکهێنانی هاوسەرگیری پێویستە خۆشەویستی مەرجی سەرەکی بێت. خۆشەویستی لەلای من مانای گرنگی و پاراستنی بایەخە مرۆڤایەتییەکانە بەهەموو جیاوازییەکانییەوە، هێنانە دنیای منداڵیش بەرهەمێک دەبێت، لەم خاڵانەی سەرەوە.

وارڤین: جوانی بۆ هونەرمەند مەرجە؟

لەیلا فەریقی: پێش هەمووشتێک هونەری هونەرمەند دەبێت لەبەرچاو بگیرێت. پاشان ئەگەر جوانیش بێت، دەبێتە بەتەواوکەری هونەرەکەی. پێمخۆشە لێرە ڕوونکردنەوەیەک بدەم. زۆرجار ئێمەو خەڵکانی دەوروبەر لەسەر جوانی شت دەنووسین، بۆیە بەبڕوای من پێش هەرشتێک پێویستە بزانین، تێڕوانینمان بۆجوانی چییە؟ لەوبڕوایەدا نیم تەنیا بەهەبوونی جوانی ڕواڵەتی کەسێک بتوانێت، سەرکەوتن بەدەست بهێنێت. بەڵکو دەبێت جوانییەکەی چەندین تایبەتمەندی لەخۆ بگرێت، تا توانیبێتمان مافی تەواوی بەکارهێنانی ئەو وشەمان پاراستبێت. جوانی فکری و دەروونییەکانی هونەرمەند لەبەرچاو بگیرێت. تا نەبێت بەجوانییەکی ڕوخساری و هیچی ترا!

وارڤین: ڕۆژانە توندوتیژی دەرهەق بەژنان، لەکوردستان ئەنجامدەدرێت. تۆ بۆ نەهێشتنی ئەو توندوتیژییە چی دەڵێت؟

لەیلا فەریقی: هەر توندوتیژییەک لە هەرکۆمەڵگەیەکدا بەرامبەر بەژن بکرێت، ئەگەر بەدواداچوون بۆ چارەسەرکردنی نەکرێت، ڕوو لەزیاد بوون دەکات. ئەوەش نیشانەی دواکەوتوویی ئەو کۆمەڵگەیەو باڵادەستبوونی سیستەمی باوکسالارییە، چونکە پێویستە هەموو تاکێکی کۆمەڵ تەنانەت بەر لەحکوومەت و دەسەڵات، هەست بەبەرپرسیارێتی بکات و لەپێناو بنبڕکردنی ئەم توندوتیژیە هاریکار و یارمەتیدەر بێت. پێویستە دەزگا ڕاگەیاندنەکان بەردەوام هەموو ئەو هۆکارانەی کە دەبنە هۆی سەرهەڵدانی توندوتیژی ریسوا ریسوا بکەن. من وەک ژنێکی کورد، هیوادارم، هەنگاوی پێویست بۆ چارەسەری ئەو کێشەکە کۆمەڵایەتییانە بنرێت.

وارڤین: چ پەیامێکت بۆ ژنانی هەڵەبجەو پاشماوەی ئەنفال هەیە؟

لەیلا فەریقی: وەک کەسێکی ئازادیخوازو مرۆڤدۆست بەهیوام بەهەموومان، بتوانین ئەوەی لەدەستمان دێت، هەر کەسێک لەبواری خۆی هەوڵ بۆ هاریکاری ئەو ژنانە بدات. من شەریکی ئێش و ئازارەکانی ئەو ژنانەم. هاوکات پێیاندەڵێم ڕاستە هیچ وشەیەک ناتوانێت لەدەستدانی ئازیزانتان بۆ بگێڕێتەوە، بەڵام دەڵێم دەبێ دڵتان گەورە بێت و خەریکی ژیانی ئێستاتن و منداڵەکانتان بۆ داهاتوویەکی باش پەروەردە بکەن. هەروەها داوا لەدەزگا حکوومی وخێرخوازە ناوخۆیی و جیهانییەکان دەکەم کە پشتیوانی لەکەسووکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان بکەن.



ڕۆشنا عومەر

www.netewe.com

## بەشی سێیەمی گەردەلول دەست پێدەکات

# وارڤین وردەکاری دراماکە بڵاودەکاتەوە

هەولێر

**گەردەلول، ئەو درامایەیە کە ژیانی شاخ و پێشمەرگە، وێنا دەکات. وێڕای هەموو ئەو رەخنەو تێبینییانەی لەو درامایە گیرا، لەهەموو ناوچەکانی کوردستان بینەر و جەماوەرێکی بەرفراوانی هەیە. دەرهێنەری ئەو درامایە جەلیل زەنگەنە لەلێدوانێکی تایبەتدا بەوارڤینی رایگەیاند، کە بەشی سێهەمی درامای گەردەلوول دەست پێدەکاتەوەو ئەو رەخنانەی کە لەبەشی یەکەم و دووەمی دراماکە لێی گیراون، لەبەشی سێهەمدا نەیهێشتوونەتەوە.**

بەشی یەکەم و دووهەمی درامای گەردەلوول، مێژووی کوردی لەقۆناغەکانی ساڵی (١٩٧٦- ١٩٧٨) بەشێوەیەک پیشاندەدا کە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد، لەوکاتەدا نەخشەی رزگارکردنی هەرێمی کوردستانیان، دەکێشا. وێڕای ئەوەی کەدراماکە گوزارشتی لەژیانی هاووڵاتیانی کورد دەکرد، کە بەدەستی بەرپرسانی رژێمی بەعسەوە ئازار دەدران، هێندەش وێناکردنی نەخشەیەکی سیاسی بوو کە رێکخستنەکانی شاری بە شاخەوە گرێدەدا. لەو درامایەدا بیرەوەریی خوێندکارانی زانکۆ و شەقامەکانی سلێمانی و کەرکووک، دەخرایەڕوو کە چۆن هاووڵاتییانی کورد، بەدەم ئەڤینی نیشتمان، بەتاسەوە خەباتی نهێنییان بۆ بەهێزکردنی پێگەی پێشمەرگەو بەرگریکردن لەمانەوەی نەتەوەی کورد، دەکرد. بەشی سێهەمی، ئەو درامایە دەستپێکی قۆناغی خەباتی گەلی کوردە کە لەمیانەیسالآنی (١٩٧٨- ١٩٨٢) و رووداوی خۆپیشاندانەکانی گەلی کورد لەدژی رژێمی بەعس دەخاتەڕوو.

وێڕای سەرکەوتنی درامای گەردەلول، کە توانی بینەرێکی یەکجار زۆر لەهەرێمی کوردستان بەدەوری خۆیدا کۆبکاتەوە، بەڵام لەلایەن هاووڵاتیانەوە رەخنەیەکی زۆری لێ گیرا. بینەرانی دراماکە رەخنەی ئەوەیان هەبوو، کە گەردەلول، شارچێتی کردووەو تەنیا گرنگی بەرووداوەکانی سلێمانی و کەرکووک داوە. لەوبارەیەوە دەرهێنەری دراماکە جەلیل زەنگەنە، دان بەوەدادەنێت کە گرنگی بەرووداوەکانی سلێمانی و کەرکووک داوەو زۆربەی ئەو ئەکتەرانەی کە لەبەشی یەکەم و دووهەمدا بەشداری پێکردوون، خەڵکی سلێمانیبوون، بەڵام ئەو دەڵێت گەردەلوول، تەنیا ئەو دووبەشە نییەو لەبەشەکانی تردا گرنگی بەشارەکانی تری کوردستان دەدرێت"زۆربەی ئەو ئەکتەرانەی لەبەشی یەکەم و دووهەمی دراماکەدا بەشداربوون، ئەمجارە بەشدارییان پێ ناکرێتەوەو ئەکتەری، ناوچەکانی تری کوردستان بەشدارییان پێدەکرێت". زەنگەنە دەڵێت کە گەردەلول، لە پێنج بەش پێکدێت، بەڵام دوای ئەوەی لەکەناڵی کوردساتەوە مۆڵەتی پەخشکردن بە بەشی یەکەمی دراماکە درا، بیرۆکەی گەردەلوولی بۆ چەند بەشێکیتر دارِشت و یەکەم بەشی بە ٢٤ زنجیرە لەکەناڵی کوردسات بڵاو کردەوە. جەلیل زەنگەنە، ئاماژە بەشوێن و کاتی رووداوەکانی بەشی یەکەمی داراماکەی کرد، کە جگە لەئەڵقەکانی کۆتایی، هەموو ئەڵقەکان لەسلێمانی وێنەیان گیراوەو رووداوەکەشی بۆ قۆناغی مێژووی کورد لە٢١ – ١- ١٩٧٦ گەڕاندەوە. ئەو دەرهێنەرە، پێیوایە، کە دراماکە بۆ ناوبانگدەکردنی زۆرێک لەئەکتەرەکان دەرفەتێکی باش بوو، بۆ نموونە" کەس نەیدەزانی رزگارو هەنار کێن بەڵام ئێستا بەهۆی درامای گەردەلوول ناوبانگیان دەرکردووە". دێرین عومەر کە لەدراماکە رۆڵی هەناری دەبینی گوتی:"بەڵێ بەهۆی درامای گەردەلوولەوە ناوبانگم، دەرکرد". لەلایەکی دیکەوە، دەرهێنەری ناسراوی کورد ناسر حەسەن، گرفتێکی درامای گەردەلول بەوە دەخاتەڕوو کە لەو درامایەدا رێکخستنی ناوشاری حزبێک (یەکێتی نیشتمانی کوردستان) دەخرایەڕوو، ئەمەش وایکرد کە دراماکە بەرەوڕووی رەخنە ببێتەوە"لەسلێمانی تەنیا گەڕەکێک زۆر پیشاندەدرا کە تێیدا ئەو حزبە رێکخستنی ناو شاری کردبوو". بۆیە بەپێویستی دەزانێت لە بەشی سێهەمدا رەچاوی خەباتی شارەکانیتر بکات، تا دراماکە ببێتە جێی سەرنجی شارەکانی تری هەرێمی کوردستان. مامۆستا ناسکە، لەشەقڵاوە کە بینەرێکی بەردەوامی هەردوو بەشی گەردەلول بووە، دەڵێ:"گەردەلوول، لەبەشی یەکەم و دووهەمدا توانی سەرکەوتنێکی باش بەدەست بێنێت، بەڵام هەندێک کەموکورتی تێدا بەدی دەکرا". مامۆستا ناسکە کەموکورتییەکان لەرووی جلوبەرگ و ئوتۆمبێل و مکیاژەوە دەخاتەڕوو، کە ئەکتەرکان لەو درامایەدا بەکاریانهێنابوو، بەڵام گوزارشتیان لەسەردەمی رووداوەکانی ساڵی ١٩٧٦ نەکردووە. جێی ئاماژەیە، بەشی دووهەمی گەردەلوول لە ٢٥ ئەڵقە پێکهاتبوو و خەڵکی هەولێر و کەرکووکی

www.netewe.com

تێدا بەشداربوو. زەنگەنە، ژمارەی ئەڵقەکانی بەشی سێهەم، ئاشکرا دەکات و دەڵێت کە بەشی سێهەم لە٦٠ ئەڵقە پێکدێت. هەروەها ئەمجارە زۆربەی ناوچەکانی تری کوردستان وەک هەولێر، دهۆک، کەرکووک و باڵەکایەتی، دەگرێتەوەو تێیدا هەر ناوچەیەک بەزاراوەی خۆی قسەدەکات"ڕێکەوتی ٢٠١٠/٢/١٦ لەکەناڵی کوردسات ڕەزامەندی بەشی سێهەمیشم وەرگرت و بەمزووانە کاری وێنەگرتنی ئەکتەرەکان دەگۆڕێن و بودجەی ئەم بەشەش خۆی لە ٢ ملیۆن دۆلار دەدات".

سەبارەت بەرێژەی بەشداربووان لەو درامایە، جەلیل زەنگەنە گوتی، ئەمجارە ژمارەی بەشداری ئەکتەرەکان لەبەشەکانیتر زیاترەو هەوڵدەدەین بەئامێری پێشکەوتووتر وێنەی دراماکە بگرین و ئەم جۆرە کامێرایەشمان هێناوە. ئەو ئاماژەی بەوەش کرد کە بۆ بڵاوکردنەوەی لەمیدیای عەرەبی بەنیازە لەگەڵ کەناڵە عەرەبییەکان قسە بکات."بەشی سێهەمی گەردەلوول، ژێرنووسی وەرگێڕانی عەرەبیشی بۆدەکرێت". زەنگەنە، ئاماژەی بەرۆڵی کەناڵی کوردسات کرد کە خەرجی دراماکەی دابینکردووەو حکوومەت هیچ هاوکارییەکی نەکردوون. تەنیا داواکاری لەحکوومەت ئەوەیە کە لەکاتی وێنەگرتندا، یارمەتی و مۆڵەتی ئەو ئەکتەرانە بدرێت کە لەدەزگا حکوومییەکان کار دەکەن. خەدیجە جەمال، دانیشتووی شاری هەولێرەو بینەرێکی بەردەوامی گەردەلوول، بووە. خەدیجە، ناوەڕۆکی دارماکە بەپڕبایەخ دەزانێت، چونکە ژیانی شاخ و مەینەتییەکانی گەلی کورد پیشاندەدات. خەدیجە، هیوادارە کە بەشی سێهەمی دراماکە ڕووداوەکانی شاری هەولێریش لەخۆ بگرێت. موخلیس ئیسماعیل، هاووڵاتییەکی تری شاری هەولێرەو پێیوایە، گەردەلوول توانیویەتی هەندێ لەخەمە تاڵەکانی میللەتەکەمان پیشانبدات و ژیانی دژواری ئەو سەردەمە بۆ نەوەی نوێ وێنا بکات. هەروەها دەڵێت ئەگەر سنووری ڕووداوەکانی دراماکە شارو دێیەکانی هەولێریش بگرێتەوە، ئەوا سەرکەوتنی دراماکە زیاتر دەکات. مامۆستا عەزیز، کە دانیشتووی سۆرانە، بەپێویستی دەزانێت کە بەشەکانی تری گەردەلوول گرنگی بەناوچەکانی سۆرانیش بدات، چونکە کۆمەڵێک داستانی گەورە لەباڵەکایەتی و ڕواندز و چۆمان و ناوچەکانی تری سۆارن هەن، ئەگەر





لەدراماکەدا بایەخیان پێبدرێت، خزمەتێکی گەورە بەمێژووی خەڵکی ئەو شارۆچکانە دەکرێت.

سەبارەت بەناوەڕۆکی بەشی سێهەمی گەردەلوول زەنگەنە، ئاشکرای کرد کە رووداو و خۆپیشاندانەکانی ساڵانی ١٩٧٨ تا ١٩٨٢دەخرێتەڕوو،"بۆ نموونە، ئەو خۆپیشاندانەی کە قوتابیانی زانکۆ لەهەولێر، ئەنجامیاندا". هەروەها رۆڵی گرنگی ژنان دەخرێتەڕوو کە چۆن لە رێکخستنەکان و لەدەرەوە کاریان کردووەو لەزیندان چەند بەرگەی سزاو لێدانیان گرتووە. لەگەڵ ئەو ژنانەی کە کوڕەکانیان بەبەرچاویانەوە لەسێدارەدەدران. هاوکات ئاماژەشی بەوەکرد کە ئەوان بەرەچاوکردنی"نەکولاندنەوەی، برینە کۆنەکان و یەکگرتن و تەبایی ریزەکانی گەل"کاریان لەو ساڵانەدا کردووە. لەبارەی کاتی تەواوبوون و پەخشکردنی ئەو بەشە، جەلیل زەنگەنە گوتی" لە داهاتوویەکی نزیکدا پەخشی دەکەین".

گەزیزە عومەر، لەدراماکەدا رۆڵی جوانە کە سستەرێک بوو لەناوشار کاری رێکخستنی دەکرد و بیری نەتەوایەتییەکی بەهێزی هەبووە، بۆیە سلێمانی بەجێدێلێت و روو لە شاخ دەکات. بەڕای گەزیزە، لەو درامایەدا گرنگی زۆر بەپێگەی ژن درابوو. هەروەها ئەو رۆڵەش کە لەو درامایەدا پێیدراوە، کە لەکەسایەتی خۆی لەو ساڵانەدا نزیکەو، لەسەردەمی رژێمی بەعس، دووچاری هەمان رووداو بووە. ئەو ئەکتەرە، گەردەلوول بەئەزمونێکی گەورەی خۆی دەزانێت، ئەگەر لەبەشی سێهەمدا بەشداریشی پێنەکرێت، خۆی بەکەسایەتی سەرەکی ئەم درامایە دادەنێت. دێرین عومەر، کەڕۆڵی هەناری لەدراماکە دەبینی، گوتی ئەگەر دەرهێنەر داوام لێ بکات لەبەشەکانیتردا بەشداری دەکەم.

عەلی کەریم، لە زۆر درامای تردا بەشداربووە، ئەمجارە لە بەشی سێهەمدا بەشداری دەکات، گوتی دەرهێنەر، دوو سیناریۆی پێداوە کە یەکیان هەڵبژێرێت. جیهاد دڵپاک، کە رۆڵی دڵشادی دەگێڕا، لەبەشی سێهەمدا بەشدارەو ئەو بەشە بەبەشێکی گرنگی دراماکە دەزانێت:"ئەمجارەش سەرکەوتنێکی باش، بەدەستدەهێنین و ئێستا خەریکی کارکردنین". ناسر حەسەن، لەگەڵ کەموکورتییەکانی گەردەلوول بە درامایەکی رەسەنی کوردی دادەنێت"بەراستی بینەری ئێمە تێنووی درامای کوردییە". دەرهێنەر ناسر حەسەن، رەخنە ئاراستەی کەناڵە کوردییەکان دەکات کە توانای ئەوەیان هەیە پاڵپشتی دراما بکەن، تا دەرهێنەر بتوانێت بەرهەمی باشی هەبێت، بەڵام ئەم هەنگاوە نانرێت.

**رۆشنە عومەر**



# ئارەزووی هونەرمەندان



وارڤین: کام ڕەنگ شای ڕەنگەکانە؟

ئاڤان جەمال: ڕەنگی وەنەوشەیی، مۆری چڵکن، لەگەڵ هەنارییەکی تۆخ.

وارڤین: حەز بەچی سروشت دەکەیت؟

ئاڤان جەمال: لای من سروشت هەمووی جوانە، بەتایبەتی گوڵ.

وارڤین: شای وەرزەکان؟

ئاڤان جەمال: پاییز- بەهار.

وارڤین: لەگەڵ کاروباری ناوماڵ، چۆنی؟

ئاڤان جەمال: مامناوەندم.

وارڤین: حەز لە ناوبانگ دەکەیت؟

ئاڤان جەمال: ناوبانگ لای من، هەمووشتێک نییە. گرنگ کاری جوانە.

وارڤین: حەز لەدەنگی چ هونەرمەندێک دەکەیت؟

ئاڤان جەمال: هونەرمەندە کۆنەکان، ئەوانەی لەژیاندا نەماون. وەک، قادرکابان، حەمەساڵح دیلان. ئەوانەی لەژیاندا ماون، مەزهەری خالّقی.

وارڤین: لە چ ئامێرێکی موزیکدا شارەزاییت هەیە؟

ئاڤان جەمال: شارەزاییم لە هیچ ئامێرێک نییە، بەڵام ئێستا پڕۆڤەی پیانۆ دەکەم.

وارڤین: تاچەند مکیاژکردن بەلاتەوە گرنگە؟

ئاڤان جەمال: زۆر حەز بە مکیاژ ناکەم، بەڵام زۆرجار بەهۆی کارەکەم، مکیاژێکی زۆر دەکەم.

وارڤین: حەز لە چ جۆرە جلێک دەکەیت؟

ئاڤان جەمال: زیاتر حەزم لەقاتە، کابۆ و چاکەت، بەڵام جلی کوردیم لێ دێت و زۆر لام جوانە. ئەگەر لەبەر خەڵک نەبوایە، بەجلی کوردییەوە دەوامم دەکرد.

وارڤین: حەز بە زانینی کام زمان دەکەیت؟

ئاڤان جەمال: خۆشە هەموو زمانێک بزانیت، حەز بەزانینی زمانی فارسی و عەرەبی لوبنانی، دەکەم .

وارڤین: خۆشترین وڵات؟

ئاڤان جەمال: ئیمارات- دوبەی

وارڤین: خۆشەویسترین کەست؟

ئاڤان جەمال: ئەلەندی کوڕم

وارڤین: حەزت لە چ خواردنێکە؟

ئاڤان: یاپراخی کەلەرم و پەردەپلاو.

## ئاڤان جەمال

### پڕۆفایل:

ناو: ئاڤان جەمال ئەحمەد.

ساڵ و شوێنی لەدایکبوون: ١٩٧٧ سلێمانی: گەڕەکی چوارباخ.

شوێنی کارکردن: فەرمانبەر لە بەڕێوەبەرایەتی بەشی موزیکی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان.

باری خێزانی: شووم کردووە کوڕێکم بەناوی ئەلەند هەیە.

www.netewe.com

# کێشەی ژن لە فیلمە کوردییەکاندا



ئـەم وتـارە ئاماژە نییە بۆ رۆڵ بینینی خانمان، لەنێو ئەو فیلمە سینەماییانەی کە لە دوا فیستیڤاڵی سینەمایی فیلمی کوردی لە سلێمانی سازکرا، لەکاتێکدا بـەهـا و نـرخـی ئـەو ئـەکـتـەرانـەی بـەجـیـاوازی تە مە نە کا نیا نە وە دەرکـەوتـن، تارادەیەک سەرکەوتوو بوون و بوونە جێی ئافەرینی ئامادەبووان. بەتایبەت ئەو خانمە ئەکتەرانەی رۆڵی پڕ جورئەت و ئازایەتییان لەناو پانتایی کۆمەڵگایەکی سنووردار و بەرتەسکی وەک کوردستان نیشاندا بەبەراورد لەگەڵ داخراوی ئەو دابونەریتەی کە کۆمەڵگە بۆ پێگەی ئازادییەکانی مێینە لەجموجۆڵو چالاکییەکانیدا هەیەتی.

کۆمەڵگای کوردستان تەنیا بریتی نییە، لەسەنتەری شارو شارە گەورەکان. بەڵکو دەیان گوندو شارۆچکەی ئێمە هەن پڕن لەمرۆڤ و هەندێکجار کەمتر لەئازارەکانیان تێدەگەینو دوورتر، بەکێشەکانیان ئاشنا دەبین.

ئەم فیلمانە بۆخستنەرووی چەندین کێشە، هەوڵێکی بوێرانە بوون. کێشەی ژنی کورد کە واقیع زۆرجار، بۆ قوربانیو بارێکی سەخت ملکەچیان دەکات، سەختە شیکاری راستەوخۆی بۆ بکەیت. بەڵکو ئەو دیاردانە بەدنیایەک کێشەی خەملێنراو بەو دۆزەوە پەیوەستن.

ئـەو دەمـەی (شـۆخـە کـچـێـک)ـی دێ لەگەڵ باوکێکی دڵـرەقدا دەژی، ئەمە بەتەنیا کورتکردنەوەی وێنەیەکی تراژیدی تاکە خێزانێک نییە. بەڵکو هێمایەکە بۆ سەرجەم ئاوایی و سروشتی کۆمەڵگاکەمان، لەرێگای سیناریۆی فیلمەکەوە لەوە دەگەن چ بەرائەتێک، بـەرووخـسـاری کچەکەوە نەخشاوە. لەهەمانکاتدا چ دڕندەییەک لە دەموچاوی باوکەوە بەدەردەکەوێت. باوکێک کە خولقێنەری گۆڕستانەکانی گوندە، بەکردەی کوشتنی رۆحە زاهیدەکان، عاشقە سەرمەستەکانە. باوکێک کە پەنجەرەی دیوارەکان بەقوڕسواخ دەدات نەکات گوررزێک رووناکی ژیان بەرووی شۆخە نازدارەکانی گونددا هەڵبێت، لەفیلمی (یەکێ بوو یەکێ نەبوو)ـی ئەم فێستیڤاڵەدا زریکەی کێشەیەکی گەورە بەر رۆحمان دەکەوێ.

ئەو دەمەی عاشقێک دەبێتە تابووت و بەرەو گۆڕستان بەرێدەکەوێت. کوڕە عاشقێک بەدەستی دڕندەکانی گوند دەکوژرێت. چونکە دەیەوێت ژیانی خۆشبوێت و بەچاوی گەشی خۆشەویستەکەی بگات. تەنیا رێگایەک رەنگە پەنجەرەیەکی بقەبارەی تەنیا بستێک بێت و گوزەرکردنی هەواشی لێوە نارەحەت بێت.

دەزانی چەند ستەمە پانتایی گۆڕستانەکان لەپانتایی ژیانی گوندەکاندا زیاتر بێت. چەند مەترسیە ژیاندۆستەکان لەئەنجامی بچووکترین کـردەوە، چـاڵ بکرێن و دڕندەکانیش ئازادانە خەریکی سێرسکێنو گوێگرتن لەرادیۆکان بن و لەنێو مزگەوتەکان بازاڕی خۆیان بەدەم سیگارێکی خوێرییەوە گەرمبکەن.

ئەزانی چ شەرمێکە لەناو گونددا ژنێک سێ منداڵی کچی هەبێت؟! نە ئەوە تەنیا شەرم نییە، بەڵکو بەتاوانی دەژمێرن، بەتایبەت ئەو دەمەی دووگیانێک بەهاوارەوە رووی ژانێکی گەورە دەبێتەوە و کۆرپەکەی کچ بێت؟!

تائێستاش گەران و گەرانی پیاوان بۆ ناوی کوڕانە بەردەوامە. کەمجاران (پیاو) ناوی لەکچی خۆی ناوە.

ئەدی بزانین کاری ژنان چەند سەختەو چەند سنووردارە. ئەوەندە سەختە ژیانکردن بەبێهودەیی و چاوەڕوانی. چاوەڕوانی کوڕی سەربار، کوڕی پێشمەرگە، کوڕی هەڵهاتوو. چاوەڕوانی ژانی گەورە، چاوەڕوانی ستەمی پیاو، چاوەڕوانی کۆتایی بوونی ئەمڕۆ و پێخستنە نێو بەیانییەک کە نەزانرێت چی تێدا بکەین.

چاوەڕوانییەک تروسکە سۆزی مێرد، باوک، برا، کە رەنگە تا مردن پێی نەگەن.

ئەو فیلمانەی نمایشکران زادەی ئەو کێشە هەمەچەشنەو ئەو گرفتە نەزۆکانەی ژنن.

ژن لەوێنەی کۆرپەوە تا دەگاتە داپیرە.

هیچکات دیدمان بۆ دیاردەیەکی نامۆ بەخودی کۆمەڵگای خۆمان هیچی لەوە کەمتر نییە کە سەرکێشییەک لەگەڵ دەریایەکی مەنگدا بکەیت ئـەو سەرکێشییەش بریتییە لە گەڕانو پشکنین بەدووی دژوارترین کایەی کەلتووری ئێمە، بەپشتبەستن بەلۆژیکێکی گونجاو کە رزگارمان بکات لەو گومڕاییەی بەرووی حەقیقەتدا خەملیوە.

سەرجەم چیرۆکەکان، رووداوەکان لەکانیاوی ژیانەوە هەڵقوڵاون، هەستدەکەم ژن ژیانەو خۆشی دووگیانە بەم ژانانەوە..لەپێناوی چارەسەرکردن، ئازادبوونو دەرچوون لەو وێنا پڕ میحنەتانە، سەرچاوە جوانەکانی ژیان هەنگاو دەنێت. ئەویش فیلمە وەک شێوازی نمایشێک، نمایشێکی نموونەیی، بارکراو بەداهێنانەکانو کەشفکردنی ئەو بەها جوانانەی ژن، بەدەستی مرۆڤ زەوتکراون.

لەم فێستیڤاڵەدا لەکۆی ١٤ فیلمی کاندیدکراو، زۆرینەی ناوەڕۆکی فیلمەکان وابەستەی کێشەی ژنـان بـوون، وەک لەفیلمەکانی (لێرە جادەکان بیکۆتایین)، (کە مردم ماچێک)، (سیمینار)، (یەکێک بوو..یەکێک نەبوو)، (دەرگا)، (زەوی فوتبۆڵ)، (سێ)، (هێلانەیەک لەسەر بەرد)، (ماسی سوور)و (نواندن لەبێدەنگیدا).

**دیاری قەرەداغی**

# ئەتەکێتی خواردن و خواردنەوە

## وەرگرتنی خواردن



ئەو ڕەفتارانەی لەدەرەوەی ماڵ پەیڕەوی دەکەیت لەکاتی نانخواردندا، هەمان ئەو هەڵسووکەوتانەیە کە لەناو ماڵدا شوێنی دەکەویت. بۆ پەیڕەوکردنی جوانترین هەڵسووکەوت لەکاتی پێشکەشکردنی خواردن و خواردنەوەدا، ئەم خاڵانەی خوارەوە پەیڕەو بکە:

– هەر جۆریک لەجۆرەکانی خواردن بنەما و ڕێسا و شێوازێکی بەکارهێنانی هەیە. جگە لەوەی هەندێ جۆری خواردن هەیە ئەگەرچی سادەیە، بەڵام لەهەمانکاتدا پێویستی بەهەندێ لە ڕێسا ساکارەکان هەیە کە دەشێت بەبیرتدا نەهاتبێت لەوانە:

– سەوزە و پەتاتە

دەکرێت ڕاستەوخۆ بخرێتە نێو قاپەکانەوە یان دەتوانیت لە قاپە سەرەکییەکەی بەردەمتدا دایبنێیت و لەرێگەی کەوچکێکەوە پێشکەش بکرێت، یاخود لە قاپە تایبەتییەکەوە، بەهۆی ئەو چنگاڵ و چەقۆیەی کەخواردنەکەتی پێدەخۆیت، بیکەیتە قاپی بەردەمت. هەروەها پێویستە لەو کاتەدا داوا لە گارسۆنەکە بکەیت، بۆ لابردنی قاپە بەتاڵەکان تا مێزی خواردنەکە قەرەباڵغ نەکات.

– نانی پارچەنەکراو

ئەگەر نانەکە بە پارچەنەکراوی پێشکەش کرا، لەسەر خانەخوێکە پێویستە پارچەی بکات بە دوو یان سێ بەشەوەو لەگەڵ نانە پارچەنەکراوەکانی دیکەدا لەناو سەبەتەی نان یان لەسەر ئەو قاپەی پێشکەش دەکرێت، پێشکەشی بکات. هەروەها بۆ ئەو کەسانەی لەتەنیشتییەوە دادەنیشن، بۆ ئەوەی بەسەر کەسەکانی دیکەشدا تێپەڕێت بەشێوەیەک هەر کەسێک بەشێک بۆ خۆی و کەسەکەی تەنیشتی پارچە دەکات.

– چا و قاوە

ئەگەر هاتوو گارسۆنەکە تەرمۆزە چای، پێشکەش کرد بێئەوەی بیخاتە ناو فنجانەکانەوە، پێویستە کەسی نزیک لە تەرمۆزەکەوە چاکە یان قاوەکە، بۆ کەسەکانی دیکە تێبکات بەشێوەیەک دوای هەمووان بۆ خۆی تێ بکات.

– شەکر یان کرێم

یان هەر شتێکی دیکە کە لەگەڵ ژەمەکاندا لە پرکراوەی وەرەقی یان مقەبا یا خود پلاستیک، دەکرێت. ئەوانە لەو تەپڵەکانەدا دانەنرێت کە تایبەتە بە جگەرەکێشان، بەڵام دەکرێت لە قەراغی تەپڵەکی جگەرەکە یان لەسەر قاپی فنجانەکە یا خود قاپێکی دیکە دابنرێت بۆ ئەوەی ئەو جگەرە پرکراوانە یان دەنکە شقارتەیە نەسووتێت ئەگەر هاتوو جگەرەکێش هەبوو.

کنێر عەبدوڵڵا
Kner_abdullah@yahoo.com



www.netewe.com

# شۆخان ئەبوبەکر:

# خۆشەویستترین کەسم دایکمە







### کاری ئێستات و پێناسەیەکی کورتی کارەکەت؟

بێژەرم. لە کامێرای شاراوە و بەشی منداڵان کارم کردووە. وەک ئەکتەر لە فیلمی مەموزین و گوڵەکان نواندنم کردووە. ئێستا، لە تەلەفزیۆنی زاگرۆس و بەشی هونەری رۆژنامەی هەولێر، کاردەکەم.

### چۆن بوو کاری بێژەریت هەڵبژارد:

ساڵی ٢٠٠٠، هاتمە بواری راگەیاندن و خۆم حەزم لەو کارە بوو، هەروەها ماڵەوەش هاوکارم بوون.

### نزیکترین یان خۆشەویستترین کەست!

خۆشەویستترین و نزیکترین کەسم، دایکمە

### پڕۆفایل

ناو: شۆخان ئەبوبەکر ئەحمەد

رەگەزنامە: کوردستانی

باری خێزانی: شووم کردووە، بەڵام منداڵم نییە.

ئاستی خوێندەواری: شەشەمی ئامادەیی

شوێنی نیشتەجێبوون:هەولێر

### خۆشترین ١٠ گۆرانی بە ڕای تۆ:



١-کاروان هەورامی: بەسە

٢- رۆژ کەریم: ئێستا وەرە

٣-بلند ئیبراهیم: پرچا زەر

٤-کاروان کامل: ئێوارەیە

٥هەردی سەلاح: تۆبە

٦-ئەژدەر وەهبی: لێم ببوورە

٧-چۆپی فەتاح: دەبرۆ

٨- هانی: ئەمشەو هاتم

٩- ئەیاد حوسێن: حەیفە

١٠-کەمال محەمەد: شیرینێ



www.netewe.com

# ئەستێرەکان

## کاوڕ



٢١/٣-٢٠/٤

خۆت لەکارێک مەدە کە لە ئەنجامەکەی دڵنیا نیت. ئەمڕۆ هیچ بۆندێک واژۆ مەکە چونکە چانس یاوەرت نییە. لەڕووی سۆزدارییەوە هەوڵبدە خۆشەویستەکەت بەخێزانەکەت بناسێنێ تا ئاسانتر هەنگاوی داهاتوو بنێیت.

## گا



٢١/٤-٢٠/٥

ئەرکێکی زۆر بەسەرشانتەوەیەو ئەمڕۆش ئەرکێکی زیاترت دەخرێتە ئەستۆ. هەوڵبدە کەمتەرخەمی لەجێبەجێکردنیاندا نەکەیت، بەیاوەریخۆشەویستەکەت ڕۆژێکی خۆش بەڕێدەکەیت.

## دوانە



٢١/٥-٢١/٦

لەشگرانییەکی زۆر داتدەگرێتو هەست بەتەمبەڵییەکی زۆر دەکەیت، ئەوەش دەبێتە هۆکاری باش بەڕێوەنەچوونی ئەرکەکانی سەرشانت، لەگەڵ خۆشەویستەکەت بەمیزاجێکی باشەوە مامەڵە بکەو ڕێگە مەدە هەست بەکێشەکانت بکات.

## قرژاڵ



٢٢/٦-٢٢/٧

ئەمڕۆ زۆر لێزانانە مامەڵە دەکەیت، ئەمەش متمانەو ڕێزێکی زیاترت لای بەرپرسانی کارەکەت بۆ دروست دەکات. بینینی کەسێک لەبۆنەیەکی تایبەتیدا چیرۆکێکی خۆشەویستی لێدەکەوێتەوە.

## شێر



٢٣/٧-٢٢/٨

سەرکەوتن سیمای تەواوی کارەکانی ئەمڕۆتە. هەنگاوەکانت سەرنجی دەوروبەرت ڕادەکێشن. تاکرەوانە بڕیارمەدەو هەوڵبدە لەکاروبارە خێزانییەکانتدا پرس بەخۆشەویستەکەت بکەیت.

## گوڵەگەنم



٢٣/٨-٢٢/٩

ئەوەی چاوەڕوانت نەدەکرد، ئەمڕۆ لەبواری کارەکەتدا ڕوودەداتو ئەمەش پاڵت پێوە دەنێت بیر لەگۆڕینی کارەکەت بکەیتەوە. ڕێگە مەدە گومان پەیوەندییە خۆشەویستییەکەت ژەنگاوی بکات.

## تەرازوو



٢٣/٩-٢٣/١٠

ڕەنگە ئەمڕۆ چەند هەواڵێکت لەبارەی پرۆژەیەکتەوە پێ بگات، کە تووشی دوودڵیت دەکەن، بەڵام گرنگییەکی زۆر بەوجۆرە هەواڵانە مەدە، هەوڵبدە ئەمڕۆ ژوانێک لەگەڵ خۆشەویستەکەت ڕێکبخەیتو ئێوارەیەکی ڕۆمانسییانەی لەگەڵ بەسەربەریت.

## دووپشک



٢٣/١٠-٢١/١١

ڕۆژێکی ئاساییەو چانس یاوەرتە. هەوڵبدە بڕیارە گرنگەکانی بواری کارەکەت بدەیتو چەند کێشەیەکی هەڵپەسێردراو یەکلایی بکەیتەوە. ڕەنگە جیاوازی بیروبۆچوونت لەگەڵ خۆشەویستەکەت تووشی جۆرە هەڵچوونێکت بکات.

## کەوان



٢٢/١١-٢١/١٢

ڕۆژێکی زۆر گرنگە سەبارەت بەبیرۆکەکانت، ئەو کەسەی بەنیازبوویت بیرۆکەکانتی بۆ باس بکەیت، ئەمڕۆ زۆر بەجیدی گوێت لێدەگرێت. باشتروایە هەوڵبدەی کەسایەتییەکی سەربەخۆت هەبێت و زۆر لەژێر کاریگەری بڕیارەکانی خۆشەویستەکەتدا نەبیت.

## گیسک



٢٢/١٢-١٩/١

کارەکانت کۆتاییان نایەت و ڕۆژبەڕۆژ بەرپرسیارێتیت زیاتر دەکات. هەوڵبدە لەئاست ئەو پۆستەدا بیت کە پێتدراوەو دڵسۆزانەتر ئەرکەکانت ڕاپەڕێنیت. باشتروایە ئەمڕۆ هیچ ژوانێک لەگەڵ خۆشەویستەکەت ڕێکنەخەیت.

## سەتڵ



٢٠/١-١٨/٢

ئەمڕۆ هەوڵی گۆڕینی زۆر شت دەدەیت لەدەوروبەری کارەکەت، بەڵام دواجار هەست دەکەیت بەشێکی زۆری گۆڕانکارییەکان سوودێکی ئەوتۆیان نییە. هەوڵبدە باڵانسێک لەنێوان خۆشەویستەکەت و خێزانەکەتدا ڕابگریت، چونکە خێزانەکەشت شایەنی بایەخپێدانن.

## نەهەنگ



نەهەنگ ١٩/٢-٢٠/٣

باشترین چارەسەر بۆ ئەو هەموو پێشنیارەی دەخرێتە بەردەستت لەبواری کارەکەتدا ئەوەیە بەگوێرەی عەقڵی خۆت بڕیار بدەیت، دوودڵ مەبە لەڕاست و ڕەوانی بڕیارەکەت، ئەمڕۆ مێشکت زۆر بڵاوەو دڵنیا

www.netewe.com

# لەگەڵ دوو کچەکەی بۆ گۆرانیگوتن هاتووە



وارڤین — دهۆک:

ماوەی چەند رۆژە باوکی هیلین لەگەڵ هەر دوو کچە گۆرانیبێژەکەیدا لە دەڤەری باتمانی باکووری کوردستانەوە بوونەتە میوانی دهۆکییەکان و بەنیازن چەندین گۆرانییان پێشکەش بکەن.

لـەوبـارەیـەوە، هونەرمەند ئایهان فەیسەل، لەلێدوانێکی تایبەتدا بە وارڤینی راگەیاند کە لە ساڵی ١٩٨٦ وە دەستی بە گۆرانیگوتن کردووە. ئایهان ئێستا سێ کچی بەناوەکانی ( هێلین، روکەن و گوڵتەن) هەیەو هەمووشیان گۆرانیبێژن.

باوکی هێلین بە وارڤینی راگەیاند کە لەگەڵ سێ کچە گۆرانیبێژەکەیدا گرووپێکی پێکهێناوەو لەساڵی ٢٠٠٨دا لەئەستەنبوڵ ئەلبۆمێکیان بەناوی (ئەنالینە) بـڵاوکـردووەتـەوەو هەروەها تائێستاش لە شارە جۆربەجۆرەکانی کوردستان و تورکیا چەندین کۆنسێرتیان کردووە.

لـەوبـارەیـەوە هێلین بەوارڤینی گوت: "کاتێک ئێمە گرووپەکەی خۆمانمان دامەزراند، چەندین ئاستەنگمان هاتە پێش، بەڵام ئێمە توانیمان بەسەر ئەو کێشانەدا زاڵ بین و خۆمان پێشبخەین".

روکەنیش گوتی: "ئایهان لەگەڵ ئـەوەیـدا کە باوکمانە، لـەبـواری گۆرانیبێژیدا مامۆستا و رێپیشاندەریشمانە".

هیلین و روکـەن، خۆشحاڵن بـەوەی سەردانی باشووری کوردستانیان کـردووەو وەک گوتیان بڕیارە چەند کۆنسێرتێک بۆ خەڵکی دهۆک بگێڕن.



www.netewe.com

# پیاوەکە بۆی دەرچوو

## بەفیلمکردنی کۆڵنەدان لە باڵاترین ئاستی جوانی دا

سیروان رەحیم

ناوی فیلم: پیاوەکە بۆی دەرچوو

Un condamné à mort s'est échappé ou Le vent souffle où il veut ناوی ئۆرژینال:

نووسین و دەرهێنان: رۆبێرت برێسۆن

دەرهێنەر: ئالان پۆیر، ژان تولیر

شوێنی وێنەگرتن: فەرەنسا، ١٩٥٦

٩٩ خولەک، رەش و سپی

زمان: فەرەنسی

خەڵاتی باشترین دەرهێنانی لە فێستیڤاڵی کان ساڵی١٩٥٧ دا وەرگرتووە

پیاوەکە بۆی دەرچوو یان"با بەرەو ئەو شوێنە هەڵدەکا ئارەزوی لێیە" بەسەرهاتێکی راستەقینەیەو پاشان دەبێت بەفیلمێکی سینەمایی، فیلمێک بۆ هەمیشە لەیادەوەریی سینەمادا بەرۆشنی دەمێنێتەوە. فیلمێک بەردەوام بۆ فێرخوازانی وێنەو عەودالانی دیمەنی نایاب دەبێت بەچاوگی روون و بەهرە لێوەرگرتن. فیلمێک ساڵی ١٩٥٧ لەفێستیڤاڵی کان پێشکەش دەکرێت، لەو فێستیڤاڵەدا یەکێک دەبێت لەو فیلمانەی بەشداری پێشبرکێ دەکات و خەڵاتی باشترین دەرهێنان دەباتەوە.

ئەگەر عەودالی سینەما بین ئەوا"پیاوەکە بۆی دەرچوو" فیلمێکە ئێستایش دەبێ بچینەوە لای و تەماشای بکەین و چێژ لە بەرجەستەکردنی کۆڵنەدان وەربگرین.

فیلمەکە لەبەسەرهاتی"ئەندرێ دیڤاینی"یەوە وەرگیراوە. ناوبراو لەساڵی ١٩٤٣دا، واتە لەرۆژگاری شەڕی دووەمی جیهانگردا زیندانی دەبێت، لەکوێ؟ لە کن نازییەکان. پاڵەوانی فیلمەکە بەتاوانی ئەندامێتی رێکخراوی بەرگریی فەرەنسا دەستگیر دەکرێت.

سەرەتای فیلمەکە بینەر لەوە حاڵی دەبێت ئەو زیندانەی پاڵەوانی فیلمەکەی بۆ دەبن لەکۆی دە هەزار گیراو تێیدا حەفت هەزاریان لەرەوشی سەخت و پڕ کۆژانی ئەو زیندانەدا ژیانیان لەدەست داوە."فۆنتەین" پاڵەوانی فیلمەکە بەرێگەوە بەرەو زیندان هەوڵێکی سەرنەکەوتوو بۆ دەربازبوون دەدات، بەڵام زوو دەستگیر دەکرێتەوە. پاشان کەلەپچە دەکرێت و ئازار دەدرێت، هەموو سەروچاوی خوێناوی دەکرێت و لەژوورێکی زینداندا تەرمئاسا خۆی دەبینێتەوە. ژوورێکی زۆر بچووکی سەرەوەی زیندانێک کە ئێتر دەبێت بەشوێنی وێنەو دیمەنی زۆربەی کارەکە تا نزیکەی کۆتایی فیلمەکە. ئەو تەنها لەرۆژا جارێک دەهێندرێتە دەرەوە بۆ ڤاڵاکردنی قوتووی میز و لەو دەرفەتەدا دەتوانێ قسە لەگەڵ گیراوانی تردا بکات، بەڵام چۆن قسەکردنێک زۆر خێرا، پڕ ترس و شڵەژان.

رۆژانە کەمە شۆڕبایەک بەزیندانیەکان دەدرێت،"فۆنتەین" پاش ئەوەی رۆژێک کەوچکەکە ناگەڕێنێتەوەو پاسەوانەکەیش هەستی پێناکات، لەو کەوچکە شتێکی وەکو چەقۆ دروست دەکات، پاش چەندین هەفتە لەهەوڵدان و تاقیکردنەوە دەتوانێ دەرگای ژوورەکەی خۆی کە لەدار دروست کراوەو شێوەی خانەخانەی هەس، پێبکاتەوە. پاش ئەوەی نیوە شەوێک دەچێتە دەرەوەی ژوورەکەی وەکو خۆی دەڵێ:"ئەو شەوە هەستم دەکرد جارێکتر لەدایک دەبمەوە"هەستێکی سەرسامکەرە. پاشان ئەم چوونە دەرەوەیە شەوانە بەردەوام دەبێت تا هەموو بینای زیندانەکە شارەزا دەبێت و پلانی تۆکمە بۆ راکردن دادەڕێژێت. پاش ئەوەی پلانەکە لەبیری خۆیدا یەککالا دەکاتەوە، سەرجەم پلانەکە دەنووسێت و دەیدات بەهاوزیندانییەکی تا سوودی لێوەربگرن. بۆ"فۆنتەین" گوریس پێویستە تا بەدیوارەکاندا سەرکەوێت، بۆ ئەو مەبەستە تەلی ژێر تەختی نوستنەکەی هەموو دەردەهێنێ و پەتووی ژوورەکەی پارچەپارچە دەکات و تێیدەئاڵێنێ، بەو جۆرە بۆ دابەزین و سەرکەوتن

بەدیوارەکانی زیندانەکەدا گوریس دروست دەکات، گوریسێکی زۆر کە ناوەکەی تەلی بەهێزە. دیارە بــەردەوام هاورێکانی ئاگادار دەکاتەوە، بەڵام هاورێکانی لەبری هاندانی پێیدەڵێن سەرکەوتوو نابیت و دیــوارەکــان لــەوە بــەرزتــرن تۆ بیری لێدەکەیتەوە. "فۆنتەین" وەری ناروخێت و سوورە لەسەر هەوڵدانی خۆی، چونکە پێیوایە مانەوە واتە مردن و دەڵێت: "هەموو دەزانین نازییەکان بریاری کوشتنی ئێمەیان داوە".

ڕاستییەکەیشی هەروەها دەبێت و لەئەنجامدا بریاری لەسێدارەدان بە "فۆنتەین" رادەگەیەنن. بۆیە ئەو سوورتر دەبێت لەسەر دەرچــوون و ئەمجارە دەبێ پەلەیش بکات. بەر لەدەرچوون کورێکی لاوی ١٦ ساڵە دێننە ژوورەکەی، ئەمە بۆ "فۆنتەین" دەبێت بەمایەی خەمێکی گەورەو زۆر بیری لێدەکاتەوە تا بەشێوەیەکی گونجاو هەڵسووکەوت لەگەڵ ئەو رەوشە چاوەروانەکراوە دا بکات.

"فۆنتەین" دڵنیا نییە ئەم لاوە چییە، بەڵام بریار دەدات دەبێ یان بیکوژێ یاخود پلانی خۆی بۆ ئاشکرا بکات و لەگەڵ خۆی بیبات. پاش ئەوەی لاوەکە دڵی خۆی بۆ دەکاتەوەو خواستی ئازادی خۆی بۆ "فۆنتەین" ئاشکرا دەکات، "فۆنتەین" یش پلانەکەی خۆی بۆ دەدرکێنێ و بریار دەدات لەگەڵ خۆی بیبات.

کاتی دەرچــوون نیوە شــەوێــکەو بــەرارەوی زیندانەکەدا بەرەو سەربان بۆی دەردەچن. بەهەموو کەرەستەکانەوە کە "فۆنتەین" ماوەیەکی زۆر بــوو سەرقاڵی دروستکردن و بێگومان هاوکات شاردنەوەیان بوو لەژوورەکەی خۆیدا. بەڵام کاتێک دەگەنە سەربانی زیندانەکەو تەماشای خوارێ دەکەن، دەبینن لەشوێنێکدا پاسەوانێک هەیەو تاکەشوێنی خۆ دەربازکردنیشە. "فۆنتەین" دۆشدادەمێنێت، تاکە شوێنە لەپلانەکەیدا هیچ ئامادەکاری بۆ نەکراوەو ناچاریشن بەویدا برۆن. تا کاژێر چواری بەرەبەیان مۆڵەتیان هەیە، ئەو دەمەی "فۆنتەین" بۆ دۆزینەوەی رێگەچارە لەبیرکردنەوەی قووڵدایە، زەنگی کەنیسەکە ئاگاداری دەکاتەوە. کات بەرەو تەواو بوون دەچێت.

"فۆنتەین" ناچارە بۆ کابرای پاسەوان بێتە خوارەوە، بۆیە چاوەرێ دەکات تا کابرا وەرس دەبــێ، پاش ئــەوەی بەلاوەکە دەڵــێ پێویستە چ بکات، بۆ پاسەوانەکە دادەبــزێ، پەلاماری دەدات و دەیکوژێت. لاوەکە دێتە خوارێ، بەڵام پێڵاوەکان کە پێشتر ناچار بوون لەبەر دەنگی پێیان دایبکەنن، لەبیر دەکات، "فۆنتەین" دەڵێ: شوێن و کاتی ئــەوە نەبوو رەخنەی لێبگرم. پاشان بەسەر هەموو دیوارەکانیتردا دەپەڕێنەوە، تا بەتەواوی لەو بەرەبەیانە پڕ تەمومژەدا بۆی دەردەچن.

لەم فیلمەدا شتگەلێکی یەکجار سەرنجراکێش هــەن، تەمەنی ئــەم بەرهەمە لەئێستادا پەنجا ساڵ زێدەتــرەو هێشتا بەرهەمێکە لەهەرەتی بزاڤی خۆیدا. پەنجا ساڵ لەمەبەوبەر بەرهەمهێندراوە، بەڵام ئێستایش بینەر بەخۆشەویستی و بەحەزێکی تایبەتەوە تەماشای دەکات. تەمەنی فیلمەکە ئەوەندەیەو کەچی ئێستایش نموونەی باڵایە بۆ ئەوەی بینەر و فیلمسازان شتی لێوە فێرببن. نموونەیەکی دیکەی زیندوێتی ئەم بەرهەمە ئەوەیە، فیلمەکە رەش و سپییە، کەچی لەدنیای رەنگاورەنگی ئەمرۆی تەکنیکدا ئەم فیلمە ئەستێرەیەکی گەش و پڕ پرشنگە. سەرباری ئەمانەیش ئەم فیلمە کە لەسەدا نەوەدی شوێنی وێنەگرتنەکەی (لۆکەیشن) ژوورێکەو زمانی سەرجەم فیلمەکەیش بێ دیالۆگە و تەنها گێڕانەوەیە، بەڵام بینەر بەجۆرێک بەدووی خۆیدا دەبات، رەنگبێ کەم فیلمی مێژووی سینەما بەو جۆرە بینەر بخەنە داوی جوانی و ئەفسوونی هونەرەوە. پێدەچێ کەم فیلمی سینەما هەبن ئاوا سادە بن و بەو چەشنە بینەر رابگرن و چێژی پێببەخشن.

تۆمارکردنی ئــەم فیلمە هەناسەیەکی پاکی دیرۆکی سینەمایە. بەرجەستەکردنی بەسەرهاتی کۆڵنەدانە، بەڵام لە باڵاترین ئاستی جوانی دا.



www.netewe.com

# لیستی كراوە: هەنگاوێک بەرەو دیموكراسی



لەنجە عەبدوڵڵا

لە هەڵبژاردنەكەی ٢٠٠٩/٧/٢٥ ی پەرلەمانی كوردستان، ژمارەیەكی زۆری هاووڵاتیان و بەتایبەتی توێژی گەنجان بەهۆی نائومێدیان و نەمانی متمانە بەدەسەڵات و حزبە سیاسییەكانی كوردستان لەئاست خزمەتكردن بە بەرژەوەندییەكانی تاكی كورد لەدووریانی مانەوەیان لەنێوان دەنگدان و دەنگنەدان مانەوە. زۆرێک لەو خەڵكانە وەک ئەو عاشقەیان لێهات كە بۆ زانینی ئاستی خۆشەویستی ئەو كەسەی كە خۆشیدەوێت گوڵێكی لەدەست دەگرت و دەستی بە لێكردنەوەی یەک یەكی پەڕەكانی دەكرد، بۆ ئەوەی بەو ئەنجامە بگات كە دەیەوێت دواپەڕی ئەو گوڵە پێی بڵێت.

بەڕای من، هەڵبژاردنی ئەمجارەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە ٢٠١٠/٣/٧، و دابەزینی كورد بە چوار لیستی جیاواز و هەبوونی لیستی كراوە كە هەنگاوێكی دیموكراسی نوێیە لەئەزمونی هەڵبژاردنەكانی عێراق تا رادەیەک تاكی كورد لەو دوودڵییە رزگار و یەكلایی دەكاتەوە. كرانەوەی ئەو لیستانەش بۆ دەنگدەرانی كورد ئەمجارە دوو خاڵی ئەرێنی لەخۆدەگرێت، كە یەكێكیان بریتییەلە: دەرفەتێک بۆ زانینی تواناو لێهاتوویی و رابردووی ئەو كاندیدەی كە دەبێتە نوێنەری كورد لە پەرلەمانی بەغدا، خاڵی دووهەمیش ئەوەیە كە دەنگدەر ئەمجارە لەسەر ئاستی لێهاتوویی كاندیدەكان دەتوانێت دەنگ بەو لیستە بدات كە بەنوێنەری خۆیی دەزانێت. ئەمە جگە لەوەی دابەزینی كورد لەچوارچێوەی ئەو چوار لیستەو هەبوونی هێزی ئۆپۆزیسیۆن لەهەڵبژاردنی ئەمجارە دڵنیاییەک بەخەڵكی كوردستان دەبەخشێت لە گەرەنتی كاركردن بۆ پرسە نەتەوەییەكان و پێداگرتنی ئەم لیستانە لەسەر ئەو خاڵە گرنگانەی كە كورد لەپەرلەمانی پێشوودا نەیتوانی مسۆگەریان بكات و ئاستی بەرپرسیارێتی ئەمجارە دابەش دەبێت بەسەر هەر چوارلیستی كوردستانی، خەڵكی ئەمجارە وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانەی دەست دەكەوێت كە تائێستا سەبارەت بە چارەسەرنەكردنی پرسە نەتەوەییەكان و بەتایبەتی ماددەی ١٤٠، ئاراستەی دەسەڵاتی كوردییان كردووە، بەڵام بێ وەڵام ماوەتەوە.

ئەوەی جێگای خۆشحاڵییە بۆ ژنی كورد بەشداریكردنی رێژەیەكی زۆری ژنانە لەهەڵبژاردنی ئەمجارە كە رێژەكەیان دەگاتە ١٦٤ كاندیدی ژن و لەچوارچێوەی سیستەمی كۆتا رێژەی ٢٥٪ی ژنان دەستنیشان دەكرێن، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە كە لەو رێژەیە هەموویان كاندیدی بەتواناو لێهاتوون بۆ هەڵگرتنی ئەو بەرپرسیارێتییەو هاوكات ئەم حاڵەتە لەنێو كاندیدە پیاوەكانیشدا هەر وایە. راستە كۆتا، بۆ ئەو وڵاتانە دانراوە كە تێیاندا رێژەیەكی كەمی ژن لە پرۆسەی سیاسیدا بەشداری دەكەن، بەڵام ئەمەش وادەكات لەنێوان چەندایەتی و چۆنایەتی ئەو كەسانە ئەو ژنانە دەستنیشانی بكەین كە بەڕاستی دەبنە نوێنەری ژنانی بەشخوراو و بەشمەینەتی كورد، بۆ ئەوەی ئەو ئەزموونەی كە پێشتر لەپەرلەمانی كوردستان و تائێستاش هەمانە سەبارەت بە لاوازی ئەدای ژنان لەپەرلەمان دووبارە نەبێتەوە. هیوادارم دەستنیشانكردنی كاندیدانی ژن بەپێی ئەو سیستەمە، لە پەرلەمانی ئەمجارە دوور بێت لەخزمایەتی و ئیمتیازاتی شەخسی و لەسەر ئاستی تواناو لێهاتوویان لەلایەن حزبەكانەوە كاندید بكرێن، بۆ ئەو شەڕانەی كە لەپەرلەمانی عێراقی چاوەروانمان دەكات و بتوانن لەناخی ئازارو مەینەتییەكانی ژنانی ئەنفال و شەهید و پەككەوتەكانی كیمیابارانی هەڵەبجە دەنگیان هەڵبڕن و داكۆكی لەبەرژەوەندییەكانیان كورد بكەن.

www.netewe.com